





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ناميلكەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی؛ ٢٣

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتوویژو نووسەران سەبارەت ڕاپەڕینی(ژن، ژیان، ئازادی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەراسەری ئێران کە پێشتر لە ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بڵاو کراونەتەوە.

منیش ئەم کۆکراوەیە لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

سپاس و پێزانین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە.

کۆی نامیلکەکە ١٤٠ لاپەڕەوەو ٣٤ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست


١- سروودی سروودەکان، سروودێکی ناتەواو ........................................ شەهلا دەباغی(باران) ..... ٥
٢- هەڵات'نەوەی کوردستان لە شۆڕشی ژینادا ........................................ سمایل شەرەفی ..... ٧
٣- لە بازنەی تاجی شا و شاقەلی خومەینی دا ........................................ هاوار بازیان ..... ١١
٣- لە پێناو بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتیماندا! ........................................ هاشم رۆستەمی ..... ١٤
٤- بانگەواز بۆ هاونیشتمانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ........................................ عەزیز شێخانی ..... ١٧
٥- رێگاکان لە خۆمان نەبەستین! ........................................ هاشم رەزایی ..... ٢١
٦- ئەخلاقی ویلایەتی فەقیهی ........................................ کەریم پەرویزی ..... ٢٤
٧- رۆڵ و ئەرکی مامۆستای کورد لە شۆڕشی ژینادا ........................................ ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ٢٩
٨- بۆ دەبێ ڕەزا پەهلەوی بایکۆت بکرێ و هاوکاری نەکرێ؟! ........................................ تاهیر قاسمی ..... ٣٢
٩- لە نیوسەدەی ڕابردودا ........................................ ئارەزو قادری ..... ٣٥
١٠- سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە پێکەوەبوون و ڕێکخستن هەیە ........................................ سۆران شەمسی ..... ٣٧
١١- مستەفا هیجری: خەڵک بەئاشکرا گوتویانە کە "شێخ" و "شا"یان ناوێت ........................................ بی بی سی"ی فارسی ..... ٤٣
١٢- سەبارەت بە مەنشووری کوردستان ........................................ عەزیز ماملێ ..... ٥١
١٣- بۆچی کوردستان، بوو بە چاو و چرای ئێران؟ ........................................ سایتی پەیام ..... ٥٦
١٤- فۆبیای ژینا و تۆڵەستێنی لە کچان ........................................ عەلی بداغی ..... ٥٩
١٥- بزووتنەوەی ژینا و سیناریۆکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران: هەڕەشە و دەرفەتەکان ........................................
د. پەرویز ڕەحیم قادر ..... ٦٢
١٦- یەکریزیی ناوماڵی کورد ........................................ عەلی رەزا قادری ..... ٧٤
١٧- ماسی دە گۆمێ دا نافرۆشرێ ........................................ کەمال گرویسی ..... ٧٦
١٨- مەترسییە شاراوەکانی هاوپەیمانی ........................................ جەلیل ئازادیخواز ..... ٧٨




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٩- ٨ی مارسی ئەمساڵ جیاوازە! ........................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٨٣

٢٠- ناتوانین هاوکاریی کەس و لایەنێک بکەین کە هیچ شتێکی بۆ کورد پێ نییە ................ کەماڵ کەریمی ..... ٨٦

٢١- دەبێ چ بکەین و چۆنی بکەین؟ .................................................... حەسەن شەرەفی ..... ٨٩

٢٢- باس لە تەمامییەتی ئەرزی دژایەتیی جەوهەریی لەگەڵ ڕوحی شۆڕشی ژینا هەیە ............ خالید عەزیزی ..... ٩٣

٢٣- شۆڕشی ژینا، مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژاوا ................................ محەممەد حوسێنزادە ..... ٩٦

٢٤- شۆڕشی ژینا و هاوتەریب بوونی لەگەڵ ٨ی مارس ..................................... دیبەیت: ئاسۆ مینبەری .....١٠١

٢٥- ژن، ژیان، ئازادی" بووەتە دارتەرمی مێژوویەک ........................................ دارسمە ..... ١٠٧

٢٦- پیلانێکی دیکەی دەسەڵات ................................................................ ئاسۆ مینا ..... ١١٠

٢٧- بیوتێرۆریزم دژی کچان و ژنان ........................................................ سۆران شەمسی ..... ١١٣

٢٨- خەزانی دیکتاتۆر ........................................................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١١٨

٢٩- گەڵاڵەیەک بۆ داهاتوو .................................................................. ئاگری ئیسماعیلنژاد ..... ١٢١

٣٠- سیاسەتی گەلی و نیشتمانتەوەر ........................................................ ئەلبورز ڕۆئین تەن ..... ١٢٥

٣١- ئەو جۆرەی گەل دەیهەوێ ............................................................... تاهیر قاسمی ..... ١٢٨

٣٢- لێ دەدا و هاواریش دەکات ............................................................. عەلی بداغی ..... ١٣١

٣٣- شلێر باپیری: دیدارەکە مەبەستی بوو کە بتوانێ لایەنە جیاوازە سیاسییەکان لەگەڵ ئێلیتەکان کۆبکاتەوە
.......................................................................................... وتووێژی قەندیل پرێس ..... ١٣٤

٣٤- عومەر ئیلخانیزادە: ئێمە لە کولییەتدا کوتومانە کە ئێرانێکی فیدڕاڵ، سکولار و کۆماریمان دەوێ ........................
.......................................................................................... وتووێژی قەندیل پرێس ..... ١٣٦





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سروودی سروودەکان، سروودێکی ناتەواو



شەهلا دەباغی(باران)

شۆڕشی ژینا بە درووشمی "ژن ژیان ئازادی" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پرکێشەدا خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی و سروودی سروودەکان(١) و تا ئێستا باڵاترین سروود و ئینسانیترین جوڵانەوە بووە بۆ ڕزگاری ئینسان لەدەست کوێلەتی. بەڵام ئەم سروود و جوڵانەوەیە هێشتا ناتەواوە. جوڵانەوەی ژینا دیسکۆرسێکی نوێیە لەسەر چەند ئەستوندەکی سێکولاریزم، ئازادی، دادی کۆمەڵایەتی، یەکسانی جێندێری، مافی چارەی خۆنووسین و ڕزگاری لە سیستیمی کۆلۆنیالیستی. هەرچەند ژنان، نەتەوەکانی ژێردەست و گەنجان و زەحمەتکێشان لە شەقامن، بەڵام هێشتا نوێنەران **representant** ی ئەم چینانە بۆ پێشبردنی خەبات لە ڕێبەریدا نین. دوای چەند مانگ تێپەڕین لە جوڵانەوەی ئینتێرسێکشنالی ژینا هێستا ڕێبەری و مێکانیزمی جوڵانەوەکە بەدەست ئێلیتی چینی سەرەوەی ناوەندنشین و پیاوانە کە مێدیاکانیان بەدەستە و خەریکن ڕەوتەکە بقۆزنەوە.

جوڵانەوەی ژینا و درووشمی "ژن ژیان ئازادی" بەشێوەیەکی ئەرێنی بە ڕووداوێکی نوێ و گرینگی مێژووی ئینسانی و ڕێنێسانسێکی جیهانی دادەندرێ. بەرخۆدانی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەسەر شەقامەکان بە سەدان شەهید و بریندار دەکرێ لەگەڵ "ڕێنێسانس" و "شۆڕشی مەزنی فەڕانسە" بەراورد بکەین. بەڵام تایبەتمەندی "یەکسانی خوازی جنسییەتی" لە شۆڕشی فەرانسەدا ون بوو. هاوکات شۆڕشی ژینا شۆڕشێکە بۆ ڕزگاری لە دەسەڵاتی ئایین و خۆڵقانی ڕووحێکی شۆڕشگێرانەی دژەکۆلۆنیالیستیی ڕزگاریخواز لەلای تاکی کورد بۆ ڕزگاری کورد لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی. لەم بەرخۆدانە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردانەیەدا لە هەموو شت گرینگتر ڕزگار بوونی سووژەی کورد (بە ژن و بە پیاو (لە هێژمۆنی باڵادەستە. ئەوسا کە سووژەی کورد دەروونی خۆی لە زنجیری ئیدئۆلۆژی باڵادەست و ناوەندمیحوەر ڕزگار دەکا و دەگاتە ساتی ڕزگاری. ئیدیۆلۆژییەک کە لەسەر بناخەی ڕاسیزم، دەسەڵاتی دینی و نێرسالاری دامەزراوە و سەدساڵە بەناوی مۆدێرنیتە کوردی ژێردەستەی خۆی کردووە و دەیچەوسێنێتەوە.

کاتێک باس لە ڕێبەری ناوەندمێحوەر دەکەین دەبینین کە تەنانەت ژنانێکی وەک مەسیح عەلی نژاد و نازنین بونیادی دەرکێکی دروستیان لە کێشەکانی کورد و بەلووچ و... نییە و پرسەکان تەنیا بە دێمۆکراسی و مافی هاووڵاتی دەبەستنەوە و دەکەونە مەیدانی هەمان پارادیمی "تمامیت ارضی ایران". شتێک کە بۆ سەرکووتی نەتەوەکان لەم سەد ساڵەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە و گەیشتن بە جۆرێک لە سەروەری سیاسی بۆ کورد بەڕەسمییەت نەناسیوە. بەڵێ، ژنانی ناوەندنشین و پەروێزخراو خاڵی هاوبەشییان هەیە واتە ڕزگاریی جنسییەتی لە حکومەتی ئایینی و گەیشتن بەئازادی و جیایی دین لە سیاسەت، بەڵام ژن و پیاوی کورد لە شۆڕشی ژینادا تەنیا گەیشتن بە ئازادی و سێکۆلاریزم ئامانج نییە، بەڵکوو خەڵک بۆ ئامانجێکی دیکەش ڕژاونەتە سەر شەقام: دارِنینی سیستیمی کۆلۆنیالیستی. ژنی کورد لەژێر چەندین سیستیمدا دەچەوسێتەوە: یاسا و نۆرمەکانی حکومەتی ئیسلامی شیعی، سیستیمی پیاوسالار - نێرسالار، سیستیمی کۆلۆنیالیستی کە چەندقات دژی ژن و پیاوی کوردە. فێمینیستی باڵادەست ئەو "چەندتوێژی"یە نابینی. تەنیا ڕوانگەیەکی ئینتێرسێکشنال دەتوانێ هەموو توێژەکان بێنێتە ژێر ڕەخنە و شیکردنەوە.

١- سروودی سروودەکان ئاماژەیە بە Song of the songs لە ناو کتێبی تەورات و ئینجیل دا.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر = ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "هەڵات"نەوەی کوردستان لە شۆڕشی ژینادا



سمایل شەرەفی

شوێنی دەستپێکی شۆڕشی ژینا و ڕۆڵی کورد لەم بزووتنەوە جەماوەرییە گشتگیرەدا جێگە و پێگەیەکی بەرزی سیاسیی بە بزووتنەوەی کورد لە ئێران و حیزبە سیاسییەکانی بەخشی. ئەوەی لە کوردستان ڕووی دا و دروشمی شۆڕشێکی مودێڕن و ئەمرۆیی لەژێر ناوی "ژن، ژیان، ئازادی"ی لەسەر بنیات نرا، بزووتنەوەیەکی سیاسیی بەتەنیا نەبوو، بەڵکوو وێناکردنی گۆڕانکارییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی - مەدەنی بوو کە حەق وایە شارەزایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

ڕەفتاری کۆمەڵگەی کوردستان لە شۆڕشی ژینادا بە حوکمی ڕیشەداربوونی لە بزووتنەوەیەکی ڕەوای نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانەدا کە بناوانی بۆ کۆمارە مەزنەکەی کوردستان بە سەرۆککۆماریی پێشەوا قازی محەممەد دەگەڕێتەوە، هەڵگری کۆمەڵێک پەیام بوو کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکرێ؛

### ١- جەماوەریبوونی شۆڕشی ژینا لە کوردستان

بە بەراوەرد لەگەڵ گەورە شارەکانی ئێران بە تارانی پێتەختیشەوە، ئاستی بەشداریی خەڵک لە شارەکانی کوردستان زۆر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر و بەرچاوتر بوو. لە کوردستان لەگەڵ ئەوەیکە لە ڕۆژانی یەکەمدا ئەوە لاوان بە کچ و کوڕەوە بوون کە لە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانەوە بوون، زۆری نەخایاند کە لە زۆربەی نزیک بە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری، پەیوەست بە شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکان بوون. لەم نێوەدا و بە هاتنە مەیدانی قوتابییان و مامۆستایانی ئایینی کە لە هەموو شارەکانی کوردستان بەکۆمەڵ پشتیوانییان لە ڕاپەڕینی خەڵک کرد، شۆڕشی ژینا لە کوردستان زیاتر مۆرکی جەماوەریبوونی بە خۆوە گرت.

کاتێک کە دەسەڵاتی سەرکوتکەر لە گشتگیربوونی شۆڕشەکە ترسی ڕێ نیشت، بە پانەوە هێرشی کردە سەر شەقامەکانی کوردستان و بە تەقەی ڕاستەوخۆ بە سەدان کەس لە خۆپێشاندەرانیان شەهید و بە سەدان کەسی دیکەیان بریندار کرد و بە هەزارانیان ڕەوانەی بەندیخانەکان کرد. بەڵام خەڵک نەتەنیا کۆڵیان نەدا، بەڵکوو ڕێوڕەسمی ناشتن و یادکردنەوەی شەهیدەکانیان بۆ بەجەماوەریترکردنی شۆڕشەکە کردە دەرفەت و بەگژ خامنەیی و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەیدا چوونەوە.

٢- کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو

ئاکامی دەیان ساڵ خەباتی سیاسی - تەشکیلاتیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها ڕۆڵ و کاریگەریی ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەسەر ڕەفتاری خەڵکی کوردستان لە شۆڕشی ژینادا بۆ جارێکی دیکە بە ڕوونی خۆی دەرخست. کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو، زیندوو و هاوئاهەنگ هەر زۆر زوو توانی خۆی ئۆرگانیزە بکات. لەگەڵ متمانەکردنی خەڵک بە حیزبە سیاسییەکان و بەدەنگەوەهاتنیان بۆ بانگەوازی مانگرتن و چۆنیەتیی بەشداریکردن لەم شۆڕشە، کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر ئەساسی ڕێکخراوبوونی زەینی، خێرا و دەستوبرد بە هەستکردن بە ئەرکوەخۆگریی هەر تاک و کۆمەڵ و توێژێکی دیاریکراو، بە شێوەی عەینی و بەرهەست خۆی ڕێک خست. ئەم خۆڕێکخستنە کە یەکێتی و یەکگرتوویی لەسەر بنیات دەنرێ، هەر زوو توانیی کوردستان بکاتە خاوەنی ئەو هێز و پۆتانسیێلەی کە لە ئاستی ئێراندا هەم لە فۆرم(شێوەکانی نارەزایەتی دەربڕین و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان) و هەم لە نێوەرۆکدا(داهێنانی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی دیکەی وەک سیکۆلاریزم، پێداگری لەسەر ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و داخوازیی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران و...) ببێتە نموونە و پێشانگایەتیی شۆڕشی ژینا بکات.

بێگومان خەسڵەتی ڕێکخراوبوون و ڕەفتاری یەکگرتووانەی خەڵکی کوردستان کە بە درێژایی لانیکەم مێژووی درووستبوونی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی هەوڵی سەرکوتکردن و لە پاشکەوتوویی‌دا ڕاگرتنی دراوە، بۆ ئەو مەعریفە سیاسی و کلتوورییە دەگەڕێتەوە کە نەتەوەی کورد لە پێناو وەدەستهێنان و پاراستنیدا گیان و ماڵی بۆ بەخت کردووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

### ٣- کوردستانی دەرفەت بۆ ئاشتەوایی و پێکەوەژیان

بە پێچەوانەی ئیدیعای بێبنەمای هەڵێنجراو لە دوو ئەقڵیەتی "کۆنەپەرەستی تەواویەتخوازی کۆماری ئیسلامیی ئێران" و "ئەوەی تر قبووڵنەکردنی ناوەندگەرای ئێرانی"، کورد وەک میللەتێک کە بۆ وەدەستهێنانی مافە ئینسانی و سیاسییەکانی خۆی خەبات دەکات، بەردەوام پەیامی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی داوە.

هەر دوای بڵاوبوونەوەی دروشمەکانی "ژن، ژیان ، ئازادی"، "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" و گەیاندنی پەیامی پشتیوانی لە هەموو خەڵک و نەتەوەکانی ئێران، خەڵکی ڕاپەڕیو لە بەلووچستان، تەورێز، تاران، مازندەران و... بە دانی دروشمی جۆراوجۆر پشتیوانیی خۆیان لە کوردستان ڕاگەیاند. ئەوان بە دروستی پەیامی یەکگرتووخوازی و پێکەوەژیانی خەڵکی کوردستانیان بیست بۆیە کەوتنە پشتیوانیکردن لە کوردستان و هەر ئەم لێکتێگەیشتنەی نەتەوەکانی ئێران و ئاڵوگۆڕی پەیامەکانیان و پشتیوانییان لە یەکتر، کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تووڕە کرد. سپای پاسداران بۆ تێکدانی ئەم هاوپێوەندییە و بەلاڕێدابردنی بیر و زەینی نەتەوەکانی دیکە لەسەر کورد کەوتە پیلانگێڕی و هاوکات لەگەڵ تۆمەتی "تجزیەطلب"بوونی کورد و بە "تێرۆریست" ناوهێنانی حیزبە خەباتکارەکان و هێرشی درۆنی و مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان، پیلانی ئەوەی بەدەستەوە بوو کە کوردستان تووشی شەڕێکی دیکە بکات.

بەڵام وەک بینیمان بەخۆشییەوە نەتەنیا دوژمن نەیتوانی ئەم پیلانە بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان بگەیەنێتە ئەنجام، بەڵکوو خەڵکی کوردستان زیاتر لە هەمیشە متمانەی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی بۆلای خۆی ڕاکێشا و پێداگریی لەسەر پێکەوەبوونێکی ئارەزوومەندانەی پڕ لە ئاشتەوایی لەگەڵ سەرجەم پێکهاتە ئێتنیکییەکانی ئێران کردەوە.

### ٤- کوردستان و بەرزاییەک لە ئاستی شعووری نەتەوەیی

تێکەڵبوونی ویستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەسڵەتی ئینسانی و دادپەروەرانە، ماهییەتێکی پێشکەوتنخوازانەی مودێڕنی بە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئەم نیشتمانە بەخشیوە. ئەم نێوەڕۆکە دێموکراتیکەی ویستە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، هەمیشە پەرژینێکی قایم و پتەو بووە دژ بە دوگماتیزم و ڕەگەزپەرەستی و ئەوی تر بەکەمزانین.

ڕەفتاری خەڵکی کوردستان لە شۆڕشی ژینادا سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە؛ ئەقڵییەتی حاشالێکردن، بەکەمزانین،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەواوییەتخوازی و سەرکوتکاریی نەتەوەی باڵادەست - کە زیاتر لە سەد ساڵە خۆی - بەزۆر - بەسەر کورد و نەتەوەکانی دیکەدا فەرز کردووە - نەیتوانیوە کار لەسەر دابەزاندنی شعووری دێموکراتیک و ئینسانگەرابوونی کورد بکات. کورد وەک نەتەوەیەک کە لە خۆیدا خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جوراوجۆری جیاوازە، لەگەڵ پاراستنی ئەم خەسڵەتانە، داخراو لە گۆڕانکاری و بەڕۆژبوونەوە نییە و نەبووە.

لە شۆڕشی ژینادا لەگەڵ ئەوەیکە کوردستان بە هێما و دروشم و ویستە تایبەتییەکانی خۆیەوە، داکۆکیکارێکی لێبڕاو و جیدی لە مافە نەتەوایەتییەکانی بوو و هاواری لەگوڕنانی فاشیزمی لە خۆیدا بەرز کردبۆوە، هاوکات داکۆکیی لە مافی نەتەوەکانی دیکە و یەکسانی و بەرانبەری بۆ ژنان و پیاوان دەکرد.

شۆڕشی ژینا نەتەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ هەموو گەلانی ئێران دەرفەتێکی مێژووییە کە بتوانن وەک سەرفەسڵێکی مودێڕن لە گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیاندا کەڵکی لێ وەربگرن. بێگومان ئەم شۆڕشە لە ئێستادا لە هەستیارترین قازدایە کە هەر وەک لە نیوەڕۆکی شۆڕشەکەدا دەکرێ هەستی پێ بکرێ، بۆ بەئەنجامگەیاندنی پێویستی بە جیهانبینییەکی دێموکراتیک و مودێرن لە سەر ئەساسی بەڕەسمییەت ناسینی فرەیی و جۆراوجۆرییەکان و بەشداریکردنی هاوبەش هەیە.

لەم پێوەندییەدا کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبە خەباتکارەکانی وەک تا ئێستا سەلماندوویانە، لەپێناو وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە مەزنەدا ویڕای هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی و هاوئاهەنگیی نێوان هێز و کەسایەتییە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان، دژ بە هەر بیر و کردەوەیەکی نادێموکراتیک، فاشیستی و تەواویەتخواز ڕادەوەستێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٨ی ڕەشەمەی ١٤٠١ = ٢٧ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە بازنەی تاجی شا و شاقەلی خومەینی دا



**هاوار بازیان**

پرسیارێکی ئەم ڕۆژانە ئەوەیە ئەگەر کورد هاوکار بێ لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، چ دڵنیاییەک هەیە کە تووشی نیو سەدە گەڕانەوە بۆ دواوە لە مێژووی خەباتی خۆی نابێ بەتایبەت کە ئەگەری گەڕانەوەی ڕەگەزەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی لانیکەم بە رواڵەت لاواز نین. کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردی نەیاری دەسەڵاتی تاران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەیان گەیاندووە کە ئامادە نین و ناچاریش نین لە نێوان دوو خراپدا، خراپێک هەڵبژێرن. ئەو هەڵوێستەی کورد لۆژیکی سیاسیی تێدایە، بەڵام ئەگەر بناخەیەکی پتەو و خوێندنەوەیەکی ورد و بەپلانی نەبێ، ڕەنگە بەحوکمی کات و خێرایی ڕووداوەکان دواجار ملکەچی دەسەڵاتێکی سەپاو و دیفاکتۆیەکی سیاسی و مێژوویی بێ.

لێرەدا لە سێ ڕوانگەی ناوەخۆی کوردستان، ئێران و نێودەوڵەتی بەکورتی باسی ئەو پلان و کارانە دەکەین کە پێویستە کورد جێبەجێی بکا تا لە شۆڕش و گۆڕانکارییەکانی ناوەخۆ پاشگری سیاسیی هیچ هێز و نەتەوەیەکی تری ئێرانی نەبێ و بەرامبەرەکەی ئاگادار بکاتەوە کە لە شۆڕشی پێشووتری گەلانی ئێرانی ئەزموونی وەرگرتووە و ڕێگە نادات مێژووی سووتاو خۆی دووبارە بکاتەوە. قوورساییی سیاسی دەکەوێتە سەر ئەو بەشەی کە بتوانین ناوەخۆ و دنیای دەرەوەش تێبگەیێنین کە خواستی کورد، سیستەمێکی ئازادی سیاسییە کە تێیدا سەرچاوەی هێز و دەسەڵات هەمان خەڵکی کوردستان خۆیەتی و جارێکی دیکە ناوەندگەرایی قبووڵ ناکاتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## یەکەم: ناوەخۆی کوردستان

بەهێزترین و کاریگەرترین دەنگی ئێمەی کورد بەرامبەر هەر هێزێک لە تاران و دەرەوەی ئێران، خەڵک و کۆمەڵگەی کوردەواریی خۆمانە. لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی زیاتری هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی سیاسیی کۆمەڵگەی ناوەخۆی ڕۆژهەڵات کە دوژمن زۆری لێ نیگەرانە، بەرەی هەر پێشەوەی سیاسیی خۆمان بۆ دابینکردنی مافەکانی کورد لە ئێرانی ئێستە و دوای کۆماری ئیسلامی بەهێز دەکەین. کاتێک لە گەرمەی شۆڕشدا لە کۆڵان و مەیدانەکانی کوردستان دەنگی "بژی کورد و کوردستان" دەکەوێتە بەرگوێی نەتەوەکانی تر بە فارسیشەوە، جگە لەوەی خوێنی تازەی نەتەوەیی بە جەستەی لاوی کورد دەبەخشێ، ئەو پەیامەش دەدات کە شەڕی ئێمە بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە پێناوی مافی نەتەوەییدایە نە کەمتر. پێویستە هێز و لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی یەکخستن و ئاراستەکردنی خەڵک لەسەر خواستە نەتەوەییەکان کار بکەن بۆ سەپاندنی ویست و چاوەڕوانییەکانی کورد لە ئێستا و داهاتووی ئێراندا.

قووڵکردنەوەی ئاستی داوای خەڵک بۆ مافە نەتەوەییەکان، ئەوەندەی خەباتی کورد چالاکتر رادەگرێ، نەیار و لایەنی بەرامبەریش ناچار دەکا پێداچوونەوەیەک بە قورسایی کورد و بۆچوونی خۆیدا بکا.

## دووەم: ئێران

هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی کە زیاتر لە دەرەوەی ئێرانەوە کار دەکەن تا ئێستەش پلان و ستراتیژییەکی ڕوونیان بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی نییە. نەبوونی نەخشەڕێگەکی ڕوونی ئەوان کە زیاتر لەلایەن کوڕی شاوە نوێنەرایەتی دەکرێن، دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی کورد بەنیشاندانی هێز و تواناکانی خۆی لە بۆ نموونە سیاسی، کاری ڕێکخراوەیی و هێزی جووڵاندنی خەڵک لە ناوەخۆ و دەرەوە بەشێکی زۆر لە داواکانی خۆیان بسەپێنن. ڕاستییەکی ئاشکرایە کە سەرکەوتنی هەر هەوڵێک بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بەبێ هاوکاریی نەتەوەکانی تری ناو ئێران سەرناکەوێ. ئەگەر هۆکاری شەڕ و هێرشی دەرەکی لەبەرچاو نەگرین کە ئەویان باسێکی جیاوازە، سرووشتی سیاسیی ئێستەی ئێران بەشێوەیەکە هیچ کام لە نەتەوەکان بەتەنیا ناتوانن دژی کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە. کاتێک باسی ڕووخانی ڕێژیم دەکەین، فەزای سیاسیی ناوەخۆ و دەرەوەش بەرهەم و دەرهاویشتە ئەو یەکبوونەیە. واتە سوودوەرگرتن لە لاوازیی و پەرتەوازەیی ئێرانییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی و هاوکات بەکارهێنانی تواناکانی کورد لە کوردستان و مانۆڕی سیاسی بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ هێزەکانی تری ئێران بەهێزەوە مامەڵەی سیاسی بکرێ و زیاترین داوا و مافی کورد لە ئێرانی داهاتوودا دەستەبەر بکرێ. گرینگە هەر جۆرە ڕێکەوتن یان پەیمانێک بە بەڵگە بێ و ڕەگەزی ئیجرایی تێدابێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سێیەم: نێودەوڵەتی

وڵاتان و بەتایبەت ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکدا بەخێرایی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێناسە و دەستنیشان دەکەنەوە و بەپێی ڕووداوەکان هەوڵی زیاترین ئاستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دەدەن و ئەوە شتێکی سەیر و تازە نییە، بەڵام بۆ کورد ئەو بەشەی گرینگ و تازەیە کە بەپێچەوانەی شۆڕشی پێشووتری گەلانی ئێران (١٣٥٧ هەتاوی)، بەرژەوەندیی ڕۆژئاواییەکان لای یەک هێز و لایەن بوو کە ئەویش خومەینی ڕێبەرایەتیی دەکرد. هەر بۆیە ڕۆژئاوا کەمترین بەرەنگاریی کرد لەوەی بەربەستێک بۆ چۆنیەتیی گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران دابنێ و ئەم ئیمتیازە بەردەوام بوو تا ڕووداوەکانی دواتری سەرکووتی سەرجەم نەیارانی بیری ئیسلامیزەکردنی شۆڕش و شەڕ و توندوتیژی بەرامبەر کوردستان. ئێستە ئەو وڵاتانە لە کورد نێزیکترن و کوردیش زیاتر و ئاسانتر لە جاران دەتوانێ ئەو پەیامە بە وڵاتان بدا کە بەرژەوەندیی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پاڵپشتیکردنی پرسی کورد لە ئێران پارێزراوتر دەبێ. بەواتەیەکی تر ئەو وڵات و ناوەندانەی بڕیاری نێودەوڵەتی کە کاریگەرییان هەیە لە ویست و داواکانی خۆمان ئاگادار بکەینەوە و بەهاکانی خۆیان وەک بەڵگە بێنینەوە کە دیمۆکراسی، مافی گەلان، مافی مرۆڤ و جۆرەکانی ئازادییە. هەوڵ بدەین دۆخی خۆمان و چاوەڕوانییەکانی گەلی کورد لە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی لە ئێران ڕوون بکەینەوە. لەو بەشەدا زۆر گرینگە بەرژەوەندییەکانی وڵاتان بناسین و لە ئاستێکی ڕەسمی تێکەڵ بە خواستەکانی کوردیان بکەین، بەجۆرێک کە ئەگەر هێزێکی تری ئێرانی بەڵێنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانیان لە کوردستان دا، ئەوە کورد پێشتر پەیامی ئەوەی گەیاندبێ کە بەرژەوەندیی هەر وڵات و لایەنێک لە کوردستان بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندیی کورد کە لەسەر ئەو خاکە دەژی. ڕاکێشانی هێزەکانی تری ئێرانی و تێکەڵکردنیان بە هەڵوێست و ڕوانگەی وڵاتان بۆ ئێران یان ناوەندەکانی نێودەوڵەتی هۆکارێکی گرینگ دەبێ لەوەی بتوانین هێز و لایەنی زیاتر بەرپرس بکەین لەوەی دۆخی کورد لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی هەمان دۆخی پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا نابێ. بوونی بەڵگەیەک یان ڕێککەوتنێکی فەرمی لەوبارەیەوە گرینگە.

## ئەنجام

لە پەنا ئەو ٣ ڕێکارەدا، دەیان هۆکار و ڕێگەی دیکە لە هەردوو ئاستی ناوەخۆ و دەرەکیدا هەیە بۆ ئەوەی نیگەران نەبین ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕووخا، مێژووی کوشتار و سەرکووت بۆ کورد لە ئێران دووبارە دەبێتەوە و هەست بە دۆڕانی سیاسی نەکەین. بەهێزبوونی کورد لەناوەخۆ گرینگترین هۆکارە و دەکرێ لایەنی پێگەیاندنی تاکی چالاک و هۆشیار و پێشڕەوی سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا وەک سەرمایەی سیاسی ببینین کە بەهۆیەوە کوردێکی بەهێز لە مەیدانی ڕووداوەکاندا درووست دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکان کاری زیاتری سیاسی و ڕێکخراوەیی و بەردەوام لەسەر هۆشیاریی نەتەوەیی تاکی کورد



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بکەن کە مەبەست ئەوەیە کوردبوون شانازی و هێڵی سووری ئەم میللەتە بێ بۆ ئەوەی پەیامێک بێ بە هەردوو ڕژێمی ئێستە کە لەسەر کارە و هەروەها پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو کە جارێک ڕووخاون. لە بازنەی سێیەمدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکار بێنین بۆ ئەوەی پێیان بڵێین لە سەدەی ٢١ـەمدا مافی ژیانی ئازادمان دەوێ و دڵنیایان بکەینەوە بەرژەوەندیی هیچ وڵاتێک لە کوردستان ناکەوێتە مەترسی ئەگەر کورد وەک نەتەوەیەک و تەنانەت بەپێی ئەو بەها سیاسییانەی خودی ڕۆژئاوا بڕوای پێیە بتوانێ لەسەر خاکی خۆی بە سەربەرزی بژی. کارکردن لەسەر ئەو ٣ ڕێکارە ڕەنگە بتوانێ لە ئاستی نیگەرانیی کورد لە ئێران کەم بکاتەوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕووخا و باجی ئەو ڕووخانەی بە خوێنی هەزاران کورد دا، دەستکەوتێکی دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

## لە پێناو بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتیماندا!



**هاشم ڕۆستەمی**

هەموو لایەکمان دەزانین کە لە هەل و مەرجێکی ئاستەم و چارەنووس ساز داین. هەر هەنگاوێکی باش، هێز و گوڕی خەباتکاریمان بە گوڕتر دەکات و پێچەوانەکەشی، هەر جۆرە بێ دیققەتی و کەمتەرخەمیەک لە وانیە توشێ خەساری قەرەبوو نەکراوەمان بکات. مخابن مێژووی ئێمەی کورد پڕە لە لێک دابڕان و یەکتر قبوڵ نەکردن، هەر ئەوەش هۆکارێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرەکی بە ئاکام نەگەیشتنی خەباتی دوور و درێژمانە. دوای ئەو هەموو خەسارەی کە لە شەر و ناکۆکی نێوخۆیی وێمان کەوتووە، ئێستا بە خۆشیەوە چەند ساڵێکە لە راستای لێکتر نزیک کردنەوەی هێز و تواناکانی نێو بزووتنەوەی کوردستانی رۆژهەڵاتدا، ناوەندێک بۆ هاوکاری حیزب و رێکخراوەکانی ئەو بەشەی کوردستان لە سەر بنچینەی پاراستن و کار کردن بۆ بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتیمان دامەزراوە. کە مخابن تا ئێستاش نەبۆتە سەکۆیەک کە هەموو لایەنەکان خۆی تێدا وەبینن. کۆبوونەوەی دوو یا چەند لایەن لە ناوەند یا بەرەیەکدا بەو مانایە نیە کە ئەو حیزبانە لە سەدا سەد وەک یەک بیر دەکەنەوە، وەک یەک رەفتار دەکەن و وەک یەک تاکتیک و ستراتیژی رێکخراوەیی دیاری دەکەن، بەڵکو ئەوەی ئەوانی لە دەوری یەک کۆ دەکاتەوە بەرژەوەندیە گشتیەکانی خاک و نیشتیمان ودابین کردنی مافی کۆمەڵانی خەڵکە. بەڵام دەبێ لە بیرمان بێت کە سەرەڕای ئەو ئەسڵانە، نابێ چاوەڕێ بین کە بە بەشدار بوون لە ناوەند یا بەرەدا، ئیتر هیچ گیر و گرفتێک نامێنێ و دونیا دەبێتە "شامی شەریف" و هەموو بۆچوونە لێک جیاوازەکان یەک دەخرێن و سیاسەتێکی یەک دەست و وێکچوو پەیرەو دەکرێت. چوونکە چ وەک ئەسڵ و چ وەک تاکتیک، دەبێ ئەوەمان سروشتی بێتە بەر چاو کە لەگەڵ پاراستنی بنەماکانی هاوپێوەندی، هەر کام لە لایەنەکان، خاوەنی ڕوناگە و ئیدئاڵێ خۆشیان هەن کە مافی ئەوەیان هەیە خەباتی بۆ بکەن. جگە لەوە دەبێ ئەوەش بەر چاو بگرین کە ئەو ناوەند یا بەرەیەش مافی ئەوەی هەیە کە لە نێو خۆیاندا جۆرێک کار دابەش کردنیان هەبێت و بە گوێرەی زروف و بار و دۆخەکە ئیمکانی مانۆردانی سیاسیان هەبێت. بە تایبەت لەم زروفە پڕ لە تاکتیک و مشت و مرەی ئێستادا کە شۆڕشی ژینا تێدایە و دەیان گرووپ و لایەن و ناوەندی ئێرانی و جیهانی هەر کامەیان دەیانهەوێ بە شوێنداناں لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان، جێ پێیەک بۆ داهاتووی خۆیان لە وڵاتی ئێراندا بکەنەوە. بە وەبەر چاو گرتنی ئەو بابەتە، نابێ زۆرمان پێ ناسروشتی بێت کە جەمسەرەکانی نێو ناوەند یا بەرە، هەموویان هاوتەریب لەگەڵ یەکتر ناچنە پێش. با واش بیر نەکەینەوە کە بەرپەبەرانی حیزب و رێکخراوەکانی نێو ناوەند تاکتیک و سیاسەت نازانن و هەر ئێمەی چالاکی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان شارەزای هەموو بوارەکانین.

بێ گومان ناوەندی هاوکاریش وەک هەر نهادێکی دیکە مادام کار دەکات، گلەیی و رەخنەشی دێتەوە سەر، بەڵام گلەیی ورەخنە جیاوازی زۆرە لەو نائومێدیەی کە لەم چەند رۆژەدا سەبارەت بە ناوەندی هاوکاری لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاو دەبێتەوە. بابەت و نووسراوەکان سنووری گلەیی و رەخنەیان تێپەڕاندوە ولای هێندێک کەس تەنانەت گەیشتۆتە سنووری تێپەڕین لە ناوەند. ئایا ئەو بەرێزانە هیچ کات ئاوڕ وەدوایە دەدەنەوە و بیر لەو سەردەمە شوومە دەکەنەوە کە لە سایەی دووبەرەکی و یەکتر قبوڵ نەکردندا چیمان بە سەر خۆمان و بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان هێنا؟ ئایا بیر لەوە دەکەنەوە کە هەر جۆرە لێکترازان و دوو دەستەگیەکی نێو ماڵی کورد، قازانجەکەی دەچێتە گیرفانی دوژمنانی کورد و کوردستان؟ ئایا لەم کاتانەدا بیر لەوە دەکەنەوە کە ناوەندی هاوکاری بە هەموو کەم و کەسریەکانیەوە نوختەیە هیوای گەلی کورد و شۆرشگێرانی شۆڕشی ژینایە لە کوردستانی رۆژهەڵات؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوڕێیانی بەڕێز! دۆستانی خۆشەویست! لەم سەردەمە هەستیارەدا کە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە یەک دەنگی و خەباتی هاوبەش هەیە، نەک ڕەوا نیە کە بیر لە لێکترازانی ناوەند بکرێنتەوە، بەڵکو لە پێناو بەرژەوەندیە باڵاکانی خاک و خەڵکەکەماندا، پێویستە داوا بکەین کە ئەم ناوەندە بەرفراوانتر بکرێت و هەوڵ بدرێت کە هەموو لایەنەکانی کوردستانی خۆرهەڵات خۆ تێدا ببیننەوە. تەنانەت ئەگەرلە پێناو زیاتر کردنی کۆدەنگی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پێویست بکات دروشمی ئێستای ناوەند، "فیدڕالی بۆ ئێران"، بگۆڕدرێت بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووس، هێشتا کورد لە قازنجە. هوونەری حیزب و ڕێکخراوی بەرپرس و وەڵامدەر ئەوە نیە کە هەموان لەگەڵ خۆی هاودەنگ و یەک ڕەنگ بکات، بەڵکو هوونەر لەوەدایە کە هەم دەنگی جیاواز قبوڵ بکرێ و هەم ئەو دەنگە جیاوازنە لە بازنەیەکدا کۆ بکرێنەوە تا بە یکەوە سرودی نیشتیمانی بڵێنەوە.

بۆیە مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ ناوەند یا بەرەی کوردستانی(ڕۆژهەڵات) بە دروست دەزانم چوونکە بە پێی شناختێک کە لە سەر پێڕەو و پرۆگرامی هێندێک لایەنی سیاسی هەمە، ڕەنگە چ وەک تاکتیک یا وەک ستراتیژی بۆیان زەحمەت بێت کە بێن لە ژێر دروشمی فیدڕالیدا خەبات بکەن. بەڵام لە دروشمی مافی دیاری کردنی چارەنووسدا مەیدانکە بەر بڵاوە و هەموو لایەنەکان دەتوانن خۆی تێدا وەبینن. چوونکە ئەو دروشە بە پێچەوانەی هێندیک ڕوانگە کە پێیان وایە بە مانای سەربەخۆیی دێت، بە مانای دەست ئاوالایی دیت تا بە گوێرەی زروف و سەردەم ئەو شکڵە لە مافی دیاری کردنی چارەنووس دیاری بکەی کە لە بەرژەوەندی گەلەکەتیدا دەبینی.

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم، کە خاڵە هاوبەشەکانمان زیاترن، با لە پێناو بەرژەوەندیە باڵاکانی خاک و خەڵکەکەمان، لە بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی بگوزەرێن و هەوڵ بدەین خاڵە هاوبەشەکان بە هێزتر بکەین و بۆ زەق کردنەوەی خاڵی ناکۆک لێک لە بیانوو نەبین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر = ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریویێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بانگەواز بۆ هاونیشتمانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان



**عەزیز شێخانی**

"هاونیشتمان، لە پێناوی داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆت و نەوەکانی داهاتوو چاوکراوە بە."

چەند مانگ پاش سەرهەڵدانە مێژووییەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دژ بە نیزامی ئاخوندەکان خەریکە دەمامەکەکان دەکەون. درێژەکێشانی شۆڕشی گەلانی ئێران و زۆرتربوونی قسە و دیالۆگ سەبارەت بە داهاتووی ئێران خەریکە بەرە و لایەنەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە. سەبارەت بە درێژەی رێگا وریا بن و رێگا مەدەن بازرگانە سیاسیی و دەرفەتقۆزەرەوەکان سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکان بن و لە دەرەوە و نێوخۆ خۆیان بە خاوەنی خوێن و تێچووی رۆڵەکانتان بزانن. ئێوە خاوەنی راستەقینەی ئەم بزوتنەوەیەن و رێگا مەدەن، حیزب، کەس و چالاکوانە سەیر و سەمەرەکان بە سەر ئێرادە و مافەکانتاندا بازبدەن. ئێمە بۆ درێژەدانی رێگای دژواری ئازادیی و دەستەبەرکردنی مافەکانمان وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەست و دابەشکراو مەحکومین بە رەخنەگریی و وردکردنەوەی ژیرانەی هزر، وتە و کردەوەی هەموو لایەنەکان.

هاوڵاتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە رەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە دۆخەکە باشتر هەڵسەنگێنە و زیاتر لە فرتوفێڵە جیاواز و رەنگاورەنگەکان خۆت بپارێزە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**یەکەم**: کولتووری کاری پێکەوەیی و حیزبایەتیمان لاوازە، بۆیە باشترە لە پێوەندی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردیی و سەرتاسەرییەکان ورد بجوڵێنەوە. باوەڕ بە درووشمەکان مەکەن و تێبکۆشن لە ڕێگای خوێندنەوە، پرسیار و ڕەخنەگرتن زانیاری لە سەر تێڕوانین و سیاسەتی ڕاستەقینەی حیزبەکان وەرگرن. سەنگی مەحەک و تاقیکردنەوەی حیزب و سیاسەتکارەکان دانپێداهێنانی ئەوان بە ویست و داخوازە ڕەواکانتان بێ. ئاگادار بن، کە درووشمی گەورە نیشانەی هێز نییە و هێزی لۆژیک و لۆژیکی هێز لە یەکتر جیابکەنەوە. حیزب و ڕێکخراوە سەرتاسەرییەکان و تەنانەت کوردستانییەکان لە پاڵوێنەی خۆتان تێپەڕینن و ڕێگا مەدەن، کە بە دوو قسەی ڕووت وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانتان بدەنەوە.

**دووهەم**: لە خۆپێشاندان و دیالۆگەکاندا خاوەنی دەنگ و هێڵی سەربەخۆ بن و بە شێوازێکی ڕەشۆکی تێکەڵ بە هیچ بەرەو و دەنگێک مەبن. سیاسەت گەمەی بەڵێنەکان نییە و بەشێکی زۆری ڕاستییە تاڵەکان لە وردەکاریی پرس و بابەتەکاندا شاردراونەوە. بە وتەی جوانکراوی ئەم و ئەو هەڵمەخەڵێتێن و حکومەت، حیزب و تاکەکان بە تەواوەتی لە قەپان بدەن. لە داهاتووی شۆڕشدا هیچ نەتەوە و گەلێکی ئێران ئامادە نییە شەڕی ماف و بەرژەوەندییەکانی ئێمەی کورد بکات و ناچارین لە سەرەتاوە بە وردی هەنگاو هەڵگرین.

**سێهەم**: پشتگیری هەموو لایەک مەکەن و لە دەربڕینی پشتیوانییەکانتاندا ئازا، وریاو وردبین بن. ئەگەر زانیاتان حیزب، ڕێکخراو و یان چالاکێکی چەند ڕووخساری لە ڕێباز و ڕێگا سەرەکییەکە لادەدات، ڕێگای مەدەن زیاتر پێ لە بەرەی خۆی ڕاکێشێ. لە دارشتنی ڕێباز و هێڵە گشتییەکاندا بەشدار بن و بەردەوام چاوتان لە تاران یان دەرەوەی وڵات نەبێ، کە خەت و نیشتانتان بۆ دیاری بکەن. خۆتان بن و ئیرادە بکەن و ڕێگا مەدەن، کە هیچ لایەک ئیرادەتان زەوت بکات. هەموو سمێڵ سوورێک حەمزا ئاغا نییە و هەموو درووشمدەر، چالاک و حیزبێک بۆ ئەوە نابێ، کە متمانەی پێبکەن.

**چوارەم**: سەبارەت بە کۆبوونەوە و کۆنفرانس و سیمینارەکانی دەرەوەی کوردستان چاوکراوە بن. ئەگەر کۆبوونەوە و کۆنفرانسێک، ڕێکخەرە ڕاستەقینەکە و بودجە و تێچووی تەواوی ئاشکرا نەکرا و مژاوی بوو، گومانی لێبکەن. ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ پڕە لە بەهرەو و ڕێژەی کەسانی شارەزا ئەوەندە زۆرە، کە ڕێکخەر و بەشداریکەرانی ئەمجۆرە کۆنفرانسانە هەر دەسکانیان لەدوو ناکەن .بەشێکی زۆری ئەم کۆبوونەوانە بە ڕێنمایی و پشتگریی ئەم و ئەو ڕێدەکخرێن .کەمتر کۆبوونەوەیەکی کوردان لە دەرەوە هەیە، کە تایبەتمەندییەکانی سیمینار و کۆنفرانسێکی ئاسایی و زانستی هەبێ. بەشێکی زۆریان بۆ خۆدەرخستنن و دڵنیابن، لە هەموو قاوەخانە و ماڵێکدا ئەو پرسانە باشتر لە کۆنفرانسەکان تەتەڵە دەکرێن.

**پێنجەم**: ناوی گەورەی کۆمەڵ و ڕێکخراوە کولتوورییەکانی دەرەوەی کوردستان لە ئورووپا، ئەمریکا و ئۆستراڵیا لە بێژینگ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بدەن. بەشێکی زۆریان ناوێکی گەورە و شارێکی وێرانن. لێرە سازکردنی کۆمەڵ و ڕێکخراو زۆر ئاسانە و بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە کولتوورییەکان پاش ماوەیەک لە ناوێک زیاتر نین .کوردەکان زیاتر لە ١٠٠ ساڵە ئەم ڕێگایە دەپێون و بەشێکی زۆر لەو ڕێکخراو و کۆمەڵانە بۆ دەرکەوتنن و بە کردەوە بۆ چاوەڕوانی نابن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵگەکەمان بەم وردە ڕێکخراوانە بە هیچ ئامانجێک ناگات و باشترە لە نێوخۆدا کار بکرێ.

**شەشەم**: لە ڕۆژئاوا کار بناخە و کۆڵەکەی سەرەکی ژیانە. دەرکەوتنی زۆر و بەردەوام لە مێدیا کوردیی و فارسییەکاندا هونەر نییە. مرۆڤەکان دەبێ لەو کۆمەڵگەیەدا کە دەژین کار و خزمەت بکەن .باوەڕ بە سیاسەتکار و چالاکێک بکەن، کە خۆی دەژیەنێت و کار دەکات .مرۆڤی کاریی و شارەزا لە جیهانی ئەمڕۆدا ناتوانێ بەردەوام لە سەر چەند کانالێکی بەستراوەی فارسی زمان یان سەر بە حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان قسە بکات. کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و ئەمڕۆیی ڕەخنەگرانە گوێ لە قسان دەگرێ و بە ئاسانی ناکەوێتە داوی ژمارەیەک ڕوخساری هەڵپەرەست، کە بە ناوی چالاکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری. ئاکادێمیی و هتد دەردەکەون.

**حەوتەم**: متمانە بەو سیاسەتکار و چالاکانە مەکەن، کە لە گەڵ شەپۆلەکان ڕەنگ دەگۆڕن و هەرجارە گێرەیان لە شوێنێک دەگەڕێ. سیاسەتکارێک، کە هەر ڕۆژە بە داوی ئیدۆلۆژییەک گرفتارە و لە پێناوی گەیشتن بە نان و ئاوێکدا شەق لە ڕابردووی خۆی هەڵدەدات، لە زەینی خۆتاندا ڕەشکەنەوە. چالاکێک، کە بازبازێنی سیاسی دەکات و لە پێناوی دەرکەوتنی زیاتر و فریودانی زۆرتری خەڵکدا ژاوەژاو دەکات، ناچار بکەن، بچێتەوە قاوغە ئەسڵییەکی خۆی. زۆر کەسی بە ناو چالاک و سیاسەتکار هەن، کە وەکوو ئامراز لە خەڵک و کوڕ و کچی خەڵک دەڕوانن و شایانی نوێنەراتی خەڵکی ڕۆژهەڵات نین.

**هەشتەم**: گەلی کورد لە قۆناخی ژێردەستیی و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکان ناتوانێ هەڵەکانی ڕابردوو دووپات و چەندپات بکاتەوە. یەکێک لە وانە بەپێزەکانی خەباتی ئەم دواییانەتان لە مەیداندابوونی خۆتانە. ئێوە دەتوانن بەگژ نیزامی ستەمکاری ئاخوندەکاندا بچنەوە و ڕاستەوخۆ داوای مافە ڕەواکانتان بکەن. تێبکۆشن خۆتان بن و نوێنەری داخوازەکانی خۆتان بن. بە ئاسانی باوەڕ بە مێدیاکان مەکەن.

**نۆهەم**: شارەزایی و زانیاری هێزە و لەو مەیدانەدا مەهێڵن خۆییە بەرژەوەندیخوازەکان یان نەیار و دوژمنەکان کپ و بێدەنگتان بکەن. بەرگری لە خۆتان و خاکەکەتان بکەن و ڕێگا مەدەن، کە گەمە بە چارەنووسی کوردی ڕۆژهەڵات بکرێ. بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان بکەن و بایەخ بە زانست و زانیاری بدەن .لە ڕێڕەوی مێژوودا وردبین و ژیرانە بڕیاربدەن و دەستی مامەڵەچییەکانی گۆڕەپانی سیاسەت کورت کەنەوە. بەڵێن و وەعدەی چالاک و سیاسەتکارەکان بە گرینگ وەرمەگرن و چاوەڕوان بن، کە کات ڕووی ڕاستەقینەی ئەوان دەردخات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**هاوڵاتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

ئێمەی کورد بۆ گەیشتن بە دوارۆژێکی باشتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا پێویستمان بە وردکردنەوەی زۆر بابەتی ساکارە. ئێمە وەکوو گەلێکی خاوەن ئامانج و ئازاردیتوو ناکرێ بە چاوبەستی بە دوای هێڵ و ڕێبازی ئەم و ئەودا بکەوین. ئێمە بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی ئارامی سیایی و هەروەها بەهێزکردنی گیانی هاوکاریی لە نێوان ڕێکخراو لایەنی سیاسیی جیاوازدا، سیاسەتکار و چالاکی ڕاستگۆ، شارەزا و لە هێڵەکدراومان دەوێ. ئەرکە، کە لە رابردوو وانە وەربگرین و سیاسەتکار و چالاکە ریاکار و فێڵبازەکان لە سەرەتاوە رەت بکەینەوە و دەرفەتی جوڵەکردنیان پێنەدەین. سەبارەت بە نیزامی سیاسی مامەڵەچی نەبین و نیزامە تاقیکراو و ستەمکارەکان بە تەواوەتی رەت بکەینەوە. بە هیچ شێوەیەک فریوی ئەو بازرگانانە مەخۆن، کە دەڵێن پرسەکان بە پارلەمانی داهاتوو و دوارۆژ دەسپێرین. هەرگیز حازری بە قەرز مەسپێرن و ئەوانەش لە باسی لانی کەمی مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات دەکەن، بە دۆڕاوی سیاسیی و هەلپەرەست پێناسەیان بکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر = ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێگاکان لە خۆمان نەبەستین!



**هاشم رەزایی**

هەندێک ڕووداو و ئاڵوگۆڕی گەورە دەتوانێت حیزب، ناوەند، گروپ و ڕێکخراوەکان تووشی دووبەرکایەتی، لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە بکات. لە شەری ئێران و ئێراق بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی ئێران بوون بە چەند لەت و تەنانەت هەندێکیان ئاسەواریان نەما. لایەنێک دژ بە ئەم شەرە کۆنەپەرەستانە و لایەنێکش پالپشتی ج.ا لەم شەرەدا بوون.

ئەم ڕاپەرینەش، ڕاپەڕینی ژینا، لە درێژەی خۆیدا دەتوانێت حیزب، ڕێکخراوە و چالاکانی سیاسی بەرەو هەڵوێستی جیاواز ببات کە ڕەنگە شتێکی نائاسایی نەبێت. بەڵام پێویستە ڕێگە بدەین لە کەشوهەوایەکی هێمنانە ململانێی سیاسی لەسەر بکەین.

١- خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەم ماوەدا لە چەندین وتووێژدا، بەڕاشکاوی دەڵێت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ خەتی سووری بۆ چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ حیزبەکان و ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری رژیمی ج.ا نییە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٢- کاک مستەفا هیجری لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی الحدث دەلێت " ئەگەر زۆربەی خەڵکی ئێران داوای حکوومەتی پاشایەتی بکات، بێگومان ئەوە دەبێت بێتە سەر کار، ئێمە لەگەڵ خەڵکی دیکە، حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی بە چەپ و راست و ئەوانە دیالۆگمان هەیە، چونکا ئێمە پێمان وایە کە دەبێت هەموو یەکگرتوو بین لە پێوەندی لەگەڵ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران "

٣- سیاسەت و ڕێبازی ڕەزا پەهلەوی، بەتایبەت لەم چەند ساڵەدا، لە هەمووان ڕۆشن بووە و خاڵێکی نادیاری تێدا نەبوو. کاک مستەفا هیجری چاوی بە ڕەزا پەهلەوی کەوتووە و لەگەڵی دانیشتووە.

٤- پانئێرانیستەکان، ناوەندخوازان و ڕەزا پەهلەوی لە مەیدانی "من کفالت میدهم و حفظ تمامیت ارضی ایران" تووشی کزی و شکەست هاتن و خەلکانی زۆر دژیان راوەستان و پێم وایە خۆیشیان هەستیان بەم شکستەیان کرد.

٥- پاراستنی چوارچێوەی وڵاتی ئێران، بەرگری لە پەرەمپەرەمبوون و شەری ناوخۆیی داهاتوو، وەک باڵکان، بەشێکی بەرچاوی خەلکی ئێران، لە ئاستی جۆراوجۆردا، لایەنگریی لێ دەکەن. نە کۆمەڵە و نە دێموکرات لایەنگری جودایی و لەتکردنی ئێران نین. هەر بۆیەش خوازیاری مانەوە لە چوارچێوەی ئێران و فێدرالیسم ن .

٦- کاک مستەفا، لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بی بی سی، دەلێت کە: "بەهۆی هەڵوێستەکانی رەزا پەهلەوی باس و ئاڵوگۆری نەزەری لەگەل ناوبرا سەخت و موشکل بۆتەوە و حیزبی دێموکرات ئامادەی هیچ چەشنە هاوکارییەک لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی نییە".

٧- لە ماوەی ژیانی ج.ا هەم کۆمەلە و هەم حیزبی دێموکرات، لەگەڵ نوێنەرانی ج.ا. دانیشتن، چاوپێکەوتن و وتووێژیان بووە، واتا کورد ئامادە بووە لەگەڵ دوژمن دیالۆگی هەبێت.

٨- هەموو دیتمان کە ڕاپەرینی ژینا چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیکی شکاندووە و هەموو بیروبۆچوونێکی جۆراوجۆری وەک کۆلکەزێرینەی لەخۆ گرتووە. ئێمەی کورد ناکرێت لە وتووێژەکان سەبارەت بە وەزعی ئێستا و داهاتووی ئێران بەشداری نەکەین. کورد لازمە وتووێژ و گفتوگۆ لەگەڵ کۆڕ و ناوەند و کەسایەتییەکانی غەیرە کورد،بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە هەم لە ئێستا و هەم لە داهاتوو بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٩- بە دوای شەری دووهەمی جیهانی، لە وڵاتی سوئد، لە نێو حیزبە سیاسییەکان و جەماوەری خەڵکی ئەم وڵاتە دوو ڕووانگەی تەواو جیاواز هەبوو سەبارەت بە پێوەست بوونی وڵاتی سوئد بە پەیمانی ناتۆ. لایەنێک پێیان وابوو کە وڵاتی سوئد دەبێت لە کێشەی ناتۆدا بێلایەن بێت و لایەنێکی دیکەش هەوڵیان دەدا بە پێوەست بوونی سوئد بە ناتۆ. ئەم دوو ڕووانگەیە دەیان ساڵ لە نێو جەماوەری سوئد جێگەی مشتومڕ بوو. بە دوای ڕووداوی هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا وەرچەرخانێک لەم سیاسەتەدا هاتە پێش و زۆر لە حیزبەکان پێداچوونەوەیان بە سیاسەتی خۆیان کرد. چونکا مەترسیی ئەمنییەت و ئاسایشی وڵاتەکەیان لە پلەی یەکدا بوو نەک پرستیژ و قازانجی حیزبی.

١٠- لە کوردستان دوو ئەزموونمان هەیە کە هەر دوویان تووشی شکەست هاتن. یەکیان هاوپەیمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ مجاهدین خلق ایران و ابوالحسن بنی صدر و بەشداری لە " شواری ملی مقاومت ایران". دووهەمیان پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە لایەن کۆمەڵەوە بە بەشداریی اتحاد مبارزان کمونیست(سهند)، و بەشێک لە ڕێکخراوەکانی پیکار و سازمان چریکهای خلق ایران. نە شورای میللی موقاوەمەت و نە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبوون بە مایە بۆ کورد و خەباتەکەی.

١١- سیاسەتی دروست ئەوەیە کە کورد دەرگای وتوویژ نەبەستێت و باوەشمان ئاواڵە بێت بۆ دانیشتن و گفتوگۆ سەبارەت بە ڕەوتی ئێستا و داهاتووی ئێران. هەر کات درێژەی ئەم دانیشتن و گفتوگۆیانە بوو بە داوکاری، هاوپەیمانی و دارشتنی مەنشوور ئەو کات دەکرێت مناقشە و ململانێی سیاسی لەسەر ناوەرۆکی ئەم هاوپەیمانی و مەنشوورە بکەین. کورد ناتوانێت و ناکرێت خۆی پەراوێز بخاتەوە. لە کاتی هەستیاری ئێستادا هەوڵدان و تێکۆشانی ئاشکرا و ڕوون بۆ "پلاتفۆرمێکی هاوبەش" تاقە ڕێگەیە کە دەتوانێت ببێتە هەوێنێک بۆ کاری یەکگرتوو، فراوانتر و بەهێزتر. ئەگەر کورد بەرەو ئەوە نەچێت لە داهاتووی ئاڵۆگۆرەکانی ئێران و ناوچەکە زۆر کز و لاواز دەبێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر = ڕێکەوتی: ٢٧ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ئەخلاقی ویلایەتی فەقیهی



کەریم پەرویزی

ژیان لە کۆمەلگادا گەر ڕێوشوێن و دابونەریتێکی نەبێ، ئیمکانی درێژەدانی نییە. بەو مانایە کە کۆبوونەوەی مرۆڤەکان بە دەوری یەک و لەنێو یەک گرووپدا جا خێڵ بێ یان گوند یان شار یا نەتەوەیەک، لە جەوهەری خۆیدا پێویستی بە بنەمایەکی ڕێسایی هەیە کە مرۆڤەکان پێبەند و پێڕەوەی ئەو ڕێسایە بن تاکوو درێژەدان بە ئەندامبوونیان لەو کۆمەڵگایەدا مەودای هەبێ.

لە گرووپە کۆنەکانی سەردەمی ژیانی ئەشکەوتەوە بیگرە تاکوو ژیانی ئێستا لە شارە مێترۆپۆلە چەندین میلیۆنییەکاندا، هەندێ پرەنسیپ و بنەما هەبوون و هەن کە ئیمکانی درێژەدانی ژیانی پێکەوەیی دەڕەخسێنێ و بە نەمانی ئەو پرەنسیپانە یان دەبێ پرەنسیپی دیکە جێی بگرێتەوە کە ئەوە زۆر ئەستەم و درێژخایەنە یان ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵدەوەشێتەوە و دەبێتە ئەو شەڕی هەمووان دژی هەمووانە کە تۆماس هابز باسی دەکا.

پرەنسیپ یان بنەما ڕێساییەکانی ژیانی کۆمەڵگا لە هەر کۆمەڵ و گرووپێک بۆ کۆمەڵی دیکە جیاوازە و بەگشتی ناوی ئەخلاقی کۆمەڵایەتیی لێ نراوە کە تاکەکان پێبەندی دەبن و کۆمەڵگای پێ دروست دەبێ. بە نەمانی ئەو ئەخلاقە



https://serchawe.com

کۆمەڵایەتییە کە بنەمای ناسینەوەی هەر کۆبوونەوەی مرۆڤ بە دەوری یەکەوەیە، ئیدی شتێک بە ناوی کۆ نامێنێ و مانەوەیان بە دەوری یەک یان بە زۆرەملێیە یان بۆ کەڵکی نابەجێ وەرگرتنی باندێکی مافیایی یان بۆ خەیانەت لێککردن! لە کۆمەڵگای ئێراندا کە ساڵانێک لەژێر تەوژمی بیرکردنەوە و دەسەڵاتداریی ملهوڕانەی حاکمدایە کە ئیدئۆلۆژییەکی دواکەوتوویشی هەیە و بە زۆرەملێ دەیەوێ کرداری مرۆڤەکان و کۆمەڵگا دەسکاری بکا، بنەماکانی ئەخلاق داڕووخاوە و ڕێژیمی حاکمیش هەرچی زیاتر یارمەتیدەری داڕووخانی ئەخلاق دەبێ.

لە هەر وڵاتێکدا زیندان هەیە تاکوو ئەوانەی کاری دژی یاساکانی کۆمەڵگا دەکەن لەوێدا ملکەچی یاسا بکرێنەوە، بەڵام ئەوەی لە ئێراندا هەیە، کارەساتێکی بەتەواو مانایە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهیدا هیچ زانیارییەکی دروست بڵاو ناکرێتەوە و زانیاریی ورد و دەقیقی لە هیچ بوارێکدا نییە و هەموو زانیارییەکان بە پێچەوانە و بە چەواشەکراوی بڵا دەکەنەوە. بەڵام هەر بە پێی وتەکانی خودی بەرپرسانی ڕێژیم گەر لە زانیارییەکان ورد دەبیتەوە، گۆشەیەک لەو کارەساتانەی لەم وڵاتەدا ڕوو دەدەن، دەر دەکەوێ.

ساڵی ١٣٩٩، ئەسغەر جەهانگیری، سەرۆکی پێشووی سازمانی زیندانەکانی ئێران ڕایگەیاند کە لە ساڵی ١٣٩٣دا ٥٤٧ هەزار کەس خراونەتە زیندان لە ئێراندا. ناوبراو ڕایگەیاند کەو لەو ساڵەدا واتە ١٣٩٩، ٤٨٠هەزار کەس چوونەتە زیندان کە بە قسەی ئەو ژمارەی زیندانییەکان ١٢% کەمی کردووە کە دیارە هی ساڵی لووتکەی کۆرۆنایە!

ئەم قسەیەی ئەوکاتی ناوبراو کە هی دوو ساڵ لەمەو پێشە، هەندێ زانیاریی تێدا هەیە کە گەر لەگەڵ قسەی بەرپرسانی دیکەدا دەیانخەیتە پاڵ یەک، دیوە کارەساتبارەکان زیاتر دەر دەکەون.

ڕاپۆرتی بڵاوکراوی ڕۆژنامەی "همدلی" لە ساڵی ١٤٠٠، دەڵێ کە تەقی ڕۆستەم وندی ، سەرۆکی ڕێکخراوی کارە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی ١٣٩٨ ڕایگەیاندوە کە ٢٤٠هەزار زیندانی لە ئێران هەن و بەو پێیە ئێران مەقامی نۆهەمی لە جیهاندا لەباری ژمارەی زیندانییەوە هەیە!

هەر لەو ڕاپۆرتەدا، قسەی سەیدحەسن موسەوی سەرۆکی ئەنجومەنی مەدەدکاری دێنێتەوە کە دەڵێ هەر کاتژمێرێک لە ئێراندا ٥٠ کەس دەکەونە زیندان!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو قسەیەی مووسەویش هی ساڵی ١٣٩٨ە و بەپێی قسەکەی مووسەوی ساڵێک ٣٦٥ ڕۆژ و ڕۆژێ ٢٤ کاتژمێر و لە هەر کاتژمێرێکیش ٥٠ کەس بخرێنە زیندان یانی لە ساڵدا زیاتر لە ٤٨٠هەزار کەس دەخرێنە زیندان!

هەر خودی ئەسغەر جەهانگیری لەوکاتەدا کە باسی لەوە کردبوو کە لە ساڵی ١٣٩٩دا، ٤٨٠ هەزار کەس کەوتوونە زیندان، وتی کە لەو زیندانییانە ٣٦% هی تاوانی ماددەی سڕکەرن و ٣٠%یش هی تاوانی دزی.

لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ئافتابیشدا لە ساڵی ١٤٠٠ هاتبوو کە بە پێی وتەی بەرپرسانی هێزی ئینتزامیی ڕێژیم، ئامار دزی لە ماوەی پێنج ساڵدا نزیک بە پێنج بەرابەر بووە و لە ساڵی ١٤٠٠ گەیشتۆتە یەک میلیۆن و دووسەد هەزار ژمارە دزی و لەو ژمارەیە زیاتر لە نیوەیان ئەوانەن کە بۆ یەکەم جارە کە دزی دەکەن!

بەپێی وتەی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی مەجلیس، ڕێژەی دزی لە ئێراندا پێوەندیی بە گرانی و هەڵاوسانەوە هەیە! هەر بە لێکدانەوەی سادەی ئەم ئامارانەی خودی بەرپرسانی ڕێژیم، لە ئێستادا لە ساڵی ١٤٠١ کە هەڵاوسانی ئابووری نرخی مردنی لە ژیان هەرزانتر کردووە و لەو گرانی و بێکارییە بەربڵاوەدا کە هیچ دەست ناکەوێ بۆ ژیان، بە دڵنیاییەوە ئامارەکانی تاوانی دزی و ماددەی سڕکەر لەوە زۆر زیاتر بوون و هەر بەپێی خودی قسەی بەرپرسانی ڕێژیمیش بێ کە ساڵانە نزیک بە ١٠% ئاماری زیندانی زۆرتر بووە، یانی دەبێ لە ئێراندا ئێستا نزیک بە ٧٠٠ هەزار کەس زیندانی هەبێ کە لەو نێوەدا نزیک بە ٣٠%یان هی تاوانی دزی و ٣٥%یش هی تاوانی ماددەی سڕکەر بن. ئەڵبەت قاچاخی گەورەی ماددەی سڕکەر وەکوو تاوان چاوی لێ ناکرێ و ئەوانەی کە وردەپان یان بە بێ ئاگاداری هێزەکانی ڕێژیم خەریکی فرۆشتن و کڕینی بوون دەسبەسەر کراون.

لەم وردەکارییانەدا کە باسمان کرد، دەر دەکەوێ کە لانیکەم ساڵانە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لە ئێراندا بە تاوانی دزی دەخرێنە زیندان، کە لە ساڵی ١٤٠٠دا بەپێی خودی قسەی بەرپرسی ڕێژیم یەک میلیۆن و دووسەد هەزار دزی کراوە! واتە شتێ نزیک بە یەک میلیۆن دزی بۆ هێزی ڕێژیم یان ڕوون نەبۆتەوە! یان کەسیان دەسبەسەر نەکردووە!

ئەم ئامارانەی دۆخی دزی و دەسبەسەرکردن لە ئێراندا بێنە بەرچاو و لەگەڵ پەروەندەی دیکە هەڵیسەنگێنە، کە بە پەروەندەی فووڵادی موبارەکە ناسراوە!

بەپێی ئەو پەروەندەیە، کە ڕاپۆرتی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی مەجلس داویەتی و لەنێو بەرپرسانی ڕێژیمدا هەرای نایەوە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرکامەیان خۆی لێ دەرباز دەکرد و دەیخستە ئەستۆی کەسی دیکە، لە کۆتاییشدا هیچکەس دادگایی نەکرا و هیچی دیکەی لێ بڵاو نەبوویەوە. دیارە کە ئەو پەروەندەیەش وەکوو شتەکانی دیکە بە سپای پاسداران و لەوێوە بۆ بەیتی وەلیی فەقیهـ شۆڕ دەبێتەوە، هەر بۆیە کەس وەکوو تاوانبار دەستنیشان ناکرێ و لە کەس ناپرسرێتەوە.

لە پەروەندەی فووڵادی موبارەکە بە پێی خودی ڕاپۆرتەکەی مەجلیس، ٩٢ هەزار میلیارد تمەن لە ساڵی ١٣٩٧ تا ١٤٠٠ نادیارە!

لە ئێستادا کە دۆلار گەیشتۆتە پەنجا هەزار تمەن گەر ئەو گەندەڵییە هەر بە پێی دۆلاری ئێستا حیساب بکەین دەبێتە شتێک نزیک بە ٢ میلیارد دۆلار! گەر بە دۆلاری ساڵی ١٣٩٧یش حیسابی بکەین دەبێتە ١٠ میلیارد دۆلار!

واتە لە ساڵی ١٣٩٧ تا ١٤٠٠ تەنیا لە کارخانەی فووڵادی ئیسفەهان ١٠ میلیارد دۆلار گەندەڵی کراوە و پارە دزراوە و نە ئەو کات کاریان بە کەس بووە و نە ئێستەش کە ڕاپۆرتەکەی بڵاو بۆتەوە لە کەس دەپرسنەوە!

تەنیا یەک پەروەندە، ١٠ میلیارد دۆلار دزیی تێدا کراوە! کەسیش دەسبەسەر ناکرێ! ساڵانە بۆ دزی وردەواڵە لە ئێراندا ٢٠٠ هەزار کەس دەسبەسەر دەکرێ!

ئەمە ئەو ئەخلاقەیە کە وەلیی فەقیهـ خەریکە لە ئێراندا دایدەڕێژێ و بەڕێوەی دەبا. کە تەنیا لە بارەی دزی و پارەشەوە نییە، بەڵکوو لە زۆر بواری دیکەدا هەمان ئەخلاقی ویلایەتی فەقیهی ڕەچاو دەکرێ. بۆ وێنە، ڕۆژنامەی ئێعتماد لە ڕاپۆرتێکی ١٣ی ڕێبەندانی ١٤٠١، واتە کەمتر لە مانگێک لەمەوپێش باسی لە کوشتنی ژنان لە ئێران کردبوو کە بە تاوانی یا بە تۆمەتی نامووسی دەکوژرێن.

لەو ڕاپۆرتدا هاتووە کە لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردووی پێش لەو ڕاپۆرتە ٥ کەس بە دەستی کەسوکاریان بە تۆمەتی نامووسی کوژراون.

دیاردەی ژنکوشتن، دیاردەیەکی دزێو و قێزەونە کە لە تاریکترین دیوەخانەکانی دەروونی کۆمەڵگایەکی نەخۆش و تاکێکی سەرلێشێواو و مێشک ڕزیووەوە سەر هەڵ دەدا. هەرچەند زۆر دەستی دیار و نادیار دیانەوێ دیاردەی ژن کوشتن تەنیا بۆ کوردستان بگێڕنەوە بەڵام ئەو دیاردە دزێوە لە زۆربەی شوێنەکانی ئێراندا هەیە و بەپێی ئەو ڕاپۆرتەش دزێوترینیان لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تاران ڕوو دەدەن.

**بەڵام ئەسڵی قسەکە لەو بنج و بناوانەی ڕاپۆرتەکاندا دەر دەکەوێ کە دەمانەوێ ئاماژەی پێ بدەین:**

لەو ڕاپۆرتەدا باس لە ژنێ بەناوی ئەفسانە دەکا کە لە تاران بە دەستی براکەی و بە ئاگاداریی دایکی دەکوژرێ. برای ژنەکە بە ناوی ئەمیر کە بۆ گاڵتەی ڕۆژگار مامۆستای زانکۆشە لە تاران! دەڵێ کە خوشکەکەی مێردی نەکردبوو و ئازاد دەگەڕا و هەڵسوکەوتی بێزاری کردبووین! بەتەنیا کاری لە کۆمپانیا دەکرد و لەگەڵ دۆستانی دەچوو بۆ میوانی و ئێمەش ئابڕوومان بۆ نەمابوو! بۆیە ڕۆژێک لە ماڵدا کوشتوویە و لەشی خوشکەکەی خستۆتە نێو ماشێن و بردوویە لە شوێنێک فرێی داوە! تراژێدیەکە لەو کاتە قووڵتر دەبێتەوە کە ئەمیری برای ئەفسانە دادگایی دەکەن و دایکیان کە تەنیا "ولی دەم" بە پێی شەرعی ویلایەتی فەقیهـ بووە، ڕەزایەت دەدا و سکاڵای لە کوڕەکەی نییە! دادگاش حوکمی ٣ ساڵ و نیو زیندان بۆ بەڕێز مامۆستای زانکۆ لە تاران دەر دەکا!

ئەم حوکمە ئەو کاتە ڕوونتر و ڕادەی ئەخلاقی و مرۆییبوونی دەر دەکەوێ کە وەبیر بێنینەوە کە هەر لەم ماوەی ڕابردوودا کچ و کوڕێک ڤیدیۆیەکی چەند سانییەیی لە ڕەقسی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کردەوە، و حوکمی بیست ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپێنرا!

ئەمانە تەنیا چەن وردە نموونە لەو ئەخلاقە کۆمەڵایەتییەن کە خەریکە وێران دەکرێ و هەر هەمووی لەژێر سێبەری ڕەشی بیری ڕزیوی ویلایەتی فەقیهی بەسەر مرۆڤەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا دەسەپێنرێ. بۆیە هەموو بیرمەندان و ئەوانەی لە پرسەکان تێدەگەن دەڵێن کە شۆڕشی ژینا، تەنیا لە ئاستی نارەزایەتییەک و تەنانەت ڕاپەرینێکی سیاسیدا نامێنێتەوە و لەم کۆمەڵگا کە بەرەو لێواری ڕووخانی کۆمەڵایەتی براوە، شۆڕشی ژیان دەبێ ببێتە شۆڕشێکی بناخەداری کۆمەڵایەتی کە ژیان لە کۆمەڵگای فرەنەتەوەی ئێراندا بەجۆرێکی دیکە دارێژێتەوە کە تێیدا ئاسودەیی و کەرامەتی مرۆڤ بنەما بێ، نەک بیری ڕزیو و دواکەوتوویی!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠١ = ٢٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕۆڵ و ئەرکی مامۆستای کورد لە شۆڕشی ژینادا



**ناسر سالّحیئەسڵ**

لە پێناسەکردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەمیشە ئاماژە بە فرەڕەهەندیی ئەو خەباتە کراوە، کە بێگومان یەکێک لە ڕەهەندە هەرەگرینگ و کاریگەرەکانی، ڕەهەندی ڕووناکبیری و ڕۆشنگەرانەی خەباتی ڕزگاریخوازانەیە، کە دەکەوێتە سەرشانی توێژێ بژاردە و ئێلیتی مامۆستایان.

چونکە توێژی مامۆستای کورد، هەم وەکوو ڕووناکبیر و ڕۆشنگەر و هەم وەکوو هۆکاری تێڕامان، ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە هەموو چالاکییەکانی شێوەیەکی بیرکردنەوەی ڕووناکبیرانە و ڕۆشنگەرانە لەخۆ دەگرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵ و ئەرکی ڕووناکبیرانە و ڕۆشنگەرانەی مامۆستایانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە قۆناغێکی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران لە شکڵ و شێوەی ڕاپەرین و شۆڕشی ژینادا، ئەو ئەرک و ڕۆڵە بەرپرسیارانە دەکروێتە سەرشانی مامۆستایان. مامۆستای کورد دەبێ لە گەڵ بابەتە دەرسییەکان کە وەک وانە دەیڵێتەوە، چالاکانە و بەرپرسانە وانەی بیری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و ئەو ئامانجە نەتەوەییانەی کە دەیان ساڵە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆی تێدەکۆشێ و لە پێناویدا خوێنی بۆ داوە، لە زانکۆ و قوتابخانەدا بڵێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

واتای کردەوەی ڕووناکبیرانە و ڕۆشنگەرانەی مامۆستا ئەوەیە کە قوتابخانە و زانکۆ بکاتە شوێنی خەباتی سیاسی و نەتەوەیەتی کە بەردەوام مل دەبەر ململانێیەکانی سیاسەت و دەسەڵاتە سەرەڕۆکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەنێت. واتا مامۆستا لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا کردەوە و کارێک ئەنجام دەدات کە هێندێک بانترە لە ڕاگواستنی کۆمەڵێک زانیاریی زانستی و وانەیە بۆ نێو مێشکی قوتابییان و خوێندکاران.

مامۆستای ڕووناکبیر و ڕۆشنگەر، زانکۆ و قوتابخانە لە پۆلی وانەکان دەکاتە شوێنێک بۆ وانەکانی مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دیموکراسی و زانست، بۆ خوێندکار و قوتابی وریا و چاوکراوە. چونکە زانکۆ و قوتابخانە شوێنێکی بێلایەن نییە، کەوابوو مامۆستاش ناکرێ بێلایەن بێ و نابێ لەهەمبەر ویست و داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بێدەنگ بێت.

لە وڵاتێکی ئاسیمیلەکراو و داگیرکراوی وەکو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نابێ ڕۆڵی ڕاهێنانی مامۆستا هەر لە فێرکردنی کۆمەڵێک کاری کردەکی و وانەی پۆلەکان بەرتەسک بکرێتەوە، بەڵکوو دەبێ بۆ گەشەسەندن و پەرەگرتنی کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و سیکۆلار و فیدراڵ کە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ داهاتووی ئێران بە کردەیی هەوڵ بدات. کەوابوو پێویستە هەم بابەتی ڕاهێنان لە زانکۆ و قوتابخانە سیاسیتر بکرێت، هەم بابەتی سیاسیش زیاتر بخرێتە بواری ڕاهێنانەوە.

دیارە مەبەست لە سیاسیکردنی بابەتی ڕاهێنان، هۆکارهێنانەوەیە بۆ ئەوەی کە ڕاهێنانی زانکۆ و قوتابخانە، خۆی خەباتێکە هەم بۆ شەرحی واتا و هەم بۆ پێوەندییەکانی دەسەڵات. ئەم خەباتە شۆڕشگێڕانە و ڕەخنەگرانەیە، یەکێک لەو ڕەهەندانەیە کە لە ڕاپەرین و شۆڕشی ژینادا دەکرێ ئامانجێک بێ بۆ ئەوەی یاریدەی خوێندکار و قوتابی بدات، تا بە باوەڕێکی قووڵ و نەپساوە سەبارەت بە خەباتی ڕەوای نیشتمانی و نەتەوایەتی، بەتایبەت بەربەرەکانێی شۆڕشگێڕانە و ڕەخنەگرانە لە نایەکسانیی مافە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە ئێراندایە.

کەوابوو وانەگوتنەوە، هەم بابەتێکی سیاسییە و هەم کردەوەیەکی ڕووناکبیری و ڕۆشنگەرییە، چونکە کردەوەی فێرکاریی ڕەخنەگرانەی زانستی، کۆمەڵێک دەرفەت بۆ بەرهەمهێنان و لێکدانەوە و لەکارهێنان دەڕەخسێنێت.

یەکێک لە ڕەهەندە هەرە گرینگەکانی شۆڕشی ژینا و مێژوویی خەباتی سیاسیی هاوچەرخی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی دیمۆکراسی و مافە نەتەوایەتییەکان. جۆن دیویی، فیلسووفی پراگماتیکی ئەمریکایی دەڵێ: "دیمۆکراسی ئەو بایەخەیە، کە ڕەوایی بە سەرلەبەری بایەخەکانی دیکە دەبەخشێت." لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی کە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبێتە هۆی پەرەسەندنی دیمۆکراسی، بایەخ و باوەڕە دیمۆکراتیکەکانن و مامۆستا دەتوانێت سەرچاوەی ئەو بایەخ و باوەڕانە بێت، کە خوێندکار و قوتابی ئامادە دەکەن بۆ لەخۆبردوویی شۆڕشگێرانە و پشتگوێخستنی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بۆ ئەوەی لەپێناو خۆشەویستیی نیشتماندا کار و تێکۆشانی بە کردەوە بکەن. ئەو بایەخانەی کە مامۆستای ڕووناکبیر و ڕۆشنگەر بە سادەترین شێوە دەتوانێت بیانکاتە پردەبازی پەڕینەوەی کۆمەڵگە بەرەو سیستەمێکی ئازاد و دیمۆکراتیک.

هەر بۆیە ڕۆڵ و ئەرکی مامۆستای کورد لە شۆڕشی ژینادا، هەم وەکو مامۆستا و هەم وەکو ڕووناکبیر و ڕۆشنگەر، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تاک و کۆی کۆمەڵگا دەبێت. ئەو کاریگەرییە بەهۆی ئەوە بووە کە مامۆستای کورد لە ڕابردوو و ئێستادا لە بیچمگرتن و پتەوبوونی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی ڕۆڵی گرینگی گێڕاوە. چونکە ڕۆڵی ڕووناکبیری و ڕۆشنگەریی مامۆستا، ڕۆڵێکی تایبەتە، کە هەوڵ دەدات کارەکەی لەسەر بنەمای بەرپرسیارەتییەکی مرۆڤانە بێت لەهەمبەر ئەو شوێن و کاتەدا کە تێیدا دەژێت. هەربۆیە بەپێی شوێن و کاتی ژیانی ئەمڕۆی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستە مامۆستای کورد جارێکی دیکە ئەو دۆخ و بەربەستانە بۆ تاک و کۆی کۆمەڵگەکەی ڕوون بکاتەوە، کە هۆکاری دواکەوتنی وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆز و دێرینەکانی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد بوون.

مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن بۆ خستنەجێی فەرهەنگی ڕاپەرینی شۆڕشی ژینا، زانکۆ و قوتابخانەکان بکەنە شوێنی ڕاپەڕین و شۆڕش تا هەم کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ململانێی سیاسەت و دەسەڵات و ئەمنییەت هەبێ و هەم هۆکار بێ بۆ قووڵکردنەوە و بەرینکردنەوە قەڵشی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سەرەڕۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

کەوابوو بەو پێناسە و ڕاڤەکردنەی ناسناوی ڕووناکبیر و ڕۆشنگەر، لە قۆناغی ئێستای ڕاپەڕین و شۆڕشی ژینا و خەباتی ڕەوای ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کاڵایەکی پڕ بە باڵای مامۆستایانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. چونکە مامۆستایە خوێندکار و قوتابیی کورد بە چەشنێک ڕادێنێت و پەروەردەی دەکات کە مرۆڤێکی مافخواز، ڕەخنەگر و چالاک بێت، ئەمەش تایبەتمەندیی ڕووناکبیری و ڕۆشنگەرییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠١ = ٢٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ دەبێ ڕەزا پەهلەوی بایکۆت بکرێ و هاوکاری نەکرێ؟!



**تاهیر قاسمی**

گرینگ ئەوە نییە کە ڕەزا پەهلەوی ئێستا چ بۆ کورد پەسند دەکا یان ناکا بەڵکو ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە هەر کەس و لایەنێک کە ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ ڕەزا پەهلەویدا بکا، دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە و بە ڕوونی وڵام بە خەڵک بداتەوە کە بەو کارەی یارمەتی بە گەڕاندنەوەی سیستمی سەڵتەنەت و پاشایەتی بۆ ئێران دەکا و ئایا پێی وایە بە گەڕانەوەی سیستمی پاشایەتی لە ئێران، ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران و مافەکانی خەڵکی کوردستان دابین دەبن یان نا؟! بە قەولی کاک حەسەنی شەڕەفی دەبێ وڵام بداتەوە کە ئایا ئەو قەڵافەتە بۆ دێموکراسی دەبێ؟! خۆ ئەگەر لایەنێک وڵامی نا بەو دوو پرسیارە بداتەوە و ئامادەش بێ هاوکاری لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی بکا، بە دڵنیاییەوە یان گەوجە یا خەڵک بە گەوج دەزانێ، چونکە؛

١- ڕەزا پەهلەوی واریثی تاج و تەختی پاشایەتی لە ئێرانە. ئەوە یانی ئەو ئێران بە ملکی باب و باپیری خۆی دەزانێ کە پێی وایە لە ئینقلاب یان وەک خۆی دەڵێ لە ئاژاوەی ١٣٥٧دا بە ناحەق لێیان ئەستاند و دەبێ وەریبگرێتەوە.

٢- ڕەزا دوای مردنی حەمە ڕەزا شای باوکی سوێندی پاشایەتی خواردووە. واتە ئێستا شای بێ تاج و تەختی ئێران لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تاراوگەیە. تەنانەت بۆ دوای خۆیشی چونکە کوڕی نییە، کچە گەورەکەی وەک پاشای داهاتووی ئێران دەستنیشان کردووە. هیچکاتیش ئەوانەی هەڵنەوەشاندۆتەوە و لێیان پاشگەز نەبووەتەوە. ئەو قسانەش کە لە بابەت دێموکراسی و فرەیی و تەنانەت کۆماریخوازی خۆی یان بە هەڵبژاردن کردنی سەڵتەنەت دەیکا، هەمووی بۆ فریودانی خەڵک و لەبەر ئەوەیە کە دەزانێ ئەوانە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا نرخ و بەهای کۆمەڵایەتییان هەیە و بێ ئەو باوەڕانە یارمەتی ناکرێ.

٣- شا ئەگەر دەستی بڕوا، هیچکات ئامادە نییە لە ژێر مەجمووعەیەکدا کار بکا و خۆی بێنێتە ئاستی ڕێبەرانی سیاسی و حیزبی وڵاتەکەیەوە. بەڵام ئەگەر ناچار بێ، ئەوە دەبێ حەتمەن کەسی یەکەمی ئەو ژێر مەجمووعەیە بێ. بۆیەش ڕەزا خۆی وەک شۆفیری ئۆتوبووسەکەی جۆرج تاون دەناسێنێ و لە هەموو شوێنێک خۆی وەک دەمڕاستی ئەو هەشت کەسە و سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێشان دەدا.

٤- حەمە ڕەزا شای باوکی ڕەزا پێوەندییەکی خۆشی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی ناوچەش هەبوو. بە سەرنجدان بە خراپەکارییەکانی جمهوری ئیسلامی، حکوومەتێکی لە گوێن ئەوەی حەمە ڕەزاشا، دڵخوازی ئەو وڵاتانەیە. ڕەزا پەهلەوی لای ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبیی ناوچە و ئیسرائیلیش وەبیرهێنەرەوەی ئەو حکوومەتەی باوکێتی و ئەگەر پشتیوانیی ئۆپۆزیسیۆنی لەگەڵ بێ، بە دڵنیاییەوە پشتیوانی دەکرێ کە ئەو پشتیوانییە ناتوانێ بەدەر لە پشتیوانی بۆ گەڕاندنەوەی تاخ و تەختی پاشایەتی بێ.

٦- لایەگرانی ڕەزا پەهلەوی بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات خەڵکانێکی دەمشڕ، بێ ئیخلاق و پاوانخوازن کە پێیان وایە هەر کەس لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی و گەڕانەوەی سیستمی پاشایەتی بۆ ئێران نەبێ، خیانەتکارە. ئەوان هەوڵ دەدەن دەست بە سەر هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپێشاندانێکی دەرەوەی وڵاتدا بگرن و وەک خۆپێشاندانی پشتیوانی بۆ ڕەزا پەهلەوی نیشانی دنیای دەدەن.

٧- ڕەزا پەهلەوی سامانێکی زۆری بە دەستەوە کە بەو سامانە زۆرە هەتا ئێستا توانیویەتی بەهێزترین میدیا ڕوو بە ئێران بە قازانجی خۆی دامەزرێنێ و نیزیک بە تەواوی تلویزیۆنە فارسییەکانی دیکەش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بە دڵنیاییەوە هەموو ئەوانەش لە خزمەت گەڕانەوەی سیستمی سەڵتەنەت و دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ ئێراندایە.

بە هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە هەر جۆرە هاوکاری و هاوپەیمانییەک لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی دەکەوێتە خانەی مەشرووعییەتدان، زەق کردنەوە و پرۆمۆد کردنی ئەو و یارمەتی بە گەڕاندنەوەی سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا دەکا کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەتا ئێستا بە ڕوونی ئەوە دەرکەوتووە. هەر بەو دەلیلانەی سەرەوە، ڕەزا لە هەر پێکهاتە و ئیئتلافێکدا هەبێ، ئەو ئیئتلافە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە خزمەت بە ئەو و خواستی گەڕاندنەوەی سیستمی پاشایەتییەوە و، خەڵکی دنیا، میدیاکان، ناوەندەکانی سیاسی لە ئاستی وڵاتان و جیهان و خەڵکی ئێرانیش زیاتر هەر ئەو دەبینن و بە ئیئتلافی ئەوی دەناسن. هەموو ئەوانەش ڕێگای بۆ خۆش دەکەن تا تاج و تەختە بە تاڵان براوەکەی باوک و باپیری بستێنێتەوە و ببێتەوە بە خاوەنی وڵاتی خۆی.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە نیوسەدەی ڕابردودا،



ئارەزو قادری

لە نیوسەدەی ڕابردودا، سەرجەم پرۆژە هاوبەشە سیاسیەکانی نێوان کورد و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی شکستی هێناوە و خەڵکی کوردستان بەبێ دەستکەوت و بەخەساری زۆرەوە هەوڵیداوە لێیدەرباز بێت.

ئەزمونی حیزبی دێموکڕات و شورای میللی موقاوەمەتی موجاهیدین کە ئێستاش حیزبی دێموکڕات دەڵێ لێی هاتینە دەر و موجاهیدین دڵێ نەخێر لەبەر بێنەزمی دەرمانکرد.
یان ئەزمونی کۆمەڵە و تاقمی بەناو چەپی ئێرانیی کە حیزبی کۆمۆنیست و پاشانیش کۆمۆنیسمی کرێکارییان دروستکرد و لەماوەیەکی کورتدا داریان بەسەر بەردی کۆمەڵەوە نەهێشت و ئێستاش ئاسەواری حوزوری ناپیرۆزیان بەسەر بزوتنەوەی چەپ و ئازادیخوازانەی کۆمەڵە و خەڵکی کوردستانەوە دیارە.

جا سەیر ئەوەبوو کە ئەو دوو ئەزموونە نارەسەن و ناسەرکەوتووە لەکاتێکدابوو کە کۆمەڵە و دێموکڕات شەڕی سەروماڵیی یەکتریان دەکرد!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستاش کورد جارێکی دیکەش دەرفەتی خۆنوقمکردن لە لێڵئاوی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بۆرەخساوە و بابزانین ئەوجار چۆن خۆی تێداوێ و با بزانین دیسانیش چۆناوچۆن قازانج سەری مایەی دەخوات.

باشە بەڕاستیی ئێمە بۆ دەرس وەرناگرین؟

بۆ شۆڕشی خەڵکی کوردستان دەبێ بەرگەی چەند ئەزموونی شکستخواردوی دیکەی لەوچەشنە بگرێت؟

باشە کاتێک کورد و حیزبەسیاسیەکانی بەسەدان هۆکار و خاڵی هاوبەش و دەردی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش، ناتوانێ لەناوخۆیدا یەکرێزیی دروست بکات، چۆناوچۆنە دەتوانێ لەگەڵ ئەوکەس و لایەنە پاوانخوازە شۆڤێنیستە خۆبەزلزانە ئێرانیانە کە کەمترین خاڵی هاوبەش و دەردی هاوبەش و چارەنووس و ئامانجی هاوبەشی لەگەڵیان هەیە یەکرێزییەکی بەرابەر و ڕاستەقینە دروستبکات؟

دەست لە هاوردەکردنی دەستی لەرزۆکی نەناسراوی دەرەکیی کە جێی متمانە نین، هەڵگرن، دەستێکی ناسراوی خۆماڵیی جێی متمانەی هاوچارەنووس بگرن کە بەڕاستی پشتت بگرێت نەک وەک هەموو ئەوجارانەی پێشوو، پشتت لەعەرز بدات.

یەک شت بزانن

ئەو لایەنە ئێرانیەی دەرەوەی وڵات کە ئێستا نەهێزی هەیە و نە دەسەڵات، ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانێ دان بە نەتەوەبوونی تۆ و لانیکەمی داخوازەکانت و مافەکانت کە یەکێک لەسەرەتاییترینەکانی، مافی چارەی خۆنووسینە بینێت، دڵنیابن لەسبەینێ هێزگرتن و بەدەسەڵات گەیشتنیدا بەتوندترین شێوە سەرکوتت دەکات

ئێستا ڕاست کاتی ئەوەیە کە جەمسەرێکی بەهێزی کوردیی بەهەموو قورسایی خۆیەوە هەرچی زیاتر گۆڕەپانی سیاسیی ئێران بخاتە ژێر کاریگەریی و هێژمۆنیی شۆڕشگێڕانەی خۆیەوە. ئەو جەمسەرەش تەنیا لە بەیەکەوە هەڵکردن و یەکگرتنی سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە مەدەنیی پیشەیی و مافخوازیەکانی کوردستان پێکدێت. ئەوکات پێویست ناکات بۆ ئیئتلاف دروستکردن لەدەرگای کەس بدەیت و بەپێچەوانەوە ئەوان ناچارن بەخۆیان و شاکانیانەوە بێنە خزمەتت. جا ئەوکاتە کە کورد لەگۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا قسەیەکی بۆ کردن دەبێت و دەتوانێ بڵێ
شا بە سەپان نازانم.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبەیوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە پێکەوەبوون و ڕێکخستن هەیە



**سۆران شەمسی**

ڕێژیمی ئیسلامی دوای زیاتر لە ٤ دەیە لە چەوسانەوەی گەلانی ئێران، لە دوایین ڕاپەڕینی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران کە خوازیاری گۆڕانکارین، بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت دەکات. شۆڕشی ساڵی ٥٧ی نەتەوەکانی ئێران کاردانەوەی خەڵک بوو بەرانبەر بە دیکتاتۆری شا، لەگەڵ داوای دێموکراسی، ئازادییە سیاسییەکان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی نەتەوەیی. لە نێو هێزە چەپەکاندا کە زۆرێکیان لەلایەن ڕێژێمی شاوە لەنێو چوون، هێزە ئاینییەکان سەروەرییان بەدەست هێنا و ناویان لێ نا "شۆڕشی ئیسلامی".

ڕێژیمی ئیسلامی لە سەردەمی دوای شۆڕشدا چەندین گۆڕانکاریی بەسەردا هات؛ گەندەڵیی ئاشکرا، پێڕەوکردنی سیاسەتی هەڵە، قەیرانی ئابووری و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هێنایە ئاراوە. لە ڕاستیدا پێڕەوکردنی سیاسەتی "شۆڕشی ئیسلامی" یەکێک لە خەونەکانی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی بوو.

لە ماوەی ساڵانی دوای شۆڕشدا، بەتایبەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا، ڕێژیم شاهیدی بزووتنەوە و ڕاپەڕینی یەک لە دوای یەک لەلایەن چین و توێژە جیاجیاکانی دانیشتووانەوە لە بەرانبەر پرسە جۆراوجۆرەکانی ئابووری-سیاسی و فەرهەنگی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بووە. تووڕەیی دەیان ساڵە لە سیاسەتی تاریک و گەندەڵیی بەربڵاو، ناکارامەیی و جۆرەکانی جیاکاریی ئاشکرا و سەرکوتکردنی هەر ئۆپۆزسیۆنێک، ئەو هەلومەرجەی خوڵقاند کە هەر پریشکێک زەمینەی ڕاپەڕینێک دروست بکات.

وڵامی ڕێژیم بۆ هەموو ئەو ڕاپەڕینانە، سەرکوتکردنی توندوتیژانە، گرتن، کوشتن و ئەشکەنجەدانی نارازییان، پێوەندیدانەوەی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بە پیلانی بریکارە بیانییەکان و پشتگوێخستنی تووڕەیی و بێهیوایی بەشێکی پەرەسەندوو لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بوو.

شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، لە ئیدارەی گەشتی ئیرشاد، ئەو پریشکە بوو کە کۆگای باروتی تووڕەیی و نارەزایی تەقاندەوە و بەخێرایی لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بووەوە. بە بەراورد لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی پێشوو، ڕاپەڕینی ئێستا گرنگترین و فراوانترین و هاوکات مەترسیدارترین هەڕەشە لەسەر ڕێژیمی ئیسلامییە.

دروشمی ژن، ژیان، ئازادی کە لە بنەڕەتدا دروشمێکی کوردی بوو، هەر زوو بوو بە دروشمی سەرەکیی تەواوی بزووتنەوەکە و بە جوانی داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانی وێنا کرد. ژنان زیاتر لە هەموو گرووپێکی کۆمەڵایەتیی تر بەدەست ئەم دەسەڵاتەوە دەناڵێنن. حیجابی ئیجباری تەنیا لایەنێکە، هەرچەندە لە ڕووی ڕەمزییەوە گرنگترین لایەنی چەوساندنەوەی ژنانە. بۆ نیزامی ئیسلامی، ژن بە بوونەوەرێک لە خزمەت پیاوان و بۆ منداڵبوون و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا هەژمار کراوە.

ڕاپەڕینی ئێستا بەڕوونی ڕاپەڕینێکی گەنجانە بە هەمان شێوەیە. کچان و کوڕانی لاو ڕووبەڕووی ڕەفتار و کولتووری زاڵ بوونەتەوە. گەنجانێک کە لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامی لەدایک بوون و بە سیستەمی پڕوپاگەندەی خۆی گەورە بوون، و لەگەڵ ئەوەشدا ئازایانە یاخی بوون لە فەرهەنگی سەپێنراو....

لایەنێکی گرنگی دیکەی بزووتنەوەی ئێستا بریتییە لە گرێدانی بزووتنەوەی ژنان بە بزووتنەوەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان کە لە سەرەتای کۆماری ئیسلامییەوە لە ژێر دەسەڵاتی نیزامدان.

ڕێژیم بەئەنقەست هێرشی کردە سەر کوردستان بە تۆمەتی جۆراجۆر و بەهیوای وڵامدانەوەی چەکداری و تەنانەت بۆردومانی ئەو ناوچانەی کوردستانی باشووریشی کرد کە زۆرێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێیدا نیشتەجێن. لە بەلووچستان تەقەی لەو کەسانە کرد کە نارەزایەتییان دەربڕی بەرامبەر دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر کچێکی بەلووچ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەلایەن ئەفسەرێکی ئەمنییەوە....

بزووتنەوەی ئێستا بە تەواوی پێشکەوتوو و سەربەخۆیە لە هەموو ڕەوتە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان و هیچ سەرکردایەتییەکی مەرکەزیی نییە. نەبوونی سەرکردایەتی بووەتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەکە بەردەوام بێت، بەڵام پێویستی بە ڕێکخستن و ستراتیژی دەبێت.

زۆر یەک لە زانایان لە بواری سیاسیدا، ڕاپەڕینی ئێستا بە شۆڕشێکی دیکەی ئێران دەزانن و لە ڕاستیدا ئەم ڕاپەڕینە کەشوهەوای قۆناغە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ٥٧ی هەیە. بەڵام بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی ئێستا هێشتا ئەو پێشمەرجانەیان نییە کە بتوانن سیستەمی سیاسی بگۆڕن. بێگومان زۆرینەی ڕەهای خەڵک دەسەڵاتی ئێستایان ناوێت، بەڵام دەسەڵات هێشتا توانای پاراستنی خۆی هەیە. ڕێژیمی ئیسلامی هێشتا توانای پشتبەستن بە ئامێرە بەهێزەکەی سەرکوتکردنەکەی هەیە، واتە هێزێکی سەربازیی دوو قات لە شێوەی سپای پاسداران و بەسیج و سپا و پۆلیس. تا ئێستاش کاریگەریی زۆری لەنێو ڕێکخراوە بناژۆخوازە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا هەیە و دەتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکانی ئێران وەک ئەوەی لە خوزستان  و بەلووچستان و کوردستاندا کردی.

ئەگەرچی ئامێرە ئایدۆلۆژی و ئابوورییەکانی ڕێژیم زۆر لاواز بووە، بەڵام لەنێو ملیۆنان باوەڕداری ئایینی و ئەو کەسانەی کە سوودمەندن لە بناغە و دامەزراوە ئایینییەکان، لایەنگری زۆری هەیە.

جگە لە ئامادەنەبوونی هێزە شۆڕشگێڕەکان و ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکخراو لەم قۆناغەدا، بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی ئێستاش پشت بە پشتیوانی لە دەرەوەی وڵاتەوە دەبەستن. بە دڵنیاییەوە ڕێژیم زیاتر و زیاتر خۆی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا گۆشەگیر کردووە و تەنیا پشتیوانی هەلپەرستانەی ڕووسیا و چین و چەند ڕەوتی ئیسلامی لە ناوچەکەدا هەیە.

ئەوەی وەک بزووتنەوەی نارەزایەتیی چەن مانگی ڕابردوو لە ئێران و بێگومان لەنێو دانیشتووانی دەرەوەی وڵات ڕووی دا، ئەو باوەڕەی بەهێزتر کردووە کە ئێمە لەبەردەم شۆڕشێکی تەواوداین، واتە ئامانجی ئەو نارەزایەتییانە لە چوارچێوەی سیستەم و... لە دەرەوەی سیستەمەکە فەرمانڕەوا دەجووڵێت. بێگومان بەشێک لە چاکسازیخوازان هەوڵ دەدەن چینی دەسەڵاتدار قەناعەت پێبکەن کە هێشتا درەنگ نەبووە بۆ پاشەکشەکردن و هێشتا دەتوانرێت بە قوربانیکردن،  دەسەڵاتدار ڕزگار بکرێت و بگەیەنرێتە کەنارێکی ئارام. بۆیە دەتوانرێت ئەم بزووتنەوەیە بەو شێوەیە هەژمار بکرێت و لەمەودوا پێویستە بیر لە شەپۆلەکانی داهاتووی نارەزایەتییەکە بکەینەوە، کە پێدەچێت حکوومەت بەرەو پاشەکشەی بەرفراوان


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ببات.

یەکێک لەو شەپۆلانە کە لە ئێستادا بەر جەستەی بەرواڵەت سەقامگیری حکوومەت کەوتووە، دەتوانرێت بە بزووتنەوەی گەنجان هەژمار بکرێت. لە ژمارەی دەستگیرکردن و کوژراو و بریندار و ئێعدام و تەنانەت گرتەی ڤیدیۆیی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان، هەڵە نییە بخەملێندرێت کە جەستەی سەرەکیی خۆپیشاندەران گەنجانی چینی ناوەڕاست و هەژارانی شارەکانن. ئەم گەنجانە سوود لە پاڵپشتیی نەوەکانی پێشوویان نابینن، بەڵام هۆکاری سەرەکی کە هاتوونەتە مەیدانەکە و دایک و باوکیان نەبوون، لەوانەیە ئەوە بێت کە لە تەمەنی گەنجیدا هیچ ئاسۆیەکی فراوان لە بەردەمیاندا نابینن.

لە لایەکی ترەوە گەنجان بە بەراورد لەگەڵ نەوەکانی پێشوویان شێوازێکی ژیانی زۆر جیاوازیان هەڵبژاردووە. دامودەزگا زۆر سەقامگیرەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا، وەک بنەماڵە و ئایین، ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە بوونەتەوە و لە فۆرمی ئێستایاندا، توانای ڕاکێشانی گەنجانیان بەتوندی لەدەست داوە.

بێگومان ناکارامەیی حکوومەتی ئێستای ئێران بەراورد ناکرێ بە توانای دیکە لە گۆڕەپانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، بەڵام ئەو پەیوەندییەی کە نەوەی گەنج لەگەڵ حاکمەکانیان هەیانبوو، دەتوانرێت بۆ ئێرانی ئەمڕۆش درێژ بکرێتەوە.

مەیلێکی بوێرانەی وا لە بزووتنەوەی نارەزایەتی-شۆڕشگێڕیی ئەمڕۆدا ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت و داواکارییەکانی پشتگوێ بخرێت. ئەم مەیلە لە سەنتێزی ئەم بزووتنەوەیەدا حەزی لە سەرکردەیەکی دڵ نەرم و ئاشتەوایی و لێبووردەییە کە جیاوازییە کولتووری- شوناسییەکانی ئەم نەوەیە دەناسێت و لەگەڵیدا دەناسرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر لەم بزووتنەوەی نارەزایەتییەدا گەورەترین پشک بدەین بە ژنان و گەنجانی چینی ناوەڕاست و خوارەوە، پێویستە ئەو گوتارە سیاسییەی کە دەتوانێت نوێنەرایەتییان بکات، هێزێکی سیاسیی پێشکەوتنخواز پەروەردەی بکات نەک پاشایەتیخوازەکان.

جگە لەوەش لە ئێستادا بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی روونیان نییە و لە داهاتووی گۆڕانکارییەکان بەپێی بۆچوونی خۆیان (ڕووخاندن نەک شۆڕش)، ئەگەر بیانەوێت نوێنەرایەتیی چینی دەسەڵاتداری ئێستا بکەن لە دەسەڵاتی سیاسیدا، پێویستە کۆنەپەرستترین گوتارەکان هەڵبژێرن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناڕەزایەتیی شەقامەکان بەتەنها ناتوانێت کۆتایی بە دەسەڵاتێکی پاوانخواز بهێنێت. بەرزکردنەوەی بزووتنەوەی ئێستا بۆ ئاستی دۆخێکی شۆڕشگێڕانە پێویستی بە یەکڕیزی و هەماهەنگی نێوان بوارە جیاوازەکانی بەرخودان هەیە. کێشە لێرەدا ئەوەیە کە دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕێکخراو و بەردەوام لەسەر ئاستی نیشتمانی، بەتایبەتی لە پەیوەندیی نێوان شەقام و شوێنی کاردا، ڕووبەڕووی ئاستەنگی جیددی دەبێتەوە.

هەروەها پچڕانی بەردەوامی ئینتەرنێت لە لایەن ڕێژیمەوە، بازرگانیی دەیان هەزار بازرگانی مامناوەند و بچووکی قورستر کردووە.

بەڵام ئەگەر ناڕەزایەتییەکان بەردەوام بن و چڕتر ببنەوە، ئەگەری جووڵانەوەکەیان لەئارادایە.

بەشێوەیەکی گشتی وەک ئاماژەمان پێ دا، ئەو جووڵانەوانەی لە گۆڕەپانە پەرشوبڵاوەکاندا ڕوو دەدەن، بەتەنها بەس نین، سەرەڕای هەموو ئازایەتی، پەیوەندی و هەماهەنگیش پێویستی بە داڕشتنی ستراتیژی و ڕێکخستنی بەرفراوان هەیە.

سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکخراو هەیە، کە ئێران لە ئێستادا کەمی هەیە.

جیاوازییەکی دیکە لە نێوان بزووتنەوەی ئێستا و بزووتنەوەکانی پێشوو ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە دەرەوەی وڵات پشتیوانیان لەم بزووتنەوەیە کردووە.

زۆر ئەستەمە پێشبینی ئاراستەی بزووتنەوەی ئێستا بکرێت لە کورتخایەندا، ئایا سەرکەوتوو دەبێت لە کەوتنەخوارەوەی دەسەڵات، یان وەک بزووتنەوەکانی پێشوو سەرکوت دەکرێت و لە کاتێکی نادیاردا سەرهەڵدەداتەوە. بەپێی ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە چەندە دەخایەنێت، و وەڵامەکانی ڕێژیم چییە، دەتوانێ سیناریۆی زۆر سەرهەڵبدات. ڕێژیمی ئیسلامیش وەک قۆناغە کۆتاییەکانی هەر ڕێژیمێکی دیکتاتۆری ــ ئۆلیگارشی، گەیشتووەتە خاڵی نەگەڕانەوە و ڕووبەڕووی دۆخێکی چەقبەستوو بووەتەوە؛ ئەگەر پاشەکشە بکات، هێزەکانی گۆڕانکاری زیاتریان بەسەردا دێت و ئەگەر نەیکات، لەوانەیە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی دژە شۆڕشی توندوتیژتر ببێتەوە. ڕێبەرانی ڕێژیم بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە کە هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە ناکەنەوە و پاشەکشە ناکەن. هەروەها ئەگەری ئەوەی کە لە ناوەوە چاکسازی لە ڕێژیمەکەیدا بکات، سەلمێنراوە.

ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە ئەگەر ڕێژیم نەیتوانی بزووتنەوەکە سەرکوت بکات یان کۆنترۆڵی بکات، لەوانەیە پەنا بۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چەندین فێڵ و تەڵەکە ببات، لەوانە ڕادەستکردنی دەسەڵات بۆ سپای پاسداران بۆ ترساندنی ئەو هێزانەی کە دەیانەوێت حکوومەت بگۆڕن، یان بە هێرشکردن وڵاتێکی دراوسێ بەو هیوایە زلهێزە بیانییەکان بخاتە تەڵەوە، مەترسی ئاسایشی نیشتمانی دروست دەکات. ئەوەی دەکرێ بە دڵنیاییەوە بگوترێ، بێ گوێدانە ئەوەی لە داهاتوودا چی ڕوو دەدات، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی چیتر بەو شێوەیە نابێت کە پێش ڕاپەڕینی ئەم دواییە بوو یان دەکرا. ئەگەر لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەکە سەرکەوتوویش بێت، هەر شکستخواردوویەکی تەواو دەبێت، چونکە لە گۆڕەپانی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا هێندە لاواز و بێناوبانگ و بێشەرەف کراوە کە جگە لە شکست هیچی دیکەی بەدەست نەهێناوە. بزووتنەوەی ئێستا بە دڵنیاییەوە گەورەترین گورزی لەم دەسەڵاتە داوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ۱۰ی ڕەشەمەی ۱٤۰۱ = ۱ی مارچی ۲۰۲۳



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مستەفا هیجری: خەڵک بەئاشکرا گوتویانە کە "شێخ" و "شا"یان ناوێت



"کوردستان"

تەلەڤیزیۆنی "بی بی سی"ی فارسی لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزب تیشکی خستە سەر خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزب بۆ پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. "کوردستان" وەرگێڕانی ئەم وتووێژە بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە:

**پرسیار**: کاک مستەفا خوێندنەوەی ئێوە بۆ گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران چییە؟ دۆخی نوێی ئێران تەعبیر لە چی دەکات؟

**وەڵام**: ئەم دۆخە چەند پەیامێکی لێ دەخوێندرێتەوە کە گرینگترینیان یەگرتوویی بەهێزی نەتەوەکانە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە تێ کۆشاوە لەنێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێراندا ئاژاوە و ناکۆکی بنێتەوە کە "تەجزییە تەڵەبی"، "دژەشۆڕش بوون" و "بەستراوەبوون بە وڵاتانی بێگانە" شابەیتی ئەو تۆمەتانە بوون و تێچوویەکی زۆریشی بۆ داناوە. بەڵام ئەو یەکگرتووییەی ئێستا "نا"یەکی بەهێز و پڕمانا بۆ کۆماری ئیسلامییە کە پێی دەڵێ سیاسەتی ٤٤ ساڵەی مایەپووچ بووە. پەیامێکی دیکە ئەوەیە خەڵک لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی تەمابڕاو بوون، خۆ ئەگەر سەردەمانێک "ڕێفۆرمخوازەکان" دەیانەویست هیوایەکی بێهوودە بنێنە دڵی خەڵکەوە و ئەو وەهمەیان پەرە پێ دەدا کە کۆماری ئیسلامی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەنگاو بە هەنگاو بەرەو دێموکراسی دەچێتە پێشێ؛ خەڵک ئێستا هێڵی سووریان بە سەر تەواوەتیی ڕێژیمدا هێناوە. گرینگتر لە هەموو شتێکیش ئەوە کە خەڵک ئێستا بە هەموو جۆراوجۆرییە ئایینی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکگر و یەکریز بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە هاتوونەتە مەیدان.

**پرسیار**: سەنگ و قورسایی حیزبەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی چەند مانگی ڕابردوو بەدوای کوژرانی ژینا ئەمینی چەند بووە؟

**وەڵام**: دەزانین کۆماری ئیسلامی هەمیشە جاری ئەوەی داوە کە حیزبە کوردییەکان نەماون و کاریگەرییەکیان لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان نییە. بەڵام دوای ناشتنی ژینا لە سەقز ئێمە لە ناوەندی هاوکاری داوامان کرد خەڵک بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە کوشتنی ژینا مان بگرن. دوایە داوامان کرد بێنە سەرشەقام و هەمووان بینیمان کە خەڵک یەکگر و یەکپارچە بەرەوپیلی داواکەمانەوە هاتن. بۆیە بە لێبڕاوییەوە دەڵێم چەخماغەی ئەو شۆڕشە لە کوردستان، ئەویش بە ڕێنوێنیی حیزبە کوردییەکان لێدرا. کۆماری ئیسلامییش بۆ یەکەمجار ڕایگەیاند کە "ئاژاوە" و "بشێوی"یەکان لە کوردستانەوە هەڵقوڵیون و حیزبە کوردییەکانیش کە بە "دژی شۆڕش" ناویان دەبات، هۆکار و پێشەنگی ئەو ڕێکخستنانە بوون.

**پرسیار**: چەند حەوتوو دوای دەستپێکی خۆپێشاندانەکان بنکەکانی ئێوە و کۆمەڵە و حیزبە کوردییەکانی دیکە لە عێراق کرانە ئامانجی هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران. پێتان وایە بۆ لەو کاتەدا ئەو هێرشانە کرانە سەر ئێوە؟

**وەڵام**: ویستی بەو بەشە لە خەڵک کە هێشتا پشتی ڕێژیمیان گرتووە پیشان بدات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا هێز و دەسەڵاتی بانی هەیە و دەتوانێ تۆڵەی ئەو ڕێکخستن و جموجۆڵانە لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکاتەوە. بۆیە کراینە ئامانجی بۆردومانەکان و بەداخەوە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان و ژن و تەنانەت منداڵیش لەو هێرشانەدا شەهید بوون.

**پرسیار**: چەند حەوتوو پێش تەقینەوەیەک لە کۆمەڵەیەکی پیشەسازیی بەرگریی ئێران ڕووی دا و وەزارەتی ئیتلاعات ئیدیعای کرد حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی کە لە کوردستانی عێراقن لەسەر داوای ناوەندێکی هەواڵگری ئەو کارەیان کردووە؛ دیارە کە مەبەستیشیان لەوانەیە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بێت .ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەربەخۆ هیچ جموجۆڵێکی سەربازیی لە خاکی ئێراندا بووە، یان ئەوەی لەسەر داوای وڵاتێکی بیانی وەک ئەمریکا یان ئیسرائیل کارێکی وا بکات؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**وەڵام:** ئەوەش بەشێکی دیکە لە تۆمەتبەشینەوەکانی کۆماری ئیسلامییە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام لەدژی حیزبەکەی ئێمە لەسەر زاریان بووە. لەو پێوەندییەدا دەبێ بڵێم ئێمە لە بەیاننامەکەیدا ئەو تۆمەتەمان ڕەت کردۆتەوە و لەو دەرفەتەشدا پێداگری دەکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوپەیمانەکانی ئێمەش لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی بە هیچ جۆرێک هیچ عەمەلیاتێکی سەربازیمان لەسەر داوای هیچ لایەنێک لە دژی ئێران نەکردووە. ئەو چالاکییانەش کە ئێمە هەمانە خواست و داوای خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و لە پێناو ئازادیی ئێران و سەربەستیی کوردستانی ئێرانە؛ ئەویش خەبات لە پێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**پرسیار:** ئێوە توانایی ئەو جۆرە عەمەلیاتەتان هەیە لەسەری تۆمەتبار کراون؟ بێتوو ئێوە بتانەوێ، ئاخۆ دەتوانن لە تاران، شیراز و ئیسفەهان هێرش بکەنە سەر کۆمەڵەیەکی سەربازی، پێترۆشیمی یان ئامانجێکی تر؟

**وەڵام:** نەخێر، ئێمە ئەو توانایەمان نییە.

**پرسیار:** زۆر کەس دەپرسن ئێوە کە بەردەوام هێرشتان دەکرێتە سەر و تەنانەت هەڕەشەی هێرشی زەمینی لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانتان لەسەرە، بەڵام ئامادە نین دژکردەوەتان هەبێت. تەنانەت لەو ڕاپەڕینەدا و لە کاتێکدا زۆر لە شارەکان دەکرا بکەونە دەست خەڵک و لە هێزەکانی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم داماڵدرێن و ئەوە دەیتوانی ببێتە جێی هیوا و هۆمێدیش بۆ شارەکانی دیکەی ئێران؛ کەچی حیزبەکەی ئێوە دەستیان پاراست. بۆ؟

**وەڵام:** ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە بووین بێتوو هێزەکانی ئێمە لە فازی چەکداریدا چووبانە نێو ئەو هاوکێشەیە، کۆماری ئیسلامیی ئێران بیانوویەکی باشی بۆ سەرکوتی خوێناویی زیاتر لە کوردستان دەست دەکەوت و خەڵک پتر دەکەوتنە بەر شاڵاوی زەبروزەنگ و کوشتار؛ هەروەها لەوانە بوو کوردستان پتر کاول بکرێت. بۆیە ئێمە نەمانویست ئەو بیانووە بدەینە دەست ڕێژیم. خەڵک بە دەستی بەتاڵ هاتبوونە سە شەقام و بەگژ هێزەکانی ڕێژیمدا چووبوونەوە. هەر ئەوکات لەنێو خەڵکیشدا هەبوون داوایان لە ئێمە دەکرد فریایان کەوین و هێزی پێشمەرگە بنێرینەوە. بەڵام ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی ئێمە ئەوە بوو، تەنانەت خۆم پەیامم دا خەڵک هەوڵ بدەن خۆ لە توندوتیژی بپارێزن، چونکی کۆماری ئیسلامی ڕێک ئەوەی دەوێ. ڕێژیم دەیەوێ ڕوخسارێکی توندوتیژ لە کوردستان و لە خەباتی خەڵکی کورد لە بەرچاوی ئێرانییەکان و بیروڕای گشتیی جیهانیش وێنا بکات؛ بەوەش ڕەوایی بە سەرکوتی خوێناویی پتری خەڵکی کوردستان بدات. بەڵام ئێمە ئەو بیانوویەمان نەدایە دەست ڕێژیم و لام وایە دەکرێ ئەوە بە یەکێک لە دەسکەوتە سیاسییەکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو ڕاپەڕینەدا دابندرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پرسیار:** زۆر کەس و لایەنی غەیرەکورد دەپرسن حیزبەکانی وەک حیزبی دێموکرات بە زیاتر لە ٧٥ ساڵ ڕابردوو کە مانیفێستتان هەیە، بەڵام خۆتان لە چوارچێوەی کوردستاندا سنووردار کردووە و نەتانتوانیوە خۆتان وەک ئاڵترناتیڤ جێ بخەن. ئێوە بیرتان لەوە کردۆتەوە چەکەکانتان وەلا بنێن و دەست بە چالاکیی سیاسی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بکەن؟

**وەڵام:** ئەو باسە لێرە و لەوێ لەنێو حیزبی خۆیشماندا دەکرێت و کەسانی خاوەن بۆچوون لە کوردستانیش هێناویانەتە گۆڕێ. بەڵام ئێمە هەتا ئێستاش وامان بە سەلاح زانیوە لەنێو چوارچێوەی کوردستاندا چالاکییەکانمان درێژە پێ بدەین و ئەوەمان بۆ قۆناغی ئێستا پێ باش بووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هێشتا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتەکەی بەوجۆرەی کە پێویستە و لەئاست قورسایی حیزبدایە. لە ناوچەکانی دیکەی ئێران نەناسراوە.

**پرسیار:** ئێمە نموونەی وەک پارتی دێموکراتیکی گەلان لە تورکیەمان هەبوو، ئەگەرچ ئێستا بەهۆی قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان لەگەڵ پ ک ک و بارودۆخی نیزامی، ڕەوشەکە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە؛ بەڵام ئەوان توانییان دەنگی زۆر لە تورکەکان ڕابکێشن. ئێوە مۆدێلێکی ئەوتۆ بۆ حیزبە کوردییەکان لە ئێراندا نابینن کە بە خستەڕووی بەرنامەکانیان بتوانن لە دۆخێکدا کە مەجالی هەڵبژاردنی ئازاد هەبێت، وەک ئالترناتیڤ دەر بکەون؟

**وەڵام:** ئێمە دەبێ تایبەتمەندی و دۆخی سیاسیی تورکیە و ئەوەی لە ئێران هەیە لەبەرچاومان بێت. لە تورکیە تا ڕادەیەک دێموکراسی هەیە، بۆیەشە حیزبی وەک HDP توانی لەو کەشی ئازادی و دێموکراسییەدا جووڵانەوە مەدەنییەی خۆی بەرەوپێش ببات و لەگەڵ یەک دوو حیزبی دیکە هاوپەیمانی پێک بێنێت؛ دواتر لەو هەڵبژاردنە ئازادەی لەوێ هەیە، ژمارەیەکی زۆر نوێنەر بنێرێتە پارلمانی ئەو وڵاتە. بەڵام لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا وەها زەرفییەتێک نەک بۆ خەڵکی کوردستان پێکنەهاتووە، بەڵکوو هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران سنووردار بوون و هیچ هەڵبژاردنێک لەم وڵاتە ئازاد نییە.

**پرسیار:** ئێستا باسێکی سەرەکت لە دەرەوەی ئێران و لە نێوخۆش لەلایەن چالاکانی سیاسی ئەوەیە یەکدەنگ و یەکگر لە پێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیدا تواناکانیان بخەنە سەر یەک. ئێوە وەک ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ دیدار و چاوپێکەوتنتان لەگەڵ ئەو کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییانە بووە، بۆ نموونە ڕەزا پەهلەوی؟

**وەڵام:** ئێمە لەگەڵ بەشێک لەو کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییانە لە دەرەوەی وڵات یەکترمان بینیوە و پێوەندیمان لەگەڵیان بووە، لە قۆناغێکدا لەگەڵ ڕەزا پەهلەوییش کۆ بووینەتەوە؛ بەڵام لەو قۆناغەدا ئەو یەکیەتییە و هاوپەیمانییە لەنێوان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حیزبەکاندا زۆر دژوارە و بەداخەوە خاڵی لاوازی جووڵانەوەکەش هەر ئەوەیە. سیاسەتی حیزبی دێموکرات دیالۆگ و دانیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ هەموو کەسایەتی و لایەنەکانە، جا ئەوان هەڵگری هەر جۆر بیرکردنەوە و تێگەیشتنێک بن، بەڵام کاتێک دێینە سەر پرسی هاوپەیمانی و باس لە دۆخ و داواکان دێتە گۆڕێ؛ هێشتا بەتەواوی ڕەزامەندی لەگەڵ ئەو خواست و داوایانە نەدراوتە ئێمە.

**پرسیار**: لەجێدا ئێوە ئامادەن لەگەڵ کەسێکی وەک شازادە ڕەزا پەهلەوی هاوکاری بکەن؟

**وەڵام**: نەخێر. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و وەک خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بە هیچ جۆرێک ئامادە نین لەگەڵ بەڕێزیان هاوکاریمان هەبێت.

**پرسیار**: لەبەرچی؟

**وەڵام**: هۆکارەکەی مێژووییە. کاتی خۆی دوای سەرکەوتنی شۆڕشێ گەلانی ئێران خەڵک لە ڕیفراندۆمێکدا بەشدارییان کرد کە لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی تەنیا دوو هەڵبژاردنی خستبووە بەردەم خەڵک: یان ڕژێمی پاشایەتی، یان کۆماری ئیسلامی. خەڵک ئەوکات ڕژێمی پاشایەتییان تاقی کردبۆوە و ئەزموون و بیرەوەریی تاڵیان لەو ڕێژیمە سایسییە هەبوو، بۆیە پێکەوە و یەکگرتووانە ڕووخاندیان؛ بەڵام کۆماری ئیسلامییان نەدەناسی و هەر لەو سۆنگەیەوە دەنگیان پێ دا. ئەگەرچی ئێمە ئەوکات لەو ڕیفراندۆمەدا بەشدار نەبووین، بەڵام ئێستا هەم ئەزموونی سەردەمی دەسەڵاتدارەتی پاشایەتی و هەم ئەزموونی کۆماری ئیسلامیمان هەیە. بۆیە هیچ ناچار نین لەنێوان ئەو دووانەدا یەکیان هەڵبژێرین.

**پرسیار**: ئەدی پێشنیاری ئێوە چییە؟

**وەڵام**: ئێمە هەمیشە گوتومانە کە حکوومەتێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فێدراڵمان دەوێ. حکوومەتێک لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەموو ناوچەکان و هەموو نەتەوەکانی ئێرانی، بە جۆرێک کە خەڵکی ئێران ئەو دەسەڵاتە بە هی خۆیانی بزانن و خۆیان لە بەڕێوەبردنی تەواوەتیی ئێران و ناوچەکانی خۆیاندا بەپێی یاسای بنەڕەتیی وڵات بە هاوبەش و بەشدار بزانن.

**پرسیار**: ئەگەر ئێوە شازادە ڕەزا پەهلەویتان قەبووڵ نییە، ئەدی لە بنەڕەتڕا بۆ لەگەڵی دانیشتوون و قسە و باستان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بووە؟

**وەڵام**: دواقسەکانی بەڕێزیان کە باسی لە جیاییخوازی و ئەو بابەتە کلێشەیی و نێوبەتاڵانە کرد، جۆرێکی دی هێڵبەندیی هەڵوێستەکانی کرد و هەر ئەو بابەتە کلێشەییانەی لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا دەکرێن. قسەکانی ئەو ناڕاستەوخۆ ڕوو لە خەڵکی کوردستان و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران بوو. هەر ئەوەش قسە و دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ بەڕێزیانی سەخت و دژوار کردووە.

**پرسیار**: بێتوو لە ئێران هەڵبژاردنێکی ئازاد بەڕێوە بچێت و خەڵک دەنگ بدەن شازادە پەهلەوی وەک پاشای ئێران هەڵبژێردرێ، لەو بارودۆخەشدا ئامادە نین هاوکاریی لەگەڵ بکەن؟

**وەڵام**: ئەوە فەرزی نیزیک بە مەحاڵە. چونکی لە خۆپێشاندانەکانی چەند مانگی ڕابردوودا خەڵک بەئاشکرا و چەند جارێک ڕایانگەیاندووە کە "شێخ" و "شا"یان ناوێت. ئێمەی کوردیش ڕێژیمی پاشایەتیمان ناوێت. بەڵام بە فەرزی مەحاڵ ئەگەر ڕۆژێکیش بە هەر هۆیەک شتێکی وا لە ئێراندا ڕوو بدات، سروشتییە ئەوە خەڵکی ئێرانن دوابڕیار دەدەن. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئێمە ئەوکاتیش لە ویست و داواکانمان پاشگەز بینەوە.

**پرسیار**: حامید ئیسماعیلیون، وتەبێژ و دەبیری کۆمەڵەی گیانبەختکردووانی فڕینی ٧٥٢ وەک کەسێک کە دەتوانێ زۆران لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و لە ڕابردووشدا بینیمان کە توانیویەتی بە بانگەوازەکانی دەیان هەزار کەس لە ئاڵمان و کانادا کۆ بکاتەوە کە ئەو میتینگانە لە دەرەوەی وڵات لە مێژووی چالاکیی ئێرانییەکاندا کەموێنە بووە. ئێوە لەگەڵ بەڕێزیان هیچ پێوەندییەکتان بووە؟

**وەڵام**: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات تا ئێستا لەگەڵی دانەنیشتووین. بەڵام هاوپەیمانەکانمان لەگەڵی دانیشتوون و ئێمەش بەتەماین پێوەندیی ڕاستەوخۆمان لەگەڵی هەبێت.

**پرسیار**: ئێوە ئەگەر سێ هەڵبژاردنتان هەبێت، بڵێن ئێوە ئامادەن لەگەڵ شازادە پەهلەوی، حامید ئیسماعیلیون و مەسیح عەلینژاد ڕێبەریی ئەو جووڵانەوەیە بکەن، لەگەڵ کامیان شانسی زیاتر هەیە کە بتوانن لەسەر بۆچوون و ڕوانگە و ویست و داخوازەکانی کورد لەگەڵی پێ بێن؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**وەڵام:** ئەگەری هاوکاریی ئێمە لەگەڵ ئەو گرووپە بەدەر لە ئاغای ڕەزا پەهلەوی و مەشرووتەخوازەکان لە هەموان زیاترە. لەبەر ئەوەی لە باس و قسەکانیاندا ڕایانگەیاندووە کە لایەنگری چارەسەری پرسی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران، یەک لەوان کوردەکانن.

**پرسیار:** لە چەند مانگی ڕابردوودا لەلایەن فەرماندەکانی سپای پاسدارانەوە بەردەوام هەڕەشەتان لەسەر بووە و تەنانەت هەڕەشەی ئەوە بۆ لێدان لە ئێوە بێنە نێو خاکی کوردستانی عێراقەوە و داوایان لە حکوومەتی ناوەندیی عێراق کردووە ئێوە لەو وڵاتە وەدەر بنێت و لەو پێوەندییەدا گوشاریان خستووەتە سەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە. دۆخی ئێوە ئێستا چۆنە؟ من سەردانی بنکەکانی ئێوەم کردووە ئەوانەی هێرشی مووشەکییان کرابووە سەر و بینیم کە زۆربەیان چۆڵ کراون.

**وەڵام:** بێتوو هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشمان بکەنە سەر بە هەموو تواناوە بەرگری لە خۆمان دەکەین. ئەگەرچی من پێموایە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دۆخێکدا نییە کە بتوانێ لە زەوییەوە سنوور ببەزێنێت و هێرشمان بکاتە سەر.

**پرسیار:** دوای خۆپیشاندانە بەربەرینەکانی ئەم دواییانە کە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئێوە لەگەڵ گرووپ و دەوڵەتەلان بەتایبەت ئەمریکاییەکان دانیشتوون؟

**وەڵام:** بەڵێ ئێمە لەگەڵ ئەمریکایی و وڵاتانی ئورووپایی و لەگەڵ زۆر کەسایەتیی سیاسی هەم پێوەندیمان بووە و هەم ئێستاش لەگەڵیان لە پێوەندیداین.

**پرسیار:** ئەو ئاسۆی ئەم بزووتنەوەیە کە بە "ژن، ژیان ئازادی" ناوبانگی دەرکردووە چۆن دەبینن؟ پێتان وایە دەگاتە کوێ؟

**وەڵام:** ئەو جووڵانەوەیە لەوانەیە هەوراز و نشێوی هەبێت، بەڵام ڕاوەستانی نییە. بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە ڕاستیدا وای کرد ترسی خەڵک لە ڕێژیم بتەکێتەوە و شەرعییەتی ڕێژیمی سیاسی لە ڕووی ئایینی، سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەتەواوی خەوشدار ببێت. لە ڕووی ئابوورییشەوە ڕێژیم زەبری گورچکبڕی لێ کەوتووە.

**پرسیار:** لە چەند مانگی ڕابردوودا دوو بەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای چەند ساڵ یەکتان گرتەوە. بەنیازن کۆنگرە بگرن؟ پرسی ڕێبەریی حیزب لە داهاتوو چۆن دەبێت؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**وەڵام:** ئێمە ئێستا یەکمان گرتۆتەوە و ئۆرگانە حیزبییەکان و کادر و پێشمەرگەکانمان بەتەواوی ڕێکخراونەتەوە و پێکەوە کار دەکەین. پرۆسەی یەکگرتنەوەکە زۆر بەباشی دەچێتە پێش. بەپێی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەمان لانیزۆر هەتا ساڵێک دوای یەکگرتنەوە کۆنگرەیەکی هاوبەش بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانمان دەگرین و لەو کۆنگرەیەدا ڕێبەریی نوێ هەڵدەبژێرین.

**پرسیار:** بەتەمان بۆ دەورەیەکی دیکەش خۆتان کاندید بکەنەوە؟

**وەڵام:** هێشتا زووە. لەئێستاوە ناتوانم ئەوە بڵێم.

**پرسیار:** کۆمەڵە سێ بەش بوو، و ئێستا دوو بەشیان یەکیان گرتۆتەوە. ئێمە بینیمان کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان بانگەوازیان دەدا و "پژاک"یش لەگەڵ ئێوە هاوئاهەنگ بوو. لە دەرەوەی ناوەندی هاوکاری، یانی دێموکرات و کۆمەڵە هەوڵتان داوە لەگەڵ پژاک دابنیشن و پتر هەماهەنگ بن؟

**وەڵام:** ئێمە لەمێژە ئەوەمان لە بەرنامەدایە و هەر لەجێدا یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو بنەڕەتە بوو کە کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی دەبێ بەهێز و یەکگر و یەکگرتوو بێت. ئەو بەهێزییەش لە یەکگرتن و پێکەوەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە ئێمە بەڵێنی خۆمان بە خەڵکی کوردستان بردە سەر. بەڵام ئێمە نەک هەر لەگەڵ کۆمەڵە، بەڵکوو لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە دیار و بەرچاون، دانیشتنمان هەیە کە "پژاک"یش یەک لەوانە. بەخۆشییەوە دەتوانم بڵێم لە ئێستادا هیچ گرژییەک لەنێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا نییە و پێکەوە کارەکان دەبەینە پێش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی ڕەشەمەی ١٤٠١ = ١ی مارچی ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سەبارەت بە مەنشووری کوردستان؛

## یەکگرتوویی کورد لە سەردەمی ١٣٥٨دا و پەرتەوازەبوونی ئێستای ڕێکخراوە سیاسییەکان




**عەزیز مامڵێ**

بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە پاش ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و دەسپێکردنی ململانێ و کێشەکانی لەگەڵ دامەزرانی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامییەوە، دەرئەنجامی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەرچاوی مێژوویی بوو کە نەک هەر ئەورۆ بگرە لە داهاتووشدا بۆ خەڵک و پێشمەرگە و بەشداران و چالاکوانانی ئەو سەروبەندە وەک هێمای شانازی دەمێنێتەوە. بنچینەی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەو تایبەتمەندییانە لە بەستێنی یەکڕیزیی هێزەکان و پشتگریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا پێناسە دەکرێت.

لەو ڕۆژانەی دواییدا بانگەوازێک لە لایەن هەندێک لە هەڵسووڕاوان، چالاکوانانی سیاسی و ڕووناکبیرانی کوردی دەرەوەی وڵاتەوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بووەتەوە. لەو بانگەوازەدا، لەسەر پێویستبوونی دارشتنەوەی گەڵاڵەیەک کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بتوانێت وەک مانیفێست یان مەنشوورێکی هەمەلایەنە شێوازی دارشتنی دەسەڵات لە داهاتووی ئێراندا دیاری بکات، جەخت کراوە.

ئاوا دەسپێشخەرییەک گەلێک دڵسۆزانە و بەرپرسیارانەیە. نووسراوەیەکی لەو شێوەیە ئاڵنگارییەکی بەقەدرە بۆ سەرجەم دڵسۆزانی کورد و بە تایبەت بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان.

لە پێناو قووڵترکردنەوەی تێڕوانینەکان و شیکردنەوەی وردتری باس و بابەتەکاندا، هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای کوردستان و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٥٨ دا گەلێک پێویستە، بە تایبەت بۆ لاوانی کورد و لە هەموان زیاتریش بۆ ژنانی پێگەیشتوو کە سەرقافڵەی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»ن.

لە سەروبەندی شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٣٥٨ دا دۆخێکی تایبەت بەسەر هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا زاڵ ببوو. هێرشەکانی پاسداران و ئەرتەش بۆ سەر نەتەوەی کورد بێئاکام مابۆوە، پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزی بەرگری و پاراستنی گەل و داخوازییەکانی کورد، نەخشە گڵاوە سەربازییەکەی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیی پووچەڵ کردبۆوە. خومەینی داوای وتووێژی لەگەڵ کورد کردبوو. کورد کەوتبووە بەر دووڕیانێک: هێزە سیاسییەکان هەریەکە بەتەنها و بۆ خۆیان بەشداری لە وتووێژدا بکەن یان بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی؟

ئەو پرسیارە هەستیارە سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، زەخت و گوشارێکی بەربڵاو و بەرچاو لە ئارادا بوو بۆ یەکگرتوویی و خۆپاراستن لە پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە داخوازیی جۆراو جۆر و مەرجە جیاوازەکانیان ببوونە ڕێگرێک لە بەرانبەر یەکڕیزیدا.

هێزە سیاسییەکان فرە لە یەک دوور بوون، مەرجەکانیان ببووە کۆسپی سەرەکی لە بەردەم نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتندا. بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تەوژمێکی ئەرێنیی بەرفراوانیان دەست پێ کردبوو و بەبێ پشوودان داوای دیالۆگ و دانوستانی جیدیی ناوخۆییان لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەکرد. پاش جموجۆڵ و تێکۆشانێکی زۆر و ڕۆیشتنی هەیئەتە نێردراوەکانی خەڵک بۆ بنکە و بارەگای هێزە سیاسییەکان لە سەر چیاکانی کوردستان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەرپرسانی حیزبەکاندا، ئەو هێزانە دواجار ناچار بوون مل بە داخوازییەکانی خەڵک بدەن و خۆ ڕادەستی ڕاستییەکان و جۆرە پراگماتیزمێکی سیاسی بکەن. هەستی پاک و وریایی بەرزی خەڵک بوو بە هۆکارێکی گرنگ بۆ دامەزراندنی «هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد» کە وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی سیاسەت و یەکڕیزیی کوردستان و لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مێژووی کورددا دەدرەوشێتەوە.

ئەمڕۆ مێژوو بە جۆرێک لە جۆرەکان خەریکە دووپات دەبێتەوە، بەڵام نەک لە ناوخۆ بەڵکوو لە دەرەوی ئێران و کوردستاندا. دەسەڵاتی ئەوڕوی ئێران هەروەک ڕژێمی پێشوو کەوتۆتە بەردەم شۆڕش و ئاوەژووبوونەوە و گلۆڵەی سەقامگرتوویی ڕژێمی ئێران کەوتۆتە لێژایی، ئەمەش لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا. لە دەرەوەش، هەر وەک ساڵی ٥٧، لایەنێکی کۆنەپارێز خەریکە بە ناحەق دەست بەسەر شۆڕشەکەدا بگرێت. چ لە کوردستان و چ لە دیاسپۆرا، کورد دەورێکی گرنگی هەیە. لە ناوخۆی ئێراندا بیست کۆڕ و کۆمەڵ و دامەزراوەی پیشەیی و مەدەنی و فەرهەنگی داخوازییەکانی خۆیان خستۆتە بەرچاو و پشتگریی بەرەی چەپ و کۆماریخواز و دیموکراتیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

بانگەوازی ڕووناکبیران و چالاکوانانی کورد لە ئەورووپا بۆ ئامادەکردنی مەنشوورێکی لانیکەمی لە داخوازییەکانی کورد لە هەلێکی لەبار و گونجاودا بڵاو بووەتەوە؛ نزیک بە چوارسەد کەس لە دڵسۆزانی تێگەیشتووی کوردستان ئاواتەخوازن کە کوردیش مەنشووری خۆی بە دەستەوە بگرێ و داخوازییە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی گەلاڵە و پێشکەشی ڕای گشتیی کوردستان و ئێرانی بکات. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: چ کەس و لایەنگەلێک دەبێ ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ و بە چ شێوەیەک؟

**ئاوڕدانەوەیەک لە ساڵی ١٣٥٨ و قووڵبوونەوە لە دۆخی ئەو کاتەی کوردستان پێمان دەسەلمێنێ کە:**

١- ڕەمزی سەرکەوتنی کورد لە بەڕیوەبردنی باشی وتووێژەکان لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی ئێراندا، دەگەڕایەوە بۆ بەشداربوون لە پێکهاتەیەکی دیاریکراودا کە بەتایبەت و دوای زەحمەت و هەوڵێکی زۆر بۆ وتووێژ دامەزرابوو؛

٢- لە هەلومەرجی سیاسی و ڕێکخراوەیی کوردستان و خۆبەزلزانیی هێزەکان لەو سەروبەندەدا، بەبێ هەوڵە نەپساوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی ئەو سەردەمەی کوردستان دیار نەبوو کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان چۆن دەیانتوانی خۆ لە شپرزەیی و شڵەژاوی ڕزگار بکەن، گەلۆ دۆخی ئێستا لەگەڵ ئەو سەردەمەدا جیاوازیی هەیە، ئاخۆ گۆڕانکاری بەسەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوڕۆی کورددا هاتووە؟؛

٣- هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بە لێهاتوویی بەرەنگاری دۆخە سیاسییەکان بۆوە و بە یەکگرتوویی و بە یەک زمان و یەک پێکهاتە لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەتی ئێراندا کەوتە دانوستاندن؛



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٤- كۆی گەلاڵەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ خودموختاریی كوردستان بە كۆدەنگیی گشت لایەنەكان پێشكەشی میدیاكان و ڕای گشتیی ئێران كرا.

كۆمەڵگای مەدەنیی ئەوڕۆی كوردستان گەلێک بەهێز و بەپێزە. فرە دڵسۆز و دڵفراوانە و بە وریایی چاوی بڕیوەتە سەر هەڵسوكەوت و هەڵوێستی ڕێكخراوە سیاسییە چالاكەكانی ناو گۆڕەپانی سیاسیی كوردستان. چاوەڕوانیی ڕێكخراوە مەدەنییەكان و كەسایەتییەكان و كۆڕ و كۆمەڵانی خەڵک لە حیزبە سیاسییەكان ئەوەیە كە چەمكی یەكڕیزی لە بیر نەبەنەوە و بایەخی پێ بدەن.

ئەگەر گەلاڵە مێژووییە ٢٦ خاڵییەكە لە لایەن سەرجەم ڕێكخراوە سیاسییەكانی كوردستانەوە پەسند كرا و جێگیر بوو، لەبەر ئەوە بوو كە پێشتر لەژێر ناوی «هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی كورد»دا یەكگرتوویی و یەكڕیزی لە نێوان هێزە كوردییەكاندا پێک هاتبوو. دۆخی ئەوڕۆی كوردستان جارێكی دیكە ئەو داواكارییە دەخاتە بەردەم حیزب و ڕێكخراوە سیاسییەكان، ئەمە كۆی هێزەكان دەگرێتەوە، وا نییە كە هەندێک بگرێتەوە و ئەوانی تر نەگرێتەوە، یاخود هەندێكیان هەبن و ئەوانی تریان نەبن.

ڕوون و ئاشكرا و پێویستە كە هەتا قبووڵكردنی یەكتر لە ئارادا نەبێت و لە دووتوێی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا چەشنە یەكیەتییەک لە نێوان سەرجەم هێزە سیاسییەكانی كوردستاندا پەروەردە نەكرێت و نەیەتە دی، لە بەرژەوەندیی گشتیی كوردستاندا ناگونجێ كە یەک یان چەند لایەن گەلاڵەی داخوازییەكانی كورد لە ژێر سەردێڕی «مەنشووری كوردستان»دا بنووسن و بڵاوی بكەنەوە، چونكە هەر لەسەر كاغەز دەمێنێتەوە... ئاوا پێشهاتێک دەبێتە هۆی ئاڕاستەكردنی چەند «مەنشوور» كە ئەمەش ناتەبایی و نایەكڕیزیی بزووتنەوەی كوردستانی لێ دەكەوێتەوە.

بێگومان زۆر پێویستەكە هەوڵەكان چڕوپڕ بكرێتەوە بۆ دەسپێكردنی ئەو ئەركە گرنگە، ئەمەش یەكانگیرە لەگەڵ چاوەڕوانیكردن بۆ دانیشتن و دیالۆگی نێوان سەرجەم هێزەكانی كوردستان لەگەڵ یەكدا بە ئامانجی نزیكبوونەوە، لێكتێگەیشتن و دامەزراندنی نوێنەرایەتییەک لانیكەم بۆ داڕشتن و گەلاڵەكردنی ئەو مەنشوور و مانیفێستە نیشتمانییە.

سەردەمی ئێستا لە دۆخی ٥٨ دژوارتر نییە. ڕاستە كە بە داخەوە سێ كەسایەتیی پایەبەرزی ئەودەمی بزووتنەوەی كورد، واتە سارمخانی سادق وەزیری، مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسێنی و دوكتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، لە مەیدانی سیاسیی ئەوڕۆدا نین، بەڵام كۆمەڵگای مەدەنیی كوردستان گەلێک بەتوانا و لێهاتووە و دەتوانێت لە بەرانبەر دیاردەی پڕ لە زیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و خەساری پاوانخوازیدا بوەستێت کە بێگومان دەشێت زەبرێکی گورچکبڕ لە کۆمەڵگەی ڕێکخراوەیی ئەوڕۆی کوردستان بدات کە لە هەموو وەخت زیاتر پێویستی بە یەکیەتی و یەکگرتوویە.

تایبەتمەندییە بەنرخەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد ئەوڕۆکەش دەبێ لە بەرچاو بگیرێت و دەرسیان لێ وەربگرین؛ زەنگی ترسناک نابێ لێ بدرێت، کۆڵانەکانی بەرژەوەندیی کورد نابێ دابخرێن، ڕێکاری تاکلایەنە وەڵامدەر نیە، پانتاییەکان و بەستێنەکانی خەبات دەبێ فراوانتر بکرێنەوە و هەوڵەکان دەبێ بە ئاڕاستەی ڕێزگرتن لە پلۆرالیزمی سیاسی و ڕێکخراوەیی کوردستاندا بن. ئەگەر لە جیات یەکگرتوویی و یەکڕیزی، هەست و هەوڵی سڕینەوەی یەکتر لە ئارادا بێ، نەک هەر ئیمکان و ئەگەری نووسینەوەی «مەنشوور» پێک نایەت، بەڵکوو لە داهاتووی پاش کۆماری ئیسلامییشدا کێشەی قووڵ و مەترسیدار بەرۆکمان پێ دەگرێت.

با هەموو بە یەکەوە بەرەو یەکڕیزی و یەک زمانی هەنگاو هەڵگرین، با بۆ ئامادەکردنی یەکگرتووانەی «مەنشووری کوردستان» و ڕاگەیاندنی بە گەلانی ئێران هەموو هەوڵ و توانامان لەسەر یەک کۆ بکەینەوە.

عەزیز ماملێ

فەرانسە،

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی وریا ماملێ – ڕێکەوتی: ١ی مانگی مارسی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆچی کوردستان، بوو بە چاو و چرای ئێران؟




سایتی پەیام

ئەم دروشمەی کە لە ماوەیەکی کورتدا لە فەزای سیاسی ئێران دەنگی دایەوە، تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ئەم دواییە لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و دروشمە سەرەکیەکەی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستان سەری هەڵدا، بەڵکو بەم هۆکارە واقعیە بوو کە کوردستان لە ماوەی چل و چەند ساڵی ڕابردودا ملی بۆ حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی کەچ نەکردوە و خۆڕاگریەکی لە قامەتی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا بەرەو پێش بردوە. لە هەمان ڕۆژی یەکەمەوە، خەڵکی کوردستان لێبڕاوانە وڵامی ڕەدیان بە ڕێفڕاندۆمی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی دایەوە، لەگەڵ دەستپێکی هێرشی نیزامی حکومەتی ئیسلامی، چوونە سەنگەری خۆڕاگرییەوە و ئەم خۆڕاگریەیان بەسەر بەرزی لە شێوازی چەکدارانە، لە مانگرتنی سیاسیدا، بە تێکۆشانی مەدەنی و هیتر لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی تا بەمڕۆ درێژە پێداوە. خەڵکی کوردستان چ لە ڕابردودا و چ ئەمڕۆ، لە خەبات بۆ بەهرەمەند بوون لە ئازادی و یەکسانی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شیاوی ئینسان خۆیان بە هاو چارەنووسی خەڵکی ئازار چەشتو لە هەموو ئێراندا دەزانن و بەردەوام لە ڕاستای پتەوکردنی ئەم هاوپشتییەدا هەنگاویان هەڵێناوەتەوە.

بەڵام لەمڕۆدا بێجگە لە کۆماری ئیسلامی کە لە هەوڵدایە بە دروست کردنی دووبەرەکی لە ڕیزی خەڵکی ستەمدیتودا و درێژەدان بە سەرکوت، پاشەکشە بەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانە بکات، دەبینین کە ئوپوزسیۆنی ڕاست بە مێحوەریەتی ڕەزا پەهلەوی کوڕی شای پێشو، بە کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵێک ئامراز بە واتای وەک "دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە" لەژێر ناوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"ئەمرۆ تەنیا یەکگرتویی"، وتویژ و راگۆڕینەوە لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوایی بە ناوی دەستەبەر کردنی پشتیوانی "کۆمەڵگای جیهانی"، هەوڵ ئەدەن خەڵک لە چاوەڕوانی دەستێوەردانی دەرەکیدا ڕابگرن و بەر بە پشت بەستن بە هێزی خۆیانیان لێ بگرن.

وەها ئاڕاستەیەک بە خۆشیەوە لە نێوخۆی وڵاتدا و لە ریزی خەڵکی تێکۆشەر و ماف خوازدا بە تایبەت لە کوردستان لایەنگرانێکی ئەوتۆی نە دۆزیوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە حاڵێکدا کە ماوەیەکی زۆریان ماوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بەو پەڕی ڕوو داریەوە، ئیزن بە خۆیان ئەدەن کە لەمڕۆوە شەرت و مەرج بۆ ئەو یەکگرتوییەی جێی سەرنجی خۆیانە دابنێن.

مێژووی یەک سەدەی ڕابردوی ئێران ئیستبدادی سەڵتەنەتی و ئیسلامی دیاریان کردوە. بە درێژایی مێژووی ئەم وڵاتە دەربار و دەزگای مەزهەب زیاتر لە هاوکاری لەگەڵ یەکتردا و لە قۆناغێکی کورت لە دژایەتی لەگەڵ یەک، ئیستبداد، کۆنەپەرستی و دواکەوتوییان بەسەر خەڵکدا داسەپاندوە. لە ساڵی ١٣٥٧ خەڵکی ئێران بەساتی سەڵتەنەتیان تێکەوەپێچا. بەڵام رەوتی ئیسلامی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. چوار دەیە دوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک خوازیاری روخانی رژیمی ئیسلامی، تێکەوەپێچرانی حکومەتی مەزهەبی، و دامەزراندنی نەزمێکی نوێن کە سەڵتەنەت و ئیسلامی لێیان دریغ کردون. لەمڕۆدا پاشماوەکانی سەڵتەنەتی روخاو بە یارمەتی ڕاگەیەنەرە فارسی زمانەکان نە تەنیا خوازیاری گەڕانەوەی سەڵتەنەت، بەڵکو ژیاندنەوەی سەرلەنوێی ساواک و دادگایی کرانی گشت ئەو کەسانەن کە لە شۆڕشی دژی سەڵتەنەتدا بەشدار بوون.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئوپوزسیۆنی ڕاست هیچ دڵی بە درێژەی ئەم شۆڕشە خۆش نییە، لادانی ئاخوندەکان بەسە تا ئەوان بە وتەی خۆیان" ئێران وەربگرنەوە. "و ستەم و چەوساندنەوە و بێ مافی بەبێ ئاخوندەکان درێژە پێبدەن. ئەوان باش دەزانن درێژەی ئەم بزوتنەوەیە یانی بەردەوامی و بەهێز بوونی هاوپشتی، سەر هەڵدانی ڕێکخراوی جەماوەری بۆ یەکلا کردنەوەی چارەنووسی خۆیان و پروەردە بوونی ڕێبەرانێک کە ئەم ئاخێزە تا گەیشتن بە داخوازیەکانیان هیدایەت بکەن. ئەمە لە تایبەتمەندیەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ئەم دواییەیە کە دەست بەسەردا گرتنی لەسەرەوەی توشی ئاستەنگی جیدی کردوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بە داخەوە جەریانی ڕاستی ئوپوزسیۆنی ئێران لەنێو هێزە سیاسیەکانی کوردستانیشدا هیندێک لایەنگری شەرمنیان هەر چەند کەم نفوز، بە گومانی هەبوونی جێگا پێیەک لە دەسەڵاتی سیاسی سبەی رۆژی ئێراندا، دۆزیوەتەوە. بەڵام بێ گومان لەم ئاڕاستەیەدا هیچیان لەدەست نایەت. خەڵکی کوردستان بە پشت بەستن بە مێژووی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەباتکارانەیان و بە پشت بەستن بە هێزێک کە ئەوانی خستۆتە پێگەیەکی تایبەتەوە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەم دواییەدا، بە پشت بەستن بە زەرفیەتی شۆڕشگێڕانە و تەشکیلاتی حیزبیی پێشڕەوی خۆیان، بە پشت بەستن بە ڕێکخراوە مەدەنی و سینفیەکانیان، بە پشت بەستن بە ڕێبەرانی بوێر و فیداکار و خۆشنێویان، هاوهەنگاو لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران، بەبێ هەراو هوریای تەبلیغاتی جەریانی ڕاست و لایەنگرانی کەمیان لە کوردستان، ڕێگا نیشان ئەدەن و لە ڕاستای دروشمی سەرەکی ژن، ژیان، ئازادی دا داخوازی و داواکاریەکانیشیان نەک لەگەڵ سەڵتەنەت تەڵەبەکان و هاوپەیمانە کوردساتانیەکانیان بەڵکو لەگەڵ خەڵکی ماف و ئازادی خواز لە ئێران و ڕەوتە سیاسیە پێشڕەو و ڕادیکاڵەکان دێننە گۆڕێ. ئەم ڕەوتە نامەربوت تر لەوەیە کە خەڵکی کوردستان گرنگیەک بە شەرت و مەرجەکانیان بدەن و مافەکانی خۆیانیان لێ داوا بکەن. خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەر کردنی مافە پێشێل کراوەکانی پشت بە هیچ شتێک بێجگە لە هێزی وشیاری خۆی و هاوڕییەتی و هاو هەنگاوی لەگەڵ خەڵکی مافخواز و هاو چارەنووسی لە سەرتاسەری ئێراندا نابەستێت. لەم هاوپەیمانیە ئیستراتیژیک و تاریخ سازەدا، پاشماوەکانی سەڵتەنەت و هاوڕێ شەرمنە کوردستانیەکانیان، جێگایەکیان نییە. خەڵکی کوردستان دەزانن کە حکومەتی ئیسلامی و سەڵتەنەتی پێشو دوو ڕووی دراوێکن. دراوی سەرکوت، چەوساندنەوە، هەڵاواردن و ئیستبداد. خەڵکی شەریف و ئازادی خوازی ئێران جارێکیتر و بۆ هەمیشە خۆی لە چەرخەی ئیستبدادی سەڵتەنەتی و مەزهەب ڕزگار دەکات.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## فۆبیای ژینا و تۆڵەستێنی لە کچان



**عەلی بداغی**

لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا زیاتر لە ٤٠٠ قوتابیی کچ بەهۆی ژاراویبوون کەوتوونەتە سەر تەختی نەخۆشخانەکان کە تا ئێستا یەک لەوان گیانی لەدەست داوە. ئەم ڕووداوە وەک تێرۆرێکی بیولۆژیک نە بوکووحەرام لە نیجێریە و ئیسلامیستە سیاسییەکانی چێچێن کردوویانە و، نە لە ئەفغانستانی ژێر هەیمەنەی سیاسیی تاڵیباندا ڕووی داوە. ئەم کارەساتە گەورەیە، لە دوای شۆڕشی ژینا و لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا خەریکە ڕوو دەدەن.

مانگی سەرماوەز بوو کە هەواڵی ژەهراویبوونی قوتابخانەیەکی کچان لە قوم هاتە سەر تێلێتێکستی هەواڵەکان. لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا لە ٣١ قوتابخانەی چەند شارێکی وەک تاران، کرماشان، لوڕستان، چوارمەحاڵی بەبختیاری، قوم، ئەردەوێڵ، مازەندەران، ئیسفەهان، سمنان، خۆراسانی ڕەزەوی، شاهینشار و فەردیس... ئەم هێرشانە چەندپات بوونەتەوە.

کاردانەوەکان بە زنجیرەی ژاراویکردنی قوتابخانەکانی کچان لە نێوخۆی وڵات تا دێ زیاتر دەبن. ترس و دڵەڕاوکێی زۆر لە پەرەسەندنی هێرشەکان وای کردووە بەشێکی زۆر لە بنەماڵەکان بۆ پاراستنی گیانی منداڵەکانیان داوای بایکۆتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خوێندنگەکان بکەن. کانوونی سینفیی مامۆستایان ڕایگەیاندووە بۆ ئەوەی چارەنووسی پەروەندەکانی کوشتن لەسەر نامووس، قەتڵە زنجیرەییەکان، ئەسیدپێداکردن بە ژنان و سیناریۆ ئەمنییەتییەکانی دیکەی ڕێژیم دووپات نەبنەوە، پێویستە هەموو توێژەکانی دەسەڵات لە حەوزەی عیلمییەوە هەتا دەوڵەت و لەسەروو هەمووانەوە خامنەیی هەڵوێستی ڕوونیان هەبێت. ماڵی فەرهەنگییەکانی ئێرانیش لە بەیاننامەیەکدا هێرشی شیمیایی بۆ قوتابخانەکانی کچانی بە "تێرۆریزمی دەوڵەتی" ناو بردوە و ڕایگەیاندووە کە "دەسەڵات کە هەتا ئێستا ویستوویەتی بە زەبروزەنگ و تۆقاندن، بە گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام دەنگی خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵات کپ و ناچار بە پاشەکشە لە ویست و داواکانیان بکات، ئێستا ئیدی دەست لە منداڵانیش ناپارێزێ و تیرۆری بیۆلۆژیکی قوتابییانیشی بە کارنامەی ڕەشی تاوانەکانی زیاد کردووە. بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆی چەمرانی ئەهوازیش لە بەیاننامەیەکدا بە ئاماژە بەوەی پەردەپۆشی و ناڕوونی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان وەک خۆیان کە سیاسەتی هەمیشەیی ڕێژیم بووە و هەمیشە کارەساتی بۆ کۆمەڵگەی خوڵقاندووە، گوتوویانە ئەو ڕووداوانە دەستی ئانقەستیان لە پشتە و بەوەش هیندەی دیکە کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات هەراوتر دەبن.

بەربڵاویی ئاستی کارەساتەکە وای کردووە کاردانەوە جیهانییەکانیش بە تێرۆرە بیۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم لە خوێندنگەکانی کچان زیاتر ببن. ڕێکخراوی یونیسێف، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئۆستارلیا و چەند وڵاتێکی دیکەش جگە لە بەرپرسیارزانینی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشانەدا، سەبارەت بە لێکەوتە کارەساتبارەکانی ئەو ڕووداوە کاربەدەستانی ڕێژیمیان وریا کردۆتەوە. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێرانیش بە سەرنجدان بەوەی هەتا ئێستا کەس لەسۆنگەی ئەم هێرشانەوە دەسبەسەر نەکراوە و بە بیرهێنانەوەی تاوانە سیستماتیکەکانی پێشووی ناوەندە ئەمنییەتییەکان بۆ نموونە ئەسیدپرژاندن بە ژنان و قەتڵە زنجیرەییەکان و، بەو ئاکامگیرییە کە بکەرانی ئەم جینایەتانە سەر بە ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بن؛ داوای لە کۆمەڵگەی جیهانی کردووە کاردانەوەی خێرا و توندیان لەهەمبەر ڕەفتاری دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامیدا هەبێت.

ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتیی ئەم هێرشە بیۆلۆژییە لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا، پێدرام پاکئایین، وتەبێژی وەزارەتی بێهداشت نەیشاردۆتەوە "دەرەنجامە زانستییەکانی ژاراوایبوونەکان بەتەواوی ڕوون و ئاشکران، بەڵام ئەوەی ڕوون و دیار نییە هۆکارە دەرەکییەکانی پشتی ئەو هێرشانەن دە دەبێ وەڵامەکەی لای ناوەندە ئەمنییەتییەکان بێت." محەممەدتەقی فازیل مەیبودی، مامۆستای زانکۆش "بەئانقەست"بوونی ئەو هێرشە ژاراوییانەی پشتڕاست کردۆتەوە و لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "شرق" گوتویەتی "گرووپێکی ناسراو بە (هەزارەگەرا) لە پشتی ئەو هێرشانەن، چونکی باوەڕیان وایە کە کچان نابێ بخوێنن." ئەو نایشارێتەوە کە ڕەوتێکی ئایینی بە شێوەی سیستماتیک دەستیان لەو جینایەتانە هەیە. لە تەنیشت ئەو داننانە ئاشکرایانە، وەزارەتی نێوخۆ دیسانەکە حاشا لەوە دەکات پلانێکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سیستماتیک لەپشتی ئەو ڕووداوانە بێت و، لەولاش بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیس و کاربەدەستانی دەوڵەتیش "دوژمنان، ئیسرائیل و موناقفقین" بە دەستتێداهەبوون لەو تیرۆرە شیمیاییانە تاوانبار دەکەن. ڕۆژنامەی "جوان"ی سەر بە سپای پاسداران تاوانی ئەو جینایەتانەی وەپاڵ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی داوە و ڕۆژنامەی "همشهری"یش داوای کردووە بەرپرسایەتیی ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتی لەو ڕووداوە لە وەزارەتی بێهداشت بستێندرێتەوە و بدرێتە پۆلیس و ناوەندە ئەمنییەتییەکان.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی جێی هیچ شک و گومانێک نە بۆ خەڵک و نە بۆ ویژدانە زیندووەکان ناهێڵێتەوە ئەوەیە کە ئەو هێرشانە تۆڵەکردنەوە لە لایەنگرانی شۆڕشی "ژینا" بۆ ئامانجی "ژن، ژیان، ئازادی"یە. ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ هاتنەسەرکاریەوە لە هەموو بەرە و بوارەکاندا و بە هەموو هێزیەوە شەڕی لەدژی ماف و ئازادییەکانی ژنان کردووە بۆ هیچ کەس و لایەنێک شاراوە نییە، بەڵام ئەمجارەیان ڕچەشکێنی و پێشەنگایەتیی ژنان لە شۆڕشی ژینادا کە بووە هۆی ئەوەی هەموو هێڵەسوورەکانی ڕێژیم لە فڕێدانی سەرپۆشەوە هەتا دڕاندنی وێنەی ڕێبەرانی ڕێژیم ببەزێندرێ، و لە نێوخۆ و دەرەوە کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوی گەورەترین تەنگژە و تەنگانەی تەمەنی دەسەڵاتەکەی بێتەوە؛ ژوورە فکرییەکانی دەسەڵاتی وەها دەهری کردووە کە دەست لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە ژنان نەپارێزن. ئەوەش ڕوونە ڕێژیمێک کە بە دۆشکا تەقە لە خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام بکا، دەستدرێژی بکاتە سەر دەسبەسەرکراوان و بەندییەکان ئێعدام بکا، مووشەک لە فرۆکەی مەدەنی بگرێ و کۆرپە لە زگی دایکیدا بکوژێت، لەو ئاستە لە جینایەت و تاوانخوڵقینیدا تۆڵەی "نا"گوتن لە منداڵان و قوتابییان بکاتەوە.

لە سووچێکی دیکەوە، ژاراویکردنی کچانی قوتابی دوای نیزیک ٦ مانگ لە شۆڕشی خەڵک جارێکی دیکە بۆ هەمووانی سەلماندەوە کە کۆی ئەو ڕووداوانە هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە بیرکردنەوەی کاربەدەستانی ڕێژیمدا پێک نەهێناوە و ئەوەندەی تر لەسەر توندوتیژییەکان دژی ژنان و سەرکوتی مافەکانیان چیرتری کردوون. ڕێژیم کە لە ئێستادا بەتەواوی گەیوەتە بۆنبەستی شەرعییەت و هیچ پێگەیەک لە دڵی خەڵکدا شک نابات، دەیەوێ وەک هەموو دیکتاتۆرەکانی مێژوو بە جینایەت و تاوانخوڵقێنی چەند ڕۆژێکی دی بە تەمەنی نگریسی زیاد بکات. هیچ کەس و لایەنێکیش ئەو چاوەڕوانییەی لە کاربەدەستانی ڕێژیم نییە کە بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە بگرنە ئەستۆ.

مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێشانی داوە کە ڕێژیم هیچ کات ڕاستەوخۆ بەرپرسایەتیی تاوانانەکانی وەئەستۆ نەگرتووە. کاتێکیش بۆگەنی پیسکارییەکانیان وڵاتی داگرتووە و چیدی سیاسەتی حاشا، یان تاوانبارکردنی دوژمنانی دەرەکی دادی نەداون؛ بە ئاماژە بەوەی گرووپێکی خۆسەری سەرەڕۆ ئەو کارەیان کردووە، کارەساتەکانیان دیزە بەدەرخۆنە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کردووە. بۆیە ئەمجارەش لە نیهایەتدا هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

دواقسە: شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" وەستانی نییە و ئەو تاوان و جینایەتانەش نەک هەنگاوەکانی خەڵک شل ناکەن، بەڵکوو لە ڕووخاندنی ڕێژیم شێلگیرتر و لێبڕاوتریان دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی ڕەشەمەی ١٤٠١ = ٣ی مارچی ٢٠٢٣

---

## بزووتنەوەی ژینا و سیناریۆکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران: هەڕەشە و دەرفەتەکان



د. پەرویز ڕەحیم قادر، دکتۆرا لە ئاسایشی نەتەوەیی و مامۆستای زانکۆ

لە پاش کوژرانی کچە کوردێک لە ڕێکەوتی ١٦ - ٩ - ٢٠٢٢، ناوی ئەم کچە هەموو ئێران و پاشان جیهانی گرتەوە و کەمتر کەسێک هەیە ئێستا ناوی نەبیستبێت، کە ئەویش "ژینا (مەهسا) ئەمینی"یە. تەنانەت بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەیش کە پاش کوژرانی ژینا سەری هەڵدا، هەندێ جار بە شۆڕشی ژینا (مەهسا) یان شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دەناسرێتەوە؛ ئەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دروشمەی کە لە ڕۆژی ناشتنی ژینا لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز کرایەوە، بەخێرایی لە دروشم دەرچوو و بووە جۆرە مانیفێستێکی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ڕاپەڕیو و وەزاڵە هاتووی ئێران.

لەم کاتەدا کە شۆڕشەکە لە ٦ مانگەی خۆی نزیک دەبێتەوە و زۆربەی خەڵکی ئێران و تەنانەت لە ئاستی دەرەوەیش، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانییان لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە کردووە، چەند پرسیاری بێوڵام هاتۆتە ئاراوە. لە ئێستادا بزووتنەوەکە لە خۆپیشاندانەوە چۆتە قۆناغی مانگرتن و نافەرمانیی مەدەنیی تاکەکان و شێوازەکانی تری دەربڕینی نارەزایەتی، بەڵام بەهۆی ئاست و قووڵایی و کەڵەکەبوونی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە ئێران لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەدەستدانی ئەو رەوایەتییە هەرچەند لەرزۆکەکەی ئەم سیستەمە سیاسییە، پرسیارەکە ئەوە نییە کە "ئایا ئەم حکوومەت - سیستەمە دەمێنێتەوە یان نا؟" چونکە لە هەموو سیستەمە نادیموکراتییەکاندا کە ڕووبەڕووی نارەزایەتیی جەماوەری دەبنەوە و ڕەوایەتییان لەدەست دەدەن و تووشی ناکارامەیی و قەیرانی جۆراوجۆر دەبن و خەڵک داوای ڕووخانی سیستەمەکە دەکەن، بەرەو ئاڵوگۆڕی سیاسی و تەنانەت وەرچەرخانی سیستەمی دەچن. ئەوەیش بەهۆی ئەوەی کە ئەگەر دەسەڵاتی زاڵ پەنای بردە بەر هێزی سەربازی و سەرکوتکردن و تۆقاندن، کوشتن و لەسێدارەدان و ئەشکەنجە و هتد، ئەوە پچڕان و دابڕانێکی یەکجاری لە نێوان زۆرینەی گەل و نوخبە و سیستەمەکە دروست دەبێت، کە ئەنجامەکەی درەنگ یان زوو، وەرچەرخانی گەورەی سیاسییە. بۆیە پرسیارە سەرەکییە ئەوەیە کە، سیناریۆکانی داهاتووی ئەم سیستەمە سیاسییە کامانەن و وەرچەرخانەکان بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات؟ لەم چوارچێوەیەدا، سەرەتا دەبێت هەڕەشە و دەرفەتەکان یان خەسارەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە دەستنیشان بکرێت و پاشان بەپێی ئەو خەسارانە سیناریۆکانی داهاتوو بخرێنە ڕوو و لەم نێوەیشدا تیشکخستنە سەر خاڵی لاواز و بەهێزی ئەکتەرەکانی ناوخۆیی و دەرەکی، یارمەتیدەر دەبێت.

### هەڕەشە و دەرفەتەکانی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)

١- نارێکی، ناچۆنییەکی، ناهاوتەریبی و نەبوونی هاوسەنگی لە ڕووی ناوچەیی و جوگرافییەوە، یەکێکە لە گەورەترین هەڕەشەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە. بەم واتایە کە قورسایی زیاتری بزووتنەوەکە لەسەر شارەکانی کوردستان و شارەکانی پارێزگاکانی گیلان و مازەندەران و لە ئێستادا بەلوچستان بووە. هەرچەندە بەپێی ژمارەی نارەزایەتییەکان تاران بەرزترین ئاستی نارەزایەتیی بەخۆیەوە بینی، بەڵام دواتر، ئەوە بزووتنەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتنی قوتابیانی زانکۆکان بوون کە لەو شارە و شارەکانی دیکە ئەرکەکەیان گرتە ئەستۆ و بەهێزترین نارەزایەتییان دەربڕی. ئەمەیش وای کرد کە هێزە هەواڵگری و ئاسایشییەکان لە پاڵ هێزە نافەرمییەکانی وەکوو بەسیج و...، بتوانن هێزی خۆیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆ کەنەوە و بۆ ماوەیەکی کاتی سەرکەوتوو بن لە دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان (بەتایبەتی لەتاران و کوردستان) و، هەر بۆیە فۆرم و شێوازی نارەزایەتییەکان لەم بزووتنەوەیە لە ئێستادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

٢- یەکێکی تر لە خاڵە لاوازەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە ئەوە بوو، لە ڕووی چینایەتییەوە بە پێی بەدواداچوونەکان، زیاتر چینی ناوەڕاست و ئەو چینەی کە لە ڕووی کەلتوورییەوە - نەک ئابووری - خۆی سەر بەم چینە دەزانێت، بەشدار بوون و ئەمەیش بەرفراوانی و قووڵایی و بەشداریی تاکەکانی لە پەیوەستبوون بە نارەزایەتییەکان لاواز کرد؛ بەو پێیەی کە بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە ئێران، ڕێژەی هەژاری لەو وڵاتەدا لە بەرزترین ئاستدایە. ئەمەیش بە پێچەوانەی ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١٧ و بەتایبەتی ٢٠١٩ بوو کە بەرزترین ڕێژەی بەشداری، تایبەت بوو بە چینەکانی خوارووی کۆمەڵگە لە ڕووی ئابوورییەوە. هەر بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت کە فاکتەرە سیاسی و کەلتوورییەکان بەرزترین هۆکاری بەشداریی ئەم چینە بوونە لە شۆڕشی ژینا؛ هەرچەندە بەشداریی کوردستان و بەلوچستان لەم ڕووەوە جیاوازیی هەیە کە بە ناوچەی هەژار و پەراوێزخراو لە ئێران دادەنرێن، چونکە لەم ناوچانە هۆکارەکانی ئاستی بەرزی بەشداری جیاوازییان هەیە.

٣- تاوەکوو ئێستا، بە پێی وتەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، نێونجیی تەمەنی بەشداربووانی ئەم بزووتنەوەیە، لە نێوان ١٥ بۆ ٢٥ ساڵ بووە. ئەگەر ئەم وتەیە بەڕاست وەربگرین، ئەوە دەری دەخات کە زۆربەی ئێرانییەکان بەشدارییان لەم بزووتنەوەیەدا نەکردووە کە لە خوار و لە سەروو ئەم تەمەنەن. هەرچەندە دوایین سەرژمێری لە ئێران لە ساڵی ٢٠١٦ ئەنجام دراوە، بۆیە ئامارەکان دەری دەخات کە ئەو نەوەیە لە ئێران زۆرینە نین. ئەمەیش وای کرد کە کاریگەریی بزووتنەوەکە لاوازتر بێت. هەرچەندە ئەم تەمەنە وای کرد کە بزووتنەوەکە مافخوازتر و لە ڕووی کەلتووری و سیاسییەوە ڕادیکاڵتر بێت بە بەراورد بە بزووتنەوەکانی ڕابردوو لە ئێران، بەڵام بەشدارینەکردنی توێژی ناسراو بە "خۆڵەمێشی" تاوەکوو ئێستا یەکێک لە گەورەترین خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی ژینایە.

٤- هەرچەندە نەبوونی ڕێبەری لەم بزووتنەوەیەدا خاڵی بەهێزی بوو، بەڵام بە تێپەڕینی کات دەرکەوت کە نەبوونی شێوازێک لە ڕێبەری دەتوانێت خاڵی لاوازیشی بێت؛ بەم واتایە کە هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەمیش لە ئاستی دەرەکی و پاشان نەبوونی پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا پێکەوە وای کرد، بزووتنەوەکە ڕووبەڕووی قەیرانێکی ڕێبەرایەتی یان بەڕێوەبردن و نوێنەرایەتی ببێتەوە. هەرچەندە لە بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا شێوازی ڕێبەری چیتر؛ هەمیشەیی، تاکەکەسی، حزبی، ناوەندی و ستوونی لە سەرەوە بۆ خوارەوە نییە بەڵکوو؛ بەشدارانە، تۆڕی و نا - ناوەندی و ئاسۆیی و بەکۆمەڵ و نا - حزبی و نا - ئایدیۆلۆژیایی و کاتی و هاوپەیمانێتییە. هەر بۆیە کاتێک ئەم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەشن و شێوازە ڕێبەرییە کلاسیکی و نەریتییانە لە هێزە سیاسییەکانی دەرەوە لە ئارادایە و لە ئاستی ناوخۆییش دروست نەبووە، ناکۆکی و ململانێییەکی نەبڕاوە و بێئاکام لە دەرەوە درووست بووە کە وای کردووە کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەردەوامی و گشتگیربوونی بزووتنەوەکە لە ناوخۆ دابنێت. (١)

٥- هەوڵدانی نەتەوەخوازە فارسەکان و ڕاستڕەوەکان بۆ کۆبوونەوە لە دەوری کوڕی شای پێشووی ئێران (ڕەزا پەهلەوی) وای کرد کە، ناکۆکییەکی قووڵ لە نێوان نەتەوەکانی ئێران و هێزە دیموکراسیخواز و چەپەکان ڕوو بدات. ئەمەیش وای کردووە کە ترس لە داهاتوو بەپێی تێجووەکان و، هەروەها ناکۆکی لەسەر شێوازی حوکمڕانی و سیستەمی سیاسی ببێتە خاڵی قووڵی ناکۆکیی پێکهاتە سەرەکییەکانی ئێران و هێزە سیاسییەکانیان.

٦- سەرەڕای مانگرتن و بەشدارییەکی سنوورداری کەرتی ئابووری و بازرگانی، بەڵام پەیوەستنەبوونی کرێکاران، کارمەندان و خانەنشینان و بەتایبەتی کەرتە ژێرخانییە ئابوورییەکانی ئێران وەکوو پیشەسازیی نەوت و گاز و پیترۆکیمیاییەکان و...، هاوشێوەی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، وای کرد کە کۆماری ئیسلامی باشتر بتوانێت چالاکییەکانی بزووتنەوەکە بۆ ماوەیەکی کاتی کۆنترۆڵ بکات. هەرچەندە لە ئێستادا ئەم چەشنە لە نارەزایەتی پەرەی سەندووە، بەڵام گرنگ پەیوەستبوون و هاوکاتیی ئەم نافەرمانی و مانگرتنە سەرتاسەرییانەیە کە تاوەکوو ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان و ڕێکخراو نەبینراوە و تاوەکوو نەیەتی دی، ئەم بزووتنەوەیە ناتوانێت لە ئامانجە سەرەکییەکی- کە پاشەکشەکردنە بە سیستەم و وەرچەرخانی سیاسی-، سەرکەوتوو بێت.

٧- لە ئاستی ناوخۆییدا حکوومەت توانیویەتی بە شێوەیەکی کاتی و بە بەرزکردنەوەی ژمارەی گیراوان و توندوتیژی و کوشتن و لەسێدارەدان و تەنانەت بەپێی ڕاپۆرتە باوەڕپێکراوە نێودەوڵەتییەکان دەستدرێژیی سێکسی بە مەبەستی گوشار بۆ سەر کچان، چالاکان و گیراوان و، هەروەها بەکارهێنانی دەزگەی پروپاگەندە بۆ دوورخستنەوەی توێژی خۆڵەمێشی و دڵەڕاوکێ لەنێو توێژی مەزهەبی و تەنانەت دروستکردنی ناکۆکی و بەرزکردنەوەی ترس لە داهاتوو و ڕوودانی جەنگی ناوخۆیی یان هەڵوەشانەوەی ئێران و...، کۆنترۆڵی ئەم بزووتنەوەیە بکات. بۆیە سیاسەتی حکوومەت ئەوەیە کە تێچووی بەشداری لە نارەزایەتییەکانی بەرز بکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا هیچ لێکترازان و ناکۆکییەک لەنێو نوخبە ئایینییەکان و سیاسییەکان، هەروەها هێزە سەربازی و ئاسایشییەکان دروست نەبێت؛ بەم واتایە کە دابڕان و لێکترازان لە ئاستی دەسەڵاتداران و هێزە ئاساشییەکان و پەیوەستبوونیان تاوەکوو ئێستا نەهاتۆتە دی، کە مەرجی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێکی جەماوەرییە. تەنانەت جگە لە "میر حوسەینی موسەوی" کە لەژێر کۆنترۆڵ و دەستبەسەرە، لە ڕاگەیەندراوێکدا دانی بە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دانا و داوای ڕیفراندۆم و گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی ئێرانی کرد و بەتەواوی لە بەردەوامیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ئێستا بێهیوا بووە، ڕیفۆرمخوازەکانی دیکە وەکوو "خاتەمی" هێشتا بڕوای بە چاکسازی لەناو سیستەم بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و مانەوەی سیستەمی ئێستا هەیە. جگە لەمانەیش، حکوومەتی ئێران بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، پەنای بردە بەر شێوازەکانی پێشوو و، هەوڵی دا بە پچڕاندنی ئینتەرنێت و فلتەرکردنی پلاتفۆرمەکانی وەک ئینستاگرام و واتسئەپ، دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی خەڵک سنووردار بکات و بڵێسەی نارەزایەتییەکان بکوژێنێتەوە. هەروەها جگە لە واتسئەپ و ئینستاگرام، پلاتفۆرمەکانی وەک سکایپ، ئەپ ستۆر، گووگڵ پلەی، کلاش ئۆف کلانس، لینکیدئین و ڤایبەریش فلتەر کران. ئەو سنووردارکردنانە ئەوەندە کێشەی بۆ خەڵک دروست کرد کە سەرچاوەکانی هەواڵ بە پشتبەستن بە چالاکوانانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی، باسیان لەوە کرد کە خواست لەسەر کڕین و دابەزاندنی دژەفلتەرەکان بە ڕێژەی لە سەدا ۳۰۰۰ زیادی کردووە!

٨- لە ئاستی دەرەکی، سەرەڕای هاوسۆزی و پشتیوانی و پێشوازییەکی بێوێنەی ڕای گشتیی وڵاتە ڕۆژاواییەکان لە بزووتنەوەی ژینا، بەڵام ئیدارە و حکوومەتی دەوڵەتانی ڕۆژاوایی، بەتایبەتی ئەمریکا، تاوەکوو ئێستا جگە لە چەند هەنگاوێکی سیمبۆلیک، نەیانویستووە هیچ سیاسەتێکی یەکلاکەرەوە لە دژی کۆماری ئیسلامی بگرنە بەر. هۆکارەکانی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ سەرقاڵییان بە جەنگی ڕووسیا - ئۆکراینا، دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران و مەترسییەکانی، نەبوونی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی ڕوون بۆ داهاتووی ئێران و هاوبەندی و هاوپەیمانێتییەکی بەهێزی سیاسیی نێوان ئێرانییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی، دامرکانەوەی کاتیی خۆپیشاندان و چۆڵبوونی شەقامەکان و، هەروەها نەبوونی هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرا و بەرجەستە لە دڕدۆنگی یان لێکترازانی ناوخۆیی لەناو هێزە سەربازی و سەرکوتکەرەکان و ڕێبەرانی ئێران. جگە لەمانەیش، دیپلۆماسیی ئێران و هەناردنی پەیامی نهێنی بۆ ڕۆژاواییەکان بۆ ڕازیبوون بە ڕێککەوتن و دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوا و، هەروەها سیاسەت و هەوڵەکانی ئیدارەی بایدن و تیمەکەی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران و دوورخستنەوەی لە ڕووسیا و چین، وای کردووە کە ئێران گوشارێکی ئەوتۆی لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژاوایی لەسەر نەبێت؛ ئەمەیش بزووتنەوەکەی لاواز کردووە، لە قازانجی پێدانی ورە و ئیرادە بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

بە پشتبەستن بە ڕێبازە تیۆرییەکان دەتوانین بڵێین ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە داهاتووی بزووتنەوەکەدا دەبێت کە بریتین لە:

- لاوازی و بەهێزیی هێزەکانی ئەڵتەرناتیڤ یان بە واتایەکی تر، یەکگرتوویی و بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆن و پشتیوانیکردنی لەلایەن گەلانی ئێران و قورساییی ئەو نوخبە سیاسییانەی باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- یەکگرتوویی یان لێکترازان و بۆشایی لە کرۆکی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی، بە سەرکردایەتیی وەلی فەقیە و هێزە سەربازی و میلیشیاییە پشتیوانکەرەکەی.
- لاوازی و بەهێزیی دەزگەی سەرکوتکاری ئەم دەسەڵاتە.
- ئاست و مەودا و سنووری سەرکوت و توندوتیژیی کۆماری ئیسلامی.
- لاوازی و بەهێزیی گرووپ و تۆڕەکانی تەیارکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوخۆ و دەرەوە.
- لاوازی و بەهێزیی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە داواکارییە نیشتمانییە فراوانەکانەوە.
- پێکهێنانی هاوپەیمانی یان ڕێککەوتن و پشتیوانیی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات و پەیوەندییان لەگەڵ ناوخۆ.
- گوشاری ڕای گشتیی جیهانی و پاڵپشتیی ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنییە نێودەوڵەتییەکان و پاشان وڵاتانی دیموکراتی.

## سیناریۆکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامی

١) **ریفۆرمی بنچینەیی**: کرۆکی ئەم سیناریۆیە ئەوەیە کە، حکوومەت زنجیرەیەک چاکسازیی بنەڕەتی جێبەجێ بکات، وەک ئەو ئیمتیازانەی کە محەمەد ڕەزا پەهلەوی لە سەروبەندی شۆڕشدا پێشنیاری کرد و جێبەجێی کرد، وەک:
هەڵوەشاندنەوەی ساواک، ئازادیی ڕاگەیاندن، دانانی شاپووڕ بەختیار وەک سەرۆکوەزیران و ڕۆیشتنی شا لە وڵات. واتە لانی کەم عەلی خامنەیی، هاوشێوەی شا قبووڵی بکات کە دەست لە دەسەڵات بکێشێتەوە و دەسەڵاتی خۆی ڕادەستی شوورایەک بکات کە نوێنەرایەتیی بەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە بکات. هەروەها ئازادی بۆ ڕۆژنامەگەری و گرووپە سیاسییەکانی هەر ئاڕاستەیەک دابین بکرێت؛ ئامادەکاری بکرێت بۆ ڕیفراندۆم بۆ هەمووارکردنەوەی دەستوور؛ هەروەها سوپای پاسداران بخرێتە ناو ئەرتەشەوە و چاکسازیی جددی لە هەیکەلی دەسەڵاتی دادوەریدا بکرێت.

- **خاڵی بەهێز**: کۆماری ئیسلامی ئەزموونێکی هەیە لەگەڵ نیشاندانی مەیلی چاکسازیی سنووردار (هەرچەندە بەڕواڵەت نمایشیش بوبێت) و هاندانی خەڵک بۆ چوون بەرەو سندووقی دەنگدان و وەرگرتنی ڕەوایەتییەکی جەماوەری لە ناوخۆ و دەرەوەدا. جگە لەمانەیش، بە شێوەیەکی سنووردار ڕیفۆرمخوازەکان بەشێک بوونە لە سیستەمەکە و، لە قۆناغی جیاواز بوونەتە هۆکاری تێپەڕاندنی قەیرانەکان و دامرکاندنەوەی تووڕەیی جەماوەر لە سیستەم و هەڵچنینی هیوا لەسەر باشترکردنی دۆخی سیاسی و کرانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری. هەروەها ئەم سیناریۆیە لەناو نوخبە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی ئێستادا لایەنگری زۆری هەیە و تەنانەت لەمەیش گرنگتر، سیناریۆی ویستراو و ئایدیاڵ و دڵخوازی دەوڵەتانی ڕۆژاوایی، بەتایبەتی ئەورووپی و ئەمریکییەکانە. چونکە بە باشترین ڕێگەی دادەنێن کە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەیش بگۆڕدرێت و لە ڕابردوویشدا بەهێزترین سیاسەت و پلانی ڕۆژاواییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆماری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی، بەهێزکردنی میانڕەوەکان بووە و، ئەمەیش وای کردووە کە گەورەترین ڕێککەوتنی لە ساڵی ٢٠١٥دا لەگەڵ بکەن بە هیوای سەرکەوتنی ئەم سیناریۆیە و، ئەمەیشیان نەشاردۆتەوە.

**خاڵی لاواز**: جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ناسنامە و سروشتی سیستەمی پاشایەتیی پاش ساڵی ١٩٧٩ و ناسنامەی کۆماری ئیسلامیی پاش ١٩٧٩دا هەیە. جگە لەمانەیش، ئەزموونی دەسەڵاتدارانی ئێستا و لێکدانەوەیان بۆ هۆکارەکانی ڕووخانی سیستەمی پاشایەتیی پێشوو و تەنانەت یەکێتیی سۆڤیەت وای کردووە، کە بەتوندی دژی هەر جۆرە کرانەوەیەک بن؛ چونکە پێیان وایە کە هەر جۆرە کرانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و چاکسازییەک لە سیستەمەکەدا، دەبێتە هۆکاری ڕووخانی ئەم سیستەمە و، ئەمەیش تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە!

هەروەها نابێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو نەگرین کە لە بارودۆخی ئێستادا نە کۆماری ئیسلامی ئەوەندە لاواز بووە کە ئیمتیاز بە ئۆپۆزیسیۆن بدات و، نە ئۆپۆزیسیۆنیش هێزێکی وای بەدەست هێناوە کە بتوانێت کۆماری ئیسلامی ناچار بکات ئەو جۆرە ئیمتیازانە بدات. جگە لەمانەیش، خەڵک ئەزموونی زیاتر لە ٨ ساڵی دەسەڵاتی سەرۆککۆمار خاتەمی لە پاڵ زیاتر لە ٢٠ ساڵ هەوڵی سەرنەکەوتووی چاکسازی و ریفۆرمی لە چوارچێوەی سیستەمەکەدا هەیە. تەنانەت بە پێچەوانەوە، لە ئێستادا بەهۆی دوایین ڕاگەیەنراوی میر حوسەینی مووسەوی، شکستی ریفۆرمی لەم سیستەمەدا ڕاگەیاندووە و داوای ڕیفراندۆم و تێپەڕین لە دەستوور و دەسەڵاتدارێتیی ئێستا دەکات. جگە لەمانەیش، کەسایەتییە ریفۆرمخوازەکان ئەو کاریگەرییەی جارانیان نەماوە و لە چەند شۆڕشی ساڵانی ڕابردوویشدا سەرەکیترین دروشم، تێپەڕین بووە لە دووانەی ڕیفۆرمخواز-بناژۆخواز. لە لایەکی تریشەوە، خۆپیشاندەران و ناڕازییانی ئێستا لە ناوخۆ و دەرەوە، بە کەمتر لە ڕووخانی ئەم سیستەمە ڕازی نابن و ئەم بابەتە لە ئێران کۆتایی پێ هاتووە.

٢) **بەردەوامیی بزووتنەوەکە و حکوومەت هەردوو، بۆ ماوەیەکی نادیار**: بەردەوامبوونی بزووتنەوەکە لەگەڵ بەردەوامیی قەیرانەکانی ڕژێم، بەشێک لە بلۆکی دەسەڵات لە جەستەی سیستەمەکە جیا دەکاتەوە.

**خاڵی بەهێز**: دوایین ڕاگەیەندراوی میر حوسەینی موسەوی لە پاڵ بەردەوامی و ئیرادەی ڕژێم بۆ سەرکوتکردن و کەڵەکەبوونی کێشەکان لە لایەک و بەردەوامیی بزووتنەوەکە بە شێواز و فۆرمی جیاواز، ئەم سیناریۆیە بەهێز دەکات.

**خاڵی لاواز**: بەردەوامیی ئەم دۆخە نە بۆ خەڵک قبووڵ دەکرێت و توانای بەردەوامیی ئەم دۆخەیان، بەتایبەتی لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە هەیە و نە حکوومەتیش دەتوانێت بۆ ماوەیەکی نادیار بەم شێوەیە درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. جگە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەمانەیش گۆڕانکارییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان و بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی و درۆنی، هەروەها لێکەوتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، ڕێگە لە بەردەوامیی دۆخەکە بەم شێوەیە دەگرێت.

٣) **سەرکوت و کۆتاییی بزووتنەوەی ژینا**: حکوومەت سەرکەوتوو دەبێت لە سەرکوتکردنی تەواوەتیی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی (ژینا) و، بەردەوام دەبێت لە ژیان وەک جاران بۆ ماوەیەکی زۆر و تا سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێکی تر.

**خاڵی بەهێزی ئەم سیناریۆیە**: تاوەکوو ئێستا هیچ ئاماژەیەکی بەرجەستە و بەرچاو لە پاشەکشەی حکوومەت و هێزە سەرکوتکەرەکان و، هەروەها دروستبوونی لێکترازان و ناکۆکی لەنێو نوخبە و سیستەم نەبینراوە. بەم پێیە بڕیار و پلانی سەرەکیی ڕژێمی ئێستا ئەوەیە کە، ئەم بزووتنەوەیە سەرکوت بکات و کۆتاییی پێ بهێنێ.

**خاڵی لاوازی ئەم سیناریۆیە**: ئەم سەرکوتکردن و توندوتیژییە و بەکارهێنانی هێزی سەربازی، نیشانەی بنبەستی سیاسی و دروستبوونی لێکترازانی قووڵی نێوان دەسەڵات و زۆرینەی خەڵکە و، بەم پێیەیش حکوومەت ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت لە بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن و سەرکوتکردن؛ هەرچەندە دەتوانێت تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە.

٤) **چاوەڕوانی بۆ دروستبوونی شەپۆلێکی نوێی شۆڕش و ڕووخان لە داهاتوو**: بزووتنەوەکە بەخێرایی دەگاتە شەپۆلێکی نوێ و، حکوومەت ئەم جارە ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

**خاڵی بەهێز**: بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان هیچ کاتێک بە شێوەیەکی هێڵی وا ڕاستەوانە ناچنە پێشەوە، بەڵکوو بە شێوەی شەپۆل لە هاتوچۆدان و بەرزی و نزمییان هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، بەهۆی ئامادەبوونی فاکتەرە ناوخۆییەکان و تایبەتمەندیی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەوە، ڕوودانی ئەم سیناریۆیە بەهێز دەبێت. لە بەرامبەریشدا حکوومەت و دامەزراوە ئاسایشی و سەرکوتکەرەکانی لە بەردەوامیی ئەم شەپۆلانە، دوودڵ و ماندوو و بێهیوا و بێمتمانە دەبن و لێکترازانی سیاسی لە جەستەی دەسەڵات و نافەرمانی و ناکۆکیی سەربازی لەم حاڵەتەدا ئەگەرێکی بەهێزە.

**خاڵی لاواز**: نەبوونی هەماهەنگی و پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان نارازی و ڕەوتە سیاسییەکانی ناوخۆ و دەرەوە، هەروەها ناکۆکییەکانی ئۆپۆزیسۆن لە دەرەوە لەم ماوەیەدا و ململانێ و بارگرژیی توندی نێوانیان و نەبوونی متمانە بە یەکتری و، هەروەها دروستنەبوونی هیچ ئەڵتەرناتیڤ و هاوپەیمانییەتییەک- چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ دەرەکی-، لە پاڵ توانا و ئیرادەی دەسەڵاتی زاڵ بۆ سەرکوتکردن، ئەم سیناریۆیە لاواز دەکات. جگە لەمانەیش، هەر ڕێککەوتنێکی ئاشکرا، یان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نهێنی لە نێوان ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتانی ڕۆژاوایی سەبارەت بە پرسی ئەتۆمی یان مووشەکی و درۆنی و ناوچەیی و سووککردنی سزاکان و ئازادکردنی پارە بلۆککراوەکانی ئێران لە دەرەوە، دەتوانێت بزووتنەوەکە بۆ ماوەیەکی کاتی لاواز و ناکاریگەر بکات.

٥) **کودەتا و دروستبوونی حکوومەتێکی سەربازی لە ئێران**: بزووتنەوەکە بە هەوراز و نشێو بەردەوام دەبێت و لە لایەکی تریشەوە، بەردەوامبوونی کۆمەڵێک قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ژینگەیی و پەیوەندییەکانی دەرەوە، کێشەکانی حکوومەت دەگەیەنێتە ئاستێک کە یان بە دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربازی یان هاندانی جەنگ و ململانێیەکی سەربازیی ناوچەیی، دەسەڵات بۆ ماوەیەک لە ناوەڕاستی ئاژاوەدا دەپارێزرێت.

**خاڵی بەهێز**: سروشتی سیستەمی سیاسی و باڵادەستیی سوپای پاسداران و کۆنترۆڵکردنی جومگە سیاسی و ئابووری و هەواڵگرییەکان و...، ئەم سیناریۆیە بەهێز دەکات. هەروەها ڕەفتاری بڕیاردەرانی کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەدا بۆ هەناردەکردنی کێشەکان و ئەنجامدانی چەندان مانۆڕی سەربازی لەسەر سنوور و هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و، هەروەها ئاشکرابوونی پلانیان بۆ هێرشکردنە سەر سعوودیا، ئەو سیناریۆیە بەهێز دەکات. بۆیە زۆر جار باس لە کودەتای سوپا، یان تەنانەت بە کۆریای باکوورکردنی ئێران دەکرێت.

**خاڵی لاواز**: سروشتی جیۆسیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی کۆمەڵگەی ئێران و، هەروەها فرەپێکهاتەیی و ناسنامەییی ئێران، سەرکەوتنی ئەم سیناریۆیە لاواز دەکات. جگە لەمانەیش، گوشارە دەرەکییەکان و سزا و ئابلووقەکان و هەڵکەوتەی جوگرافیی ئێران، ڕێگە لە سەرکەوتنی ئەم پلانە دەگرێت.

٦) **شەڕی ناوخۆ**. شەڕی ناوخۆ کاتێک ڕوو دەدات کە نە حکوومەت توانای سەرکوتکردنی تەواوەتیی نارەزایەتییەکانی هەبێت و نە ئۆپۆزیسیۆن توانای ڕووخاندنی حکوومەتی هەبێت. لەم سیناریۆیەدا ئەگەر مەودای نارەزایەتییەکان و ئاستی توندوتیژی لە هەمان کاتدا بەردەوام بێت، دەکرێت بە پشتیوانی و دەستێوەردانی دەرەکی، خۆپیشاندەران پڕچەک بکرێن.

**خاڵی بەهێز**: ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە ناوخۆ و دەرەوە و حاڵەتی بنبەست لە نێوان خۆپیشاندەران و دەسەڵات و سەرکەوتوونەبوونی هیچ کام لە بەرەی نارازییەکان و ڕژێم، ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە بەهێز دەکات. جگە لەمانەیش، ئەزموونی دەسەڵات، چ لە سەردەمی ڕووخانی شای ئێران و پاشان لە سووریا و بەردەوام دووبارەکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەسووریاییکردنی ئێران بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک، لە پاڵ فرەپێکهاتەیی ئێران و ناکۆکی و ڕێکنەکەوتنی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوە و، هەروەها بەرژەوەندیی پێکناکۆکی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی چین و ڕووسیا لە لایەک و، ئەورووپا و ئەمریکا لە لایەکی ترەوە، خاڵی بەهێزی ئەم سیناریۆیەن. جگە لەمانەیش، ویست، ڕوانگە و ئیرادەی نوخبەی دەسەڵاتدار بۆ مانەوە و بەرژەوەندییەکانیان و زاڵبوونی ژەنەراڵ و هێزەکانی سوپای پاسداران لە ئێران، ئەم سیناریۆیە بەهێزتر دەکات.

**خاڵی لاواز**: سروشتی ئاشتییانەی بزووتنەوەی ژینا، هەروەها سروشتی خودی کۆمەڵگەی ئێران لە پاڵ مەترسییان لە بەسووریاییکردنی ئێران و لێکەوتە کارەساتبارەکانی، ئەم سیناریۆیە لاواز دەکات. جگە لەمانەیش، پێگەی جیۆسیاسیی ئێران لە ناوچەکە و هەڵکەوتە جۆگرافییەکەی و پرسی ئاسایشی وزە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا، هەروەها مەترسیی ئەورووپییەکان لە قەیرانی کۆچبەر و پەنابەران و دووبارەبوونەوەی ئەزموونی سووریا و هەڕەشەی بەهێزبوونی گرووپە جیهادی و تیرۆریستییەکان و لەرزۆکبوونی ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە، وەکوو ئەفغانستان و پاکستان و سووریا و عێراق و یەمەن و لوبنان و تەنانەت فەڵەستین و...، ڕوودان و پشتیوانی و پێشوازی لەم سیناریۆیە زۆر زیاتر لاواز دەکات.

٧) **دووبارەبوونەوەی سیناریۆی شۆڕشی ١٩٧٩**: واتە بە ڕاگەیاندنی بێلایەنیی هێزە چەکدارەکان، شۆڕش سەر دەکەوێت و حکوومەت دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**خاڵی بەهێز**: بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە، بەتایبەت لایەنگرانی پاشایەتی و خودی ڕەزا پەهلەوی، کار لەسەر ئەم سیناریۆیە دەکەن. جگە لەمانەیش، ئەگەری ئەوە هەیە کە بەشێک لە فەرماندە پلە مامناوەند و خوارەکانی سوپا و ئەرتەش و هێزەکانی تر بۆ مانەوەی خۆیان و دوورکەوتنە لە سزا و، هەروەها بەپێی پێوەری سوود و زیان، ئەگەر خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان زیاتر بەهێز ببێت و ئەگەری ڕووخانی ڕژێم ساناتر بێتە بەرچاو و هەست بکەن کە لە لایەک دەوڵەتانی ئەورووپی و ئەمریکا بڕیاریان داوە کە ئەم ڕژێمە نەمێنێت و پاڵپشتی لە ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک دەکەن و لەلایەکی تریشەوە، ببینن کە نوخبە و سەرکردە سیاسییەکان ئەگەری هەلاتن و جێهێشتنی وڵاتیان هەیە، دەچنە پاڵ ئەم سیناریۆیەوە و پشتیوانیی لێ دەکەن. جگە لەمانەیش دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان مەرجەعییەتەکانی شیعە و پیاوانی ئایینی و دەرکردنی فتوای حەرامکردنی کوشتنی خەڵک، لە ئەگەری بەهێزبوون و فراوانبوونی بزووتنەوەکە وا دەکات، کە ئەم سیناریۆیە بەهێز بێت. تەنانەت، مانگرتن و نافەرمانیی پیشەسازییە بنچینەیی و ژێرخانییەکان و بەتایبەتی کارمەندان و کرێکارانی کەرتی وزەی ئێران، کە بە بڕبڕەی پشتی ئابووری و دابینکردنی داهاتی ئێران دەناسرێن، وا دەکات



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە ئەم سیناریۆیە زیاتر بەهێز بێت.

**خاڵی لاواز**: ئەزموونی مێژوویی و هزریی ئەو دەسەڵاتدارانەی ئێستای کۆماری ئیسلامی، کە ڕژێمی پاشایەتییان هەر بەم ڕێگە و سیناریۆیە ڕووخاندووە، وا دەکات بەتوندی ڕێگە لەم سیناریۆیە بگرن. چونکە دەسەڵاتدارانی ئێستا خاڵی لاوازی سیستەمی پێشوویان لەبەرچاوە، کە بۆتە هۆی هاتنەسەردەسەڵاتیان بە تێچوویەکی کەم. هەروەها جیاوازیی پێکهاتەی هێزە سەربازییەکانی ئێستای ئێران لەگەڵ سوپای سەردەمی پاشایەتی و بوونی هێزی هاوتەریب و میلیشایی و تەنانەت تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ ئەم ڕژێمەی ئێستا و بەتایبەتی بەئایدیۆلۆژیاییکردنی هێزە ئاسایشی و سەربازییەکان لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ و نەبوونی کاریگەری و پەیوەندیی دەرەکیی هاوشێوەی سەردەمی پاشایەتی لە نێوان سوپای پاسداران و هێزەکانی تری سەربازی و هێزە سەربازییە ڕۆژاواییەکان، ئەم سیناریۆیە لاواز دەکات. جگە لەمانەیش، تا ئێستا ڕێککەوتنێکی گشتی لە نێوان لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکاندا نەکراوە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لە دوای کۆماری ئیسلامی و، بڕیارە ئەم پرسە بۆ قۆناغی ئینتقالی دوا بخرێت.

## کۆبەند

پێدراو و ئاماژەکان پێمان دەڵێن، ئەگەر خەسار و ئەم خاڵە لاوازانەی شۆڕشی ژینا پڕ نەکرێتەوە، تەمەنی کۆماری ئیسلامی درێژتر و تێچووی شۆڕشەکە بەرزتر دەبێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا سەرکەوتنی هەر سیناریۆیەک لەو سیناریۆیانەی کە ئاماژەی پێ کرا، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر فۆرم و شێوازی سیستەمی سیاسیی ئێران لە داهاتوودا هەبێت. ئەوەی کە تاوەکوو ئێستا دەبینرێت ئەوەیە کە، وڵاتانی ڕۆژاوایی چاویان لە ڕێککەوتنە لەگەڵ ئێران و لاوازکردنی، نەک ڕووخانی سیستەمە سیسییەکە؛ ئەمەیش بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتوو کە داهاتووی ئێرانیان لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکە بۆ ڕوون بێت و بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت و لە مەترسییەکانی بەسووریاییبوونی ئێران دوور بکەونەوە. هەموو ئەمانەیش کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە دادەنێت و کوردیش بە پێی هاتنەدیی هەر سیناریۆیەک، پێگەی لە داهاتووی ئێران بەرجەستە دەبێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، هەر سیناریۆیەک لەم سیناریۆیانە کاریگەریی لەسەر هاوکێشە جیۆسیاسییەکانی ناوچەکە- بە ئەرێنی یان نەرێنی-، بەتایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت.

- لەم چوارچێوەیە کۆمەڵایەتییەی کە میدیای ئەلیکترۆنی ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەگێڕێت، بزووتنەوە نوێیە نیشتمانی و گەورەکان پێنج جۆر پرۆسەیان بۆ سەرکردایەتی هەیە:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١- سەرکردەی پلاندانان کە مەعریفەی خەبات دابین دەکەن و پاشان دابەشی دەکەن و ئەدەبیاتی تێکۆشان دروست دەکەن،

٢- سەرکردە پاڵنەر و ئیلهامبەخشەکان کە پاڵنەرن بۆ ئەوەی خەڵک بچنە ناو بزووتنەوەکە و بەردەوام بن و پەیڕەویی لێ بکەن و، ئەم جۆرە سەرکردانە زیاتر کاری میدیایی دەکەن،

٣- سەرکردە مەیدانییەکان کە دەچنە ناو کاری ئۆپەراسیۆنی لە مەیدانەکەدا و لە ڕاستیدا ئاراستەی مەیدانەکە دەگرنە ئەستۆ و،

٤- سەرکردە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکان کە یەکگرتوویی فیکری دروست دەکەن و لە ڕووی تیۆرییەوە ئەڵتەرناتیف و ئامانجەکان و تیۆریزەکردنی سیاسەتەکان دەگرنە ئەستۆ و لە کۆتاییدا،

٥- ئەو سەرکردە سیاسییانەی کە ئاراستەی پراکتیکیی بزووتنەوەکە لە ئەستۆ دەگرن و بانگهێشتی ئەوانی دیکە دەکەن بۆ هاوپەیمانی و یەکگرتوویی و هەماهەنگی، هەروەها دەچنە ناو گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ هێزە جیاوازەکانی ناوخۆیی و دەرەکی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس – ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠٢٣


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# یەکرێزیی ناوماڵی کورد



**عەلی رەزا قادری**

باس لە یەکرێزیی ناوماڵی کورد بەگشتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەتایبەتی فرەوفراوانە بەلام بەداخەوە کەمتر باس لە چۆنیەتیی و گرنگیی و میکانیزمەکانی پاراستنی دەکرێت. یەکرێزیی چەندە گرینگەو چۆن دەتوانێ باشترین ئامرازی سەرکەوتن بێت، پاراستنی ئەو یەکیەتییە و بەتایبەت لەکاتە سەخت و هەستیارەکانیشدا هەربەو ڕادەیە پێویست و گرنگە. کۆمەڵێک ڕووداوی ئەمدواییانە و بەتایبەت پرسی هاوکاریی و چوونەناو ئیئتلافی بەرینتر و لێرەشدا هاکاریی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیی ئەزمونێکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پتەویی و پایداریی ڕێکەوتن و هاوکارییەکانمان. بۆ نمونە ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران وەک دەستکەوتێکی گەورەوگرانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژویی لەوچەشنەدایە. دۆخی لەمجۆرە، هەمان ڕێگا پڕهەوراز و نشێوەکانی خەباتە کە تەنیا بە ڕۆح و هزری نیشتمان خۆشەویستیی و شارەزایی و لەخۆبردویی و بوونی ڕێبەرانی بەئەزموون دەتوانی سەرکەوتووانە تێپەڕی کەیت. ئەوکەسانەی ئەمڕۆ بیرلەپاراستنی دەستکەوتە دەگمەنەکانمان و ئەوەی ئێستا هەمانە ناکەنەوە، چۆن دەتوانن دروشمی گەورەتری وەک یەکیەتیی نەتەوەیی بدەن. پارێزگاریی لە ناوەندی هاوکاریی یان ئامراز و بابەتی هاوچەشن، ئەرک و بەرپرسیارەتی نەک هەر لایەنێک بەڵکە هەموو لایەنەکانی بەشدار و هاوکات و هەربەو ڕادەیەش، تاک و کۆیەکانی دەرەوەی ناوەندیشە. دیارە ئەگەر بەچاوی دەستکەوتێکی پڕبایەخ و هێمایەکی یەکگرتوویی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەیر بکرێت. هەڵوەشانەوە و شکستەکانی ناوەند بەرپرسیارەتی گەورە دەخاتە ئەستۆی هەمووان. هەڵخراندن و ژاراوییکردنی ژینگەو دۆخی هزریی و سیاسیی بۆ لەبەریەکترازاندنیشی، هیچ پاساوێک هەڵناگرێت؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەکۆمەڵگـایەکی پێشکەوتوودا هیچ شتێک هێندەپیرۆز نییە کە نەکرێ ڕەخنەو گازنـدەی لەسـەربێت بەومەرجەی زیـانی بەرژەوەندییەباڵاکانی کۆمەڵگاکەی تێدانەبێت. کاتێک ئێمە لە شۆڤینیسمی نەتەوەی باڵادەست تـووڕین، کاتێک نازیسمی ئاڵمانیی و فاشیزمی ئیتالیایی و توندئاژۆیی ئیسلامیی بەکارەسات دەزانین، نابێ خۆمان تووشیان بین. دەبێ ئەو ڕاستییە بـزانین کە چەمکـی لەوجـۆرە هەمیشـە لەدەرەوەی ئـێمە و سنوورەکانمان بوونیـان نیـیە و جاروبـاریش دەخـزێنە پـاڵمـان. مرۆڤگەلێـک دەبینـی کە ڕێـک بەو ڕۆح و هەناسـەیە بیـردەکەنەوە و لەهەلسوکەوتیشـدا هەربەو ڕێـژەیە تونـدئاژۆ و پەلاماردەرن. ئەمانە نەتەنیا ناچنە خانەی یاساکانی ئازادیی دەربڕین بەڵکە مەترسیشن بۆ سەر ئـازادیی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان. دیاردەگەلی لەوجۆرە نەتەنیا لە خەڵک و گەلانی دیکە دوورمان دەخەنەوە، لەناوخۆمان و لەگەڵ یەکتری و بگـرە لە خـودی خۆشـمان نـامۆ و بێگانەمـان دەکەن. جگە لە پیلانـی نەیـاران، ئەمـانەش بۆلەبـاربردنی دەسـتکەوتەکان و لێرەشدا تەبایی و یەکڕیزیمان زۆر شوێندانەرن. جیاکردنەوەی ڕەخنەی دڵسۆزان لە ناحەزان زۆریش سەخت نییە.

بەئامانجگەیشتنی شۆڕشی ئەمجارە و بەکردەوە دەرهێنـانی فەلسـەفەی ژن ژیـان ئـازادیی، پێویـستیی بە یەکیەتیـی مرۆڤـی بەبیروهزری ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ و فیداکارە کە شەقامەکانی کوردستان و ئێران دەیان میلیۆن نمونەی لەوجـۆرەی تێدایە . دەرفەتێکی ئـاڵتونیی بـۆ سـەرکەوتنی گەورە لەبەردەستە کە دەبێ بیقۆزینەوە، جـا چ خۆمـان بتـوانین بەتەنیـا بیکەین چ لەڕێگای هاوکاریی و یەکگرتن لەگەڵ خەڵکانی دیکە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ماسی دە گۆمێ دا نافرۆشرێ



**کەمال گرویسی**

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و پەرەگرتنی بۆ هەموو شارەکانی دیکەی ئێران ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کەوتە خۆ تا لە کاروان دوانەکەوێ وسەری بێ کڵاو نەمێنێ.

یەکەم دەستە لایەنگرانی نیزامی شایەتی و بە روونی بنەماڵەی پەهلەوی بوون. ئەوان ماوەی چل وچوار ساڵ وەک لە چاڵەبەفرت نابن، هەست و خوستیان نەبوو، یەکجێ تینیان تێگەڕا و کەوتنە جموجۆڵ. ئەوان وەک ئەوەی نە بایان دیبێ و نە باران، بە هەمان گەز و ڕبەی جاران کەوتنە وتوویژ و راوێژ و قەوانە کۆنەی حیزبی ئێران و ڕەستاخیزیان لێدایەوە و باللۆرەی لەباو کەوتووی " میللەتی ئێران" و تەوایەتی عەرزی و یەک میللەت و یەک ئاڵا و یەک زمانیان کاوێژ کردەوە. کوڕی محەممەد رەزا شایان وەپێش خۆیان دا، نایکەم و نابم لەو و ئیلا و بیلا دەیکەی و هەر تۆ شای لەوان، ئاخرەکەی کالیسکەی شایەتییان لێ بەست و لەسەری سوار بوون. رەزا پەهلەوی تا ئێستاش هەر بە دڕدۆنگی لە خۆی و دەوروبەری دەڕوانێ و وەک کەسێک دەچێ خەونێکی خۆشی دیتبێ و ڕۆژی دوایی جار و بار بەشێک لە خەونەکەی وەبیر بێتەوە، بای وەبن باڵ دەدرێ و تاوێک دەفڕێ. جارێک ڕووی قسەی لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمە و جارێک دەگەڵ لایەنگرانی خۆی دەدوێ و وەک گێژاوی ناو ئێستیکان هەر کەوچکەکەیان لێ دەرهێناوە، خاو دەبێتەوە و مەند و ماقووڵ ئۆقرە دەگرێ.

ئەویش وەک باپیری سیاسی نییە، بەڵام جەماعەتێکی ڤین لەدڵی کۆنە ساواکی و ئەرتەشیی پێشوو بە گوڵینگی سەرشان و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

قاشوولکەی بەرۆکەوە، دنەی دەدەن و فێری "شایەتی" دەکەن.

دەستەی دووهەم هێزە چەپەکانی ئێرانن و بەشێک لە ئەوانیش پەتای ئینشعاب و لێکترازان پێیان فێربووە و نەدەتوانن رێک کەون و پێکەوە بەرەیەک ساز کەن نەدەتوانن دەست لە ئامانج شاری خۆیان هەڵگرن و بێن لەسەر عەرزی واقع بەخۆدا بچنەوە و بەرنامەیەکیان بۆ وڵاتەکەیان هەبێ، بەشێکیشیان ئێستاش هەر سیلەی چاویان لە مەسکەو وپێکینە و نوقمی گێژاوی کۆنگرەی بیستی حیزبی کۆمۆنیستی شورەوین. دەستەیەکیشیان داڵغەی جیهان وڵاتیی بردوونییەوە و ریش و بسکی رەشیان لەسەر سپی کردووە.

دەستەی سێهەم موجاهیدینی خەڵکە. ئەو رێکخراوە دنیایەکی تایبەتی خۆی هەیە. رێکخراوێکی قایم کار و بە دیسپلینن و ریزەکانیان زۆر کەم درزی بردووە. ئەو رێکخراوە یەکەم رێکخراوی ئێرانییە دانی بە خودموختاری کوردستان دا هێناوە و چەند ساڵێکیشە پیرۆزبایی دووی ریبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەن و گوایە لەم چەند رۆژەی دواییدا ملیان بۆ سیستمی فیدراڵی لە ئێرانی داهاتوودا راکێشاوە.

کورد ئەگەر بیهەوێ لە ئێرانی داهاتوودا بژی و بمێنێتەوە، دەبێ لەگەڵ ئەوانە بکەوێتە وتووێژ و سەودای سیاسی. بەڵام هەموو ئەو هێزانە جارێ سەنگ و قورساییان لە محەک نەدراوە و نازاندرێ لە ئێرانی داهاتوودا پێگە و جێگەیان چۆن دەبێ. جێگە و پێگەی کورد لە چل و چوار ساڵی رابردوودا تاقی کراوەتەوە و لە شۆرشی ژیناش دا سەرلەنوێ پێداگری لەسەر کرایەوە و ئەوەش لە سۆنگەی یەکریزی و تەبایی هێزەکانی گۆرەپانی سیاسی کوردستان بوو.

پێوەری کورد بۆ وتووێژ دەبێ بەرنامەی ئەو هێزانە بۆ داهاتووی ئێران و مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران بێ، هەرکام لەو هێزانە بە بەرنامەی نووسراو و لەسەر دەستی لایەنێکی نێونەتەوەیی بۆ وێنە وڵاتێکی ئەندامی هەمیشەیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە پێش، کورد دەبێ پێشوازیی لێبکا. پێویست نییە ئێمەی کورد لەسەر فلان رێکخراو یان فیسار کەس ریزەکانی خۆمان بترازێنین. بەرنامەی هەرکام لەو چەند هێزەی لە گۆرەپانی سیاسەتی ئێراندا هەن لە ویستەکانی کورد نیزیک بوو کورد دەبێ لەگەڵی بکەوێتە وتووێژ و سات و سەودای سیاسی .هێزە سیاسییەکانی کوردیش لەناو خۆیاندا دەبێ لە چەند خاڵێکدا هێڵەگشتییەکانی خۆیان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی نەتەوەکەمان دیاری بکەن و لەو چوارچێوەیەدا و بەو بەرنامەوە دەست بە وتووێژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکەن و ڤیتۆیان لەسەر هیچ هێزێک نەبێت. ئەوەش نکۆڵی لێ ناکرێ لە کۆتاییدا ئەوە هێزی کورد و تەباییە پێگەی کورد و مافەکانی دیاری دەکا.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مەترسییە شاراوەکانی هاوپەیمانی



جەلیل ئازادیخواز

ماوەی چەند مانگێکە ڕۆژهەڤی کوردستان و چالاکانی کورد بووەتە بابەتی هاوپەیمانی و هاوپەیمانی لەگەڵ کێ. چالاکانی کوردستان و کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبەکان بە گشتی بە کایەیەکەوە سەرقاڵ کراون کە چوارچێوە و ڕووبەری شاراوە و ترسناکی ئەم باسە بۆ کۆمەڵگا و تەنانەت هەندێ حیزب و لایەنی سیاسییش ڕوون نییە.

بەڕۆژهەڤکردنی ئەم بابەتە پرۆژەیەکی بیرلێکراوە و داڕێژراوی ناسیۆنالیزمی تەواوییەتخوازی ئێرانییە و کۆمەڵێک خاڵ و ئامانجی کردووەتە مەبەست، لەوانە:

- خاوکردنەوەی خەباتی جەماوەریی ناوخۆ و ساردکردنەوەی گەلانی ئێران لە خەبات بەتایبەتی گەلی کورد؛
- هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتن و لە دۆخی نەتوانیندا لانیکەم هاوڕاکردنی کورد لەگەڵ خۆیاندا وەک هێزێکی سەرەکی و کاریگەر و بزوێنەری خەبات؛
- دڵساردکردنەوەی گەلانی ئێران لە خەباتی نەتەوەیی و پاشان ملکەچکردنی ئەوانیش لە ڕێگای هاوپەیمانیی کوردەوە، چونکوو ڕوونە کورد وەک ڕێکخراوترینی ئەو نەتەوانە، چ وەک کۆمەڵگای مەدەنی و چ وەک وێژمان و چالاکیی بەرفراوان، دیارترینی ئەو نەتەوانەیە. سەرەڕای ئەمەش کورد بە هۆی سەدان ساڵ خەبات و بەتایبەت بە هۆیی شۆڕشی ژیناوە و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەرەتایبەتتریش بە هۆی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە، ئەمڕۆ لە ناوچەکە و لە جیهانیش لە دۆخێکی هەرەگونجاودایە و توانیویەتی سەرنج و پشتیوانییەکی هێند گەورە کۆ بکاتەوە کە لە مێژووی سەدساڵی ڕابردوویدا تاقانە و دەگمەنە. دەبێ بڵێم ئاستی ئەم پەسەندی و هێزە تا ڕادەیەکە کە هەموو ئاماژە و نیشانەکان پێمان دەڵێن جیهانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ئەمریکا و فەرانسە و پاشانیش ئەورووپا، لانیکەم ئەگەر ڕای کورد نەزانن هیچ بڕیارێک لەسەر چارەنووسی داهاتووی ئێران نادەن. وێڕای دۆخی کورد خۆی، ئەم هەڵوێستەی تا ئێستای ڕۆژئاوا کۆهۆکارێکی تایبەت بە خۆیشی هەیە کە لە بابەتێکی دیکەدا ڕەنگە بیخەمە بەرباس.

- لەگەڵ ئەمەشدا، ئاشکرایە بەریانی ناسیۆنالیزمی ئێران بەدوای گۆڕانی قووڵ و بنەمایی کۆمەڵگای ئێران و لێکترازانی حکوومەتی یەکانگیر و شکانی کاستی حاکمییەتی کەمینەی فارسەوە نییە، بەڵکوو پرۆژەی گۆڕانێکی ئاڕاستەکراوی سیاسیی لە خەیاڵدایە و بەس، ئەویش لە ڕێگای مانەوەی کۆئەندامی دەسەڵاتدارێتیی ئێرانییەوە لە کۆی ڕەهەندەکانی خۆیدا، بەتایبەتی لە ڕەهەندی سەربازی و هەواڵگریدا کە دوو ئەستوونی سەرکوت و سەپاندنی دۆخی دیکتاتۆریی زۆردارانەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی ئێرانیین.

لێرەوە دەردەکەوێت هەرجۆرە هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ ئەم بەریانەدا سەرەتا هەوڵێکی دژەشۆڕش و بەربەستکردنی گەشەی شۆڕشی ژینایە وەک شۆڕشێکی بەرینی کۆمەڵایەتی کە لە هەموو ئاستەکاندا ئێرانی سەدان ساڵە هەڵدەتەکێنێت و خاوەنی داڕشتەیەکی کۆڕەهەندە لە دەستەبەرکردنی سەروەریی نەتەوەیی کوردستانیان و هەموو نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای بەناو ئێراندا. هاوکات دەتوانێ دەسەڵاتداریی سەدان ساڵەی کولتووری و مەعریفیی کەمینەی فارس کە سەدان ساڵە نەتەوەکان دادەپڵۆسێ و دەچەوسێنێتەوە، لە بنەوە هەڵتەکێنێت.

تا هەنووکە بەریانی ناسیۆنالیزمی دێرینەخوازی ئێرانی تا ڕادەیەکی زۆر لە شڵەژانی دۆخەکە و ساردکرنەوەی بلێسەی شۆڕش و لێکترازانی ڕیزەکانی کورد لە ناوخۆیدا و ڕوو بە نەتەوەکانی ئێران، سەرکەوتوو بووە. لە غیابی بەرەیەکی بەرینی کوردستانیدا کە پێکهاتەی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکانی سەربەخۆ و هەموو ڕێکخراوە و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەبێ هەڵاوردن لە خۆ بگرێت، ناوەندی هاوکاری و لە ناوەندیشدا حیزبێک و لە ڕاستیدا تەنیا یەک کەس، بووەتە مینبەری ئەم هەڵا و هەڵە ستراتیژیکە مەرگخولقێنە. مەترسییەکانی ئەم کایەیە و بارگاویبوونی ناهۆشیار و نەزانکارانە پێیەوە، ئەویش لە دۆخی نەبوونی هێزێکی ڕێکخراوی ئێرانیی دیمۆکرات و سیکۆلاری سەرانسەریی خاوەن ئۆتۆریتەی کۆمەڵایەتیدا کە بتوانێت ڕەوتی کایەکە بگۆڕێت، بەرەو کارەساتی ترسناکمان دەبات، کە دەتوانین بڵێین لێکەوتەکانی یان هەندێ لە لێکەوتەکانی دەتوانن ئەمانە بن:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە ئاستی یەکەم تەنها ئەگەری هاوپەیمانی لەگەڵ سێ ناودا بەرجەستە دەبێتەوە کە بریتین لە موجاهیدین، شاخوازەکان و ڕیفۆرمیستەکانی ناو دەسەڵات و تەنانەت ڕژێم خۆیشی. لەبەر هەندێ هۆ ئەگەری سازان دواجار دەچێتەوە سەر دوو ناو: شاخوازەکان و موجاهیدین. ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەوەیە کە ئەو دەنگە شازەی کورد، شازە بە هۆی ترسناکبوون و ناسیاسیبوونیەوە نەک بە هۆی بابەتیبوونیەوە، پێداگرییەکی دۆگماتیکی ئایدیۆلۆژیک دەکات لەسەر سازان لەگەڵ شاخوازەکاندا.

## مەترسی هاوپەیمانی لەگەڵ شاخوازەکاندا

ئەم تاقمە بە هزر و ئاوەزی سیاسی دێرینەخواز و کۆنەپەرستن و بۆ داهاتوو هیچ فۆرم و شێوەیەکی نوێ جگە لە جۆرەکانی پاشایەتی شک نابەن. تەواوێتیخواز و هێژمۆنیخوازن و باوەڕیان بە هیچ جۆرە فرەڕەنگی و فرەچەشنی و فرەدەنگییەک نییە و نەبووە. ئێران وەک یەکەیەکی جوگرافیایی یەکانگیر، نەتەوەیی و نیشتمانی دەبینن کە چەقەکەی گرێدراوی ئێتنیسیتەی فارس و دەسەڵاتداریی ئەم ئێتنیکەیە لە کۆی ڕەهەندەکاندا. بە ئەزموون و ویژمان و کردەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم تاقمەوە هیچ جۆرە نیشانەیەک بۆ سازانێکی گونجاو بەدی ناکرێت و جگە لە خۆبەدەستەوەدانی نەتەوە و هێزەکانی ئێران بە هیچ شتێکی دیکە قایل نابن. پێویستە ئەم باوەڕە هەڵەیە بەتەواوی بخەینە بەر ڕەخنەوە کە بە پەنابردن بۆ خوێندنەوەیەکی ناسیاسی و تەسلیمخوازانە دەڵێت هاوپەیمانی تەنها بۆ خستنی ڕژێمە و لە داهاتوودا ئەم هاوپەیمانییانە دەگۆڕێن. لە بەرانبەردا دەبێ بڵێین نەخێر وا نییە؛ هێزێک کە بتوانێت پەسەندی و ڕەوایی جەماوەری و نێونەتەوەیی بەدەست بێنێت و هێژمۆنیی خۆی بەسەر شۆڕشدا بسەپێنێت و وەک سەرکردە و هێزی کارای شۆڕش هەم ڕووبەڕە سیاسییەکان داگیر بکات و هەم ڕووبەڕە سەربازی و کۆمەڵایەتییەکان بە دەسەڵاتی خۆی پڕکاتەوە، لە دوارۆژی پاش شۆڕشیشدا حاکمی بێئەملاوئەولا دەبێت. دواتر لەڕووی سیاسییەوە دەبێتە خاوەن ڕەوایەتیی سێ لایەنەی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی و زۆر ئاسان هەموو جووڵەیەک بەناوی یاخیگەری و دژەیاسا و تیروریزمەوە سەرکوت دەکات و هاودەنگیی جیهانیشی لەگەڵ دەبێت. هەر بۆیە ڕژێمێکی لاوازی چەتەی ئاخوندی لە ئاوەها ڕژێمێک بۆ هەمووان باشترە.

گریمان ئەو گریمانەی سازانە لەگەڵ ئەم تاقمە یان هەر تاقمێکی تردا هاتە دی کە نایەت، بۆ ئاوا هاوپەیمانییەک دەبێ پەیمانێکی کۆنکرێتی کۆدەنگ و سیاسی لە ئارادا بێت کە هەر لە ئێستاوە بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتیی داهاتوو، کە یاسای بنەڕەتییە، بۆ سەروەریی یەکسان و دەسەڵاتی یەکسان ڕەنگرێژ بکات. بێگومان تاقمێک کە هەر ئێستەیش بە قەبیلە و تایفە و وردەکولتوور دەتناسێ و پێناسەت دەکات، لە پەیمانە کۆمەڵایەتییەکەشیدا لەوە زیاترت بۆ قایل نابێت. هیچ کەس و ئەقڵ و بەریانێکی سیاسی وا بیر ناکاتەوە کە ئەمڕۆ من خۆم دەبەخشمە تۆ بۆ ڕووخانی ڕژێم و بە پێناسەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تۆشەوە دێمە ناو ئەم خەباتە، بەڵام لە داهاتوودا دەسەڵات و سەروەریی نەتەوەیی من بە فەرمی بناسە و ڕەچاوی بکە، مەگەر ئەقڵێکی ئیفلیج یان...

کە وا بوو هەر هاوپەیمانییەک کە هەر لە ئێستاوە فەرمیبوون و نەتەوەبوون و جۆری سەروەریی تۆ دیاری نەکات، سبەینێ هەمان ئەم تێڕوانینە تۆتالیتەر و مەزنخوازانەیەی خۆی لە یاسای بنەڕەتییشدا کە بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتییە، جێگیر دەکات.

### مەترسییەکانی هاوپەیمانی لەگەڵ موجاهیدیندا

تا ئێستاش موجاهیدین حیزبێکی سەکت و تاقمگەرایە و لەسەر بنەمای هێژمۆنی و ئایدیۆلۆژیای پادگانی خۆی پێناسە و بەرجەستە دەکاتەوە. ئەم هێزە لە پێشبڕکێی دەسەڵاتدا لەگەڵ شاخوازەکان هەموو ئەو میکانیزمانە بەکار دەهێنێت و ڕەچاویان دەکات کە شاخوازەکان بەکاری دەهێنن. هەر بۆ بردنەوەی گرەوەکە لە شاخوازەکان ڕەنگە هەندێ چەمک و دەستەواژە و تێرمی سیاسییش لە ڕواڵەتدا قبووڵ بکات، بەڵام تا لەسەر ئاستی گشتی کراوە نەبێت و وەک حیزبێکی نۆرماڵ بەرجەستە نەبێتەوە، هەمان مەترسییەکانی شاخوازانی هەیە و هەر هاوپەیمانییەک لەگەڵ ئەوانیشدا ڕێک بە هەمان پرۆسەی مامەڵە لەگەڵ شاخوازەکاندا تێدەپەڕێت. کە وایە پێویست بە دووپاتکردنەوەی هۆکارەکانی نەگونجاوبوونی هاوپەیمانی لەگەڵ موجاهیدیندا نییە.

### ڕێگای سێهەم باشترین و ئاوەزمەندانەترینە

هەروەک باس کرا و دەرکەوت، کوردستان ئەمڕۆ هێزە و پوتانسیەلی بوونە بەریانێکی گەورە و ڕۆگەی سێهەمی هەیە. کوردستانییان و هێزەکانیان بە ڕێکخستنی خۆیان و دروستکردنی بەرەیەک کە لە سەرەوە پێناسەمان کرد، دەتوانن بەردی بناغەی بەریانی سێهەم دانێن. بە کۆکردنەوەی نەتەوەکانی ئێران و هەموو هێز و ڕێکخراو و تاکە چەپ و سیکۆلار و دیمۆکراتەکانی ئێران و دروستکردنی بەرەیەکی بەرین، دەتوانین خۆمان وەک ناونیشانێکی شیاو و قبووڵکراو و متمانەپێکراو لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و جیهاندا پێناسە بکەین و بناسێنین. ئەوکات ئەگەری دانوسانێکی یەکسان لەگەڵ ئەو دوو دەستەیەی تردا دەڕەخسێ و دەشێت لە پێگەی هێزەوە هەندێ ڕێکەوتنی گونجاو لەگەڵیاندا بکرێت. ئاشکرایە هەر هاوپەیمانییەک دەبێ بە شێوەیەکی کۆنکرێت و ڕوون بابەتگەلی وەک سەروەریی نەتەوەیی و دەسەڵات و چۆنیەتیی دابەشکردنی سەروەری و دەسەڵات ڕوون بکاتەوە و ببێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ دارشتنی یاسای بنەڕەتی لە داهاتوودا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هاوکات ببێتە گەرەنتییەکی گرنگی جیهانی چ لەلایەن زلهێزەکانەوە و چ لە لایەن ناوەندە جیهانییەکانی وەک ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

لە قۆناغێکداین کە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بێوێنەیە، هەم دەرفەتەکانمان گەلێ بەربڵاوە و هەم هەڕەشەکان بە چەشنێکە کە ئەگەر هۆشیارانە مامەڵە نەکەین دەشێت ئەو هەموو دەرفەتە گونجاو و مێژووییەمان لە کیس بچێت.

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ٨ی مارسی ئەمساڵ جیاوازە!




**ئاسۆ مینبەری**

لەکاتێکدا خەریکین لە ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان نزیک دەبینەوە کە بەپێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو، کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بە دۆخێکی زۆر جیاوازدا تێدەپەڕن.

باش دەزانین کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی هیچکات باوەڕی بە ڕۆژە جیهانییەکان نەبووە، هەوڵی داوە بە داتاشینی بۆنەی جیاواز هەم ڕووبەڕووی بەقەولی خۆی هێرشی بێگانە بۆسەر دەسەڵاتەکەی ببێتەوە هەم پیرۆزییەک بخوڵقێنێ کە لە ڕێگای ئەو پیرۆزییە داتاشراوەوە بتوانێ درێژە بە هێژموونێی خۆی بدات. لەم نێوانەشدا ڕەتکردنەوەی ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژێکی جیهانی بۆ ژنان لە بەرنامەی کاریی ئەم ڕێژیمەدا بووە و هەموو ساڵێک بە سەرکوت و هەڕەشە هەوڵی داوە پێش بە چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەم بوارەدا بگرێت. بەڵام گرینگتر لەوە داتاشینی ڕۆژی ژن لە ئێران بووە! ڕێژیم کە لە هەموو قۆناغە هەستیارەکاندا پەنا دەباتە بەر ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەی، ئەمجارەش وای کرد و بە ناودێرکردنی ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهرا لە ڕۆژژمێری خۆیدا وەکوو ڕۆژی ژن و ئەڵبەت زیاتر وەکوو ڕۆژی دایک هەوڵی دا بایەخ و گرینگیی ڕۆژی ٨ی مارس کەم بکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەڵبەتە نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕێژیم جیا لەو مەبەستەی کە لە سەرەوە باسی کرا، ویستێکی گرینگی دیکەشی هەبوو، ئەویش بنەڕەتیکردنەوەی ئەو بیرکردنەوە و ڕوانگەیە کە ژن لە قامووسی ئەواندا و لە ڕاستای ئیدئۆلۆژیی ئەواندا، ڕۆڵی گرینگی دایکایەتیی لەئەستۆیە و ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهراش بەو مەبەستەیە کە وەبیر خەڵک بێننەوە کە ژن کاتێک بەنرخ و بەبایەخە کە ڕۆڵی دایک بگێڕێت! ئەویش دایکێک کە وەکوو لە ئایینەکەیاندا هاتووە لە تەمەنی ٩ ساڵاندا بۆ پارێزرابوونی لە گوناح و تاوان شوو بکات و دواتریش وەکوو هاوسەرێکی گوێڕایەڵ، ئەرکی دایکایەتی لەئەستۆ بگرێت تاکوو هاوسەنگی ئیدئۆلۆژییەکە ڕابگیرێت.

بەداخەوە لەبەردەستدابوونی ئیمکاناتی دەسەڵات و دەرفەت بۆ ڕێژیم وای کردووە کە ئەم جۆرە بۆنانە لە مێشکی تاکەکاندا جێگا بگرن و زۆر جار بینیومانە سەرەڕای ئەوەی خودی تاکەکان لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو هاوسەرگیریی پێشوەختە و دووگیانبوونی پێشوەختە و تەنانەت جیابوونەوە لە ئاکامی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەقەولی خۆیان پیرۆزەیدا کە ڕێژیم بەرنامەی بۆ دارشتووە دیسانەوە ڕێزیان لەم ڕۆژە گرتووە چونکە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک لەلایەن دەسەڵاتی تۆتالیتێری ئیسلامیی ئێرانەوە بواری بیرکردنەوە و تێگەیشتنی قووڵ لە دۆخەکەی لێ ئەستاندوون. هەر بۆیە زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم دەسەڵاتە تۆتالیترە تاکوو سەرجێگای نوستنەکەیان چووە و لە شەخسیترین پرسی ژیانیاندا دەستێوەردان دەکات و وەکوو ڕۆبۆت هەموویان بەدوای بۆچوون و ئیدئۆلۆژیی خۆیدا ڕادەکێشێ.

ئەم پرسە لە کوردستاندا زۆر جیاوازترە! لەبەر ئەوەی تێگەیشتوویی خەڵکی کوردستان بەنیسبەت پیلان و سیاسەتە دژێوەکانی ڕێژیم لەسەرەوەیە کە بێگومان بزووتنەوەی سیاسیی حاکم بەسەر کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی بەردەوامی لەگەڵ داگیرکەر ڕۆڵێکی تایبەتی لەم تێگەیشتنەدا هەبووە. لە ڕاستیدا خەڵکی کوردستان بۆ هەموو کردەوەیەکی ڕێژیم خوێندنەوەی سیاسییان هەیە و باش دەزانن کە ئامانجی ڕێژیم لە هەر کردەوەیەک چییە!

بەم ڕوانینەوە با بێینەوە سەر دۆخی هەنووکەیی لە کوردستان. ماوەی ٥ مانگە شۆڕشی ژینا بەردەوامە، ئێستا کە خەریکین بەرەوپیری ٨ی مارسەوە دەڕۆین دەبێ ئاوڕێک لە تێکۆشانەکانی ساڵانی ڕابردووی ژنان لە بواری مافەکانیان بدەینەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر لە کوردستان ڕێزیان لە ٨ی مارس گرتووە، ئەگەر ڕێگایان پێ نەدرابێ کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرمی بەڕێوە ببەن، لە سەیرانگە و پارکەکانی شارەکاندا یان بە هاتنەسەرشەقام و وتنەوەی دروشمێکیش بووبێت ٨ی مارسیان بەرز ڕاگرتووە، هەرچەند هەر لەم پێناوەشدا کەوتوونەتە بەر هێرش و سەرکوت کراون بەڵام هیچکات لە تێکۆشان نەوەستاون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەلایەکی تریشەوە هەبوونی ڕێکخراو و ئەنجومەنەکان و بەگشتی کۆمەڵگای مەدەنی دەرفەتێکی باشی بۆ چالاکانی بواری ژنان ڕەخساند تاکوو بتوانن بە ئاگایی بەخشین و پەرەدان بە چالاکییەکانیان، زیاتر خەڵک لەگەڵ ڕەوتی بەرەپێشچوونی جیهان ڕێک بخەن و هەنگاوی کردەیی باش هەڵ بگرن.

دەکرێ شۆڕشی ژینا ئاوا پێوەند بدرێت بە ٨ی مارسەوە کە شۆڕشەکە، سەرهەڵدانەوەی دووبارەی ژنانێک بوو کە لە ٨ی مارسەکاندا و لە باقی ڕۆژەکانی ساڵدا و بە بیانوگەلی جۆراوجۆر لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت کران و دەنگی مافخوازییان کپ کرا! زۆرجار باس لەوە دەکرا کە دەبێ ٨ی مارس ببێتە دەرفەتێکی نوێ بۆ خەبات دژ بە چەوسانەوە و هەڵاواردن، ڕەنگە خەباتەکەش بەردەوام بووبێت بەڵام شۆڕشی ژینا سەلماندنی کە ژنان چەندە لەسەر مافەکانیان پێداگرن، ئەوان بوون کە بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز و لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی ژینادا، چەخماخەی شۆڕشێکی ژنانەیان لێ دا کە بڵێسەی ئاگرەکەی هەموو کوردستان و ئێرانی داگرت. ڕەنگە ئەگەر ئەو کردەوە سەمبولیکە و گوتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لەو ڕۆژەدا نەبایە، ئەم شۆڕشە هەر دەستی پێ نەکردایە! ژنان بوون کە بە پێشەنگایەتی و بەگژداچوونەوەی بیری دواکەتووی داکیرگەر لەو ڕۆژەدا، ناوی ژینایان کردە ڕەمز بۆ شۆڕشێک کە دەسەڵاتی ئاخوندەکانی بەرەو لێواری ڕووخان بردووە.

ئێستاش لە دڵی ئەم شۆڕشەدا، ٨ی مارس دەتوانێ ئەو دەرفەتە زێڕینە بێ کە باشتر دەنگی ژنانی چەوساوەی ئێران و کوردستان بە گوێی جیهانیان بگەیەنێ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ٨ی مارسی ئەمساڵ زۆر جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو دەبێ، ئەگەر پێشتر تەنیا ژنان ڕێزیان لەم ڕۆژە دەگرت و کەمتر پیاوان خۆیان لەگەڵی ڕێک دەخست، ئەوە ئەمساڵ ٨ی مارس دەتوانێ ڕۆژێک بۆ یەکگرتوویی و هەنگاوی یەکسانی ژنان و پیاوان بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئینسانییان بێ، بە پێچەوانەی هەموو ئەو پڕوپاگەندەی کە ڕێژیم کردی و ویستی ئەو دوو ڕەگەزە لەیەک دابڕێ، ئێستا هاوئاهەنگی و یەکهەڵوێستیی ئەوانە کە ڕێژیمی تووشی گەورەترین ترسی مێژووی خۆی واتە ڕووخان کردووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کەماڵ کەریمی: ناتوانین هاوکاریی کەس و لایەنێک بکەین کە هیچ شتێکی بۆ کورد پێ نییە



کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کوردکاناڵ" ڕایگەیاند: ناکرێ هاوکاریی ڕەوتێک بکەی بە بە نەتەوە و خاوەن شوناسی خۆتت ناناسێت.

بەڕێزیان لەبارەی پرسی هاوپەیمانیی سیاسی بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانی ئێرانی داهاتوو، و بە ئاماژە بە وتووێژەکەی کاک مستەفا هیجری لە بیبیسی کە دەنگدانەوەی زۆری لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا هەبوو، گوتی ئەوەی بەڕێز کاک مستەفا هیجری خستیەڕوو، ڕوانگەیەکی زۆر دروستە هەم لەنێو حیزبی دێموکرات و هەم لەنێو کورد لە ئێران. کورد نالێم لە دەورانی ڕەزاشا، بەڵام لە سەردەمی حەمەڕەزا شادا ٣٣ ساڵ خەباتی کرد بۆ ئەوەی لە سیستمی پاشایەتی تێپەڕێ. بۆ ئەمە خەڵکی کوردستان بە سەدان شەهیدیان دا، دەیان کەس ئێعدام کران و بە هەزاران کەس خرانە زیندانەوە. ئەو ستەمەی لەو ماوەیەدا لە کوردستان کرا، لە واقیعدا بۆ هێشتنەوەی لە بەشمەینەتیدا ٣٣ ساڵی خایاند. خەڵکی کورد ئەوکات بەشێک بوو لەو شۆڕشە گەورەیەی لەدژی ڕێژیمی شا کرا و ئەوەیکە ئێمە دەڵێین ناتوانین هاوکاریی لایەنێک بکەین شتێکی ئاساییە. تۆ دەتوانی لەگەڵ کەسێک هاوکاری بکەی کە یەک دەرسەد وەکوو مرۆڤ تۆی قەبووڵ بێت.

ئەو شۆڕشە گەورەکەی ساڵی ٥٧ بە "ئینقلابی مەنحوس" ناو دەبات، لە حاڵێکدا ئەو شۆڕشە بۆ ئەوە کرا خەڵک ئازادییان دەست کەوێ. ئێستا خومەینی و خامنەیی و ڕەفسەنجانی و نازانم کێوکێ هاتن و دەستیان بە دامەزرانی سیستمێکیتر کرد



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کە ڕێک لە کار و پرۆژەکانی شای ڕووخاو بەردەوام بن. واتە ئەوە نییە ئینقلابەکە خراپ بووبێ و ئەو بە مەنحووس ناوی ببات. ئەو هەتا ئێستاش دەڵێ ئەمن نازانم زمانی دایک یانی چی، یان پرسی دوو زمانە لە وڵاتدا یانی چی، لە حاڵێکدا بۆخۆی ئەگەر نەڵێم بە منداڵی لە کوێوە بۆ کوێیان ناردووە، بەڵام ئێستا لانیکەم زیاتر لە چل ساڵە لە دنیای دەرەوەدا دەژی و ئەگەر کەسێک چل ساڵ لە دنیای پێشکەوتووی ڕۆژئاواییدا ژیابێ و ئێستاش نەزانێ فەرهەنگی دوو زمانە لە وڵاتێکدا یانی چی، یان کوردی زمانێکە و لە وڵاتانی وەکوو دانمارک ،سوئێد و نۆرویژ و لە زۆر وڵاتانی دیکەدا کلاسی تایبەت بۆ کوردەکان بۆ فێربوونی زمانی دایکییان دادەنێن، کەسێک کە سەرەتا داکۆکی و پشتیوانیی لە سپای پاسداران دەکرد و پاش ئەوەی هەموو خەڵکی ئێران بەگشتی لەنێو خۆ و لە دەرەوە داوایان کرد سپای پاسداران بە تێرۆریست بناسن لە هەڵوێستەکەی پاشگەز بۆوە، یان کاتێک کە دەڵێ بەشێک لە سپای پاسداران دەبێ بمێننەوە چونکی ئەوە ئەوانن دەتوانن نەزمی وڵات بپارێزن و بەسیج بەشێکە لەو خەڵکەی کە دەتوانێ نەزم بپارێزێ، لایەنێکی ئاوا چۆن لەگەڵی دەڕۆی بە ڕێدا؟ یانی کە دەڕۆی لەگەڵی یەک، دوو، سێ هیچ شتێکی نییە کە تۆ دڵخۆش بکا بۆ ئەوەیکە ئەمە ڕوانینێکی باشی هەیە بەنیسبەت داهاتوو، و مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاکامە کە نا، ئەمە هەر دەیهەوێ بە دەستەڵات بگا و جێگای باوکی بگرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەوە ٤٤ ساڵە لە ئێران سیستمی کۆماری هەیە و ڕاستیدا ئەوە تەنزێکی مێژوویی دەبێت کە دوای ٤٤ ساڵان ئێمە دیسان سیستمی پاشایەتی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە ناسیارییەکی تەواوی لە سیستمی پاشایەتی هەیە؛ یانی ئەوە کە بەڕێزیان شتێکی نەهێشتۆتەوە کە ئەتۆ بڵێی هاوکاریی دەکەم.

ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەو وتووێژەیدا لەهەمبەر هەڵوێست و جووڵە سیاسییەکانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕایگەیاند: "ئەوەی کاک عەبدوڵڵا لەو پێوەندییەدا دەیکات ئەمن پێم وایە بێنەتیجەیە. ئەو دەڵێ دەڵێ ئێمە لەپێناو پێکهێنانی "کثرتگرایی"دا باسەکانمان دەبەینە پێشێ، بەڵام هەر ئەو فرەییە لەگەڵ هەمووکەس بە بڕوای من دروست نییە. ئەتۆ ئەگەر بیر لەوە بکەیەوە کە کۆمەڵگەیەکی موتەکەسرت هەیە و بیر لەوە بکەیتەوە کە دەبێ دەستەڵاتێکی موتەکەسریش پێک بێنی، دەبێ بیر لەوەش بکەیتەوە کێ لەو دەستەڵاتە دابێت و بە چ ڕوانگەیەک ئەو بێتە نێو ئەو دەستەڵاتەوە... بۆیە پێموایە ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێت کە ئێمە بتوانین لەگەڵ کوڕی شا بە قەناعەت بگەین بۆ ئەوەی بگەینە داهاتوویەک کە داخوا خەڵک ڕەئی بەو دەدەن یا نایدەن، بە بڕوای من لانیکەم حیزبی دێموکرات ناتوانێ لەگەڵ ئەو ڕەوتە بڕواتە پێشەوە.

کاک کەماڵ کەریمی بە ئاماژە بە وتووێژەکەی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لەگەڵ "بیبیسی" گوتی مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە قسە لەگەڵ کەس ناکەین، باسەکە ئەوەیە ئێمە ناتوانین لەگەڵ کەس و لایەنێک هاوکاری بکەین کە هیچ شتێکی بۆ خەڵکی ئێران و هیچ شتێکی بۆ کورد بەتایبەتی پێ نییە. واتە ئەو لایەنانەی نە وەکوو نەتەوە دەتناسن، نە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەکوو عەقڵییەت و تەنانەت وەکوو قەومیش ناتناسن؛ تۆ ناتوانی لەگەڵیان بیت. بگرە کۆماری ئیسلامی دەڵێ کە ئەتۆ قەومێکی، بەڵام ئەو هەر دەڵێ یەک ئێران، یەک میللەت و یەک زمان و ئەمە بناخەی فکری ئەوە بۆ دەستەڵاتدارەتی؛ یانی هەمان سیستم کە ڕەزاشا لە ساڵی ١٣٠٤دا دایمەزراند. دەی سروشتییە کە ئەتۆ ناتوانی لەگەڵ وەها ڕەوتێک هاوکاری بکەی. بۆ ئەوەی تۆ هاوکاریی بکەی، دەبێ ئەوە بەشێک لە خواستەکانی تۆی پێ دروست بێ و دانی پێدا بنێت. بەڵام کاتێک ئەو هیچ شتێکی تۆی قبووڵ نییە، زۆر تەبیعییە کە کاک مستەفا بە دروستی سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕاگەیاند کە بڵێ ئێمە ناتوانین هاوکاریی بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دەبێ چ بکەین و چۆنی بکەین؟




(پوختەیەک لە قسەکانی کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی جیهانی کورد)

ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆ بووینەتەوە بڵێین لە بڕگەیەکی تازەی مێژوویی‌داین و دەبێ چی بکەین! بۆ ئەوەی بڵێین دەبێ چی بکەین، دەبێ بزانین چی ڕووی داوە. چۆن ڕووی داوە، بەکوێ گەیووە، ئێمە لەکوێی ڕووداوەکانین.

ئەو شۆڕشەی لە ئارادایە، شۆڕشی ژینا، "ژن، ژیان، آزادی" دیاردەیەکی دەگمەنە لە مێژووی دەیان ساڵەی ئێراندا. پێشتر ناڕەزایەتی و بزووتنەوە بووە. بزووتنەوەی مامۆستایان، کرێکاران، ژنان کە دیارە ئەوانە هەموو ئێرانی نەگرتووەتەوە و داخوازەکان زۆرتر سینفی و بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی توێژێکی کۆمەڵ بوون. ئەوجار شۆڕشەکە هەموو ئێرانی گرتووتەوە. بەڵام لەکوێ هەستا؟ لە کوردستان. ئەو دروشمە کە ئیران و هەموو جیهانیشی داگرتووە لەکوێ لەدایکبووە؟ لە کوردستان. بۆ ئاوا بەربڵاو وڵاتی داگرت؟ لەبەر ئەوەی هەم پرسێکی ئینسانییە و، هەم پرسێکی ڕەگەزی و هەم پرسێکی نەتەوەیی تێدا بەرجەستەیە و لە هەموو ڕەهەندەکاندا باس لە نەمانی جیاوازیی لێکهەڵاواردن دەکات. بێجگە لەوە هیچکات بزووتنەوەکان لە ئێران، ئاوا لێکگرێدراویی ئێرانییەکانی دەرەوی وڵات نەبووە کە هاوکاری و هاوپێوەندییەکان بەو جۆرە بێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان سەری هەڵدا، هەموو ئێرانی گرتەوە و دروشمەکەشی لەدایکبووی کوردستانە. ئەو بانگەوازانەی کە ناوەندی هاوکاری دانی، نە دوو جار و نە سێ جار، بەوانەی کە پێیان وابوو کۆماری ئیسلامی گوتەنی ئەو حیزبانە سەرکوت کراون و نەماون، یان بەشێکی دیکە وەکوو ئۆپۆزیسیۆن کە لایان وابوو نابێ ئەوەندە حیساب بۆ ئەو ڕێکخراوە کوردییانە بکەین، هەمووی شوشتەوە و شتێکی دیکەی لە جێگای دانا. کۆماری ئیسلامی بە سەرکوتی خوێناویی سەرشەقام و مووشەکبارانی بنکە و بارەگای حیزبە کوردییەکان دەریخست کە چەندە لەو شۆڕشە دەترسێ و دەزانێ ئاخێزگەکەی کوێیە و دەبێ لە کوێ بدا. بەشێک لە ئۆپۆزیسۆن کە دەیانگوت نابێ حیساب بۆ کورد بکەن، ئێستا ئەوە کوردە دەپرسێ کە ئاخۆ دەبێ حیساب بۆ ئەوان بکا یان نەیکا؟ کە وابوو ئێمە لە هەلومەرجێکی ئاوادا کۆ بووینەوە، دەبێ چی بکەین؟

ئێمە دەبێ واز بێنین لەوەی کە هەر دانیشین و بیر بکەینەوە کە لە بەرنامەی چ ڕێکخراوێکدا، دوو وشە و ددانێکی بەخێر بۆ کوردان هەیە بچین وەدوای کەوین و بچین پشتیوانیی لێ بکەین. بۆ ئەوە بکەین؟ لەوان کەمتر خوێنمان داوە؟ کە وابوو ئێمە لە پێش هەموو شتێک دەبێ خۆمان بین. بۆ کورد بین، بۆ لابردنی ئەو ستەمانە بین، کە ساڵیانی ساڵە لەسەرمانە. خۆ خەباتی کورد لەو شۆڕشەوە دەستی پێ نەکردووە، بەڵام بەو تایبەتمەندییانەی ئەوجارە ڕەنگێکی دیکەی بەخۆیەوە گرتووە و بەرەو قۆناغێکی تایبەت لە بزووتنەوەی کوردی بردووە.

## ئێمە دەبێ چی بکەین؟

ئێمە هیچ شتێکمان بۆ ناکرێ بێتوو یەکگرتوو نەبین، هیچ ئەولاولای تێدا نییە. کەوابوو لە پێشدا کورد خۆی دەبێ یەکگرتوو بێ. کە خۆی یەکگرتوو بوو، دەرفەتی باشتری یەکگرتنی لەگەڵ خەڵکانی دی بۆ پێک دێ. لەم ڕووەوە پێش هەموو شتێک ئێمە دەبێ پلاتفۆرمێکمان هەبێ بۆ یەکگرتوویی کورد، بە لانیکەمی شتە هاوبەشەکان بۆ ئەوەی یەکگرتووییەکە بەرینتر بێ. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ پلاتفۆرمێکیشمان هەبێ بۆ هەموو ئێران و لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی ئێران.

چۆن؟ با واقعی بیر بکەینەوە. ئۆپۆزیسۆن لە ئێران کێیە و بەرانبەر بە ئێمە ڕوانینیان چییە؟ سەڵتەنتخوازەکان ئیعتراف بە ناو و بوون و ناسنامەمان ناکەن تا بگا بە مافەکانمان. کەوابوو چۆنی لەگەڵ بکەم، مەرجیشم بۆ دادەنێ. بۆچی؟ نەک بۆ ئەوەی مافەکەم بداتێ، بەڵکوو بۆ ئەوەی لە خزمەتیدا بم تا ئەو بە دەسەڵات دەگا، هەر بۆ ئەوەندە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

موجاهیدینی خەڵکە، خاڵێ ئەرێنیان بەرانبەر بە مەسەلەی کورد هەیە، بەڵام ئەوانیش شتی دیکەیان هەیە و ڕەنگە ئاوا بەئاسانی بۆ ئەوجۆرە هاوپەیمانییانە کە ئێمە بۆ ئامانجی خۆمان بەدوایدا دەچین گونجاو نەبێ. بەشێک لە چەپەکان ڕای باشیان بە نیسبەت دێموکراسی و مافی کورد هەیە. بەڵام بەشیکی، بوونەتە ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی ئێرانی بەرانبەر بە پرسی کورد. باشە تۆ دەتەوێ ئیئتلاف بکەی، ئەمیان ئاوایە و ئەویان ئاوا. ئیدی چی دەکەی و لەگەڵ کێی دەکەی، دەبێ لەسەر عەرزی واقیع ئەوانە هەڵسەنگێنی. ئێمە دەتوانین گەڵاڵەمان خۆمان هەبێ، بێجگە لەوەی بۆ یەکیەتیی کورد باسمان کرد کە دەبێ گەڵاڵەمان هەبێ بۆ یەکگرتنێکی بەرینتر. ئێمە ئێستا هاوپێوەندی بۆ یەکرێزی، ئازادی و بەرابەریمان هەیە کە ٩ حیزب تێیدا بەشدارن و ئێمەش تێیدا ئەندامین. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ هەیە کە ئازەری و بەلووچ و کورد و عەرەبی تێدا و ئێمەش تێیدا ئەندامین. بێجگە لەوە کۆمەڵە کەسایەتییەکیش هەن. بۆیە ئێمە پێمان وایە دەبێ سەرەتا هەم گەڵاڵەمان هەبێ بۆ یەکریزیی کورد، چونکی تا ئەوەمان نەبێ ئەویدیکەمان پێ ناکرێ. دوایە ئەگەر ئێمەی کورد یەک بین، لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، داخوازەکانمان بە موزایەدە دادەنێن. ئەگەر جودا، جودا بین و تەفرەقە لەنێوماندا بێ، ئەوە ئەوانن داخوازەکانمان بە موناقسە دادەنێن کە فەرموون کامتان بە لانیکەم ڕازین.

چەقی باسەکە ئەوەیە پێویستیی ئەو یەکگرتنە لە پێشەوەیە، دوایە پێویستی ئەو پلاتفۆرمەی خۆمان و دواتر ئەوەی نەتەوەکانی دیکە ئێران و هەمبەستگی و کەسایەتییەکان و شورای دێموکراسیخوازن. لێرەدا بەڵام پێمخۆشە یەک شت بڵێم. لەو پلاتفۆرمەدا کە دەبێ بۆ ئێران هەمان بێ، ئەو پلاتفۆرمە دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو دروشمە بێ: ژن، ژیان، ئازادی. چۆن ڕەنگدانەوەی ئەو دروشمە بێ، دەبێ جۆرێک بێ کە بە هەموو ئەوانە وەکوو ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی ئیدعای دێموکراسی دەکەن، دروشمی دێموکراسی دەدەن، بەڵام کە دێتە سەر مافی ژن ئەوە نییە، کە دێتە سەر مافی نەتەوەکان هەر ئەوە نییە بە مانای واقعی. ئێمە دەبێ پلاتفۆرمی هاوپێچمان بۆ پلاتفۆرمی گشتی هەبێ. ئێمە کە دەڵێین "ژن، ژیان، ئازادی" و ئەوان لە تاران دەڵێن ژن، ژیان، آزادی جیاوازییەکی ئەو پلاتفۆرمەیە کە ئێمە بۆ ژن ئەوە دەڵێن، ئێمە بۆ فلان توێژی ژێرچەپۆکە ئەوە دەڵێن. بۆیە دەڵێین پلاتفۆرمەکانمان هەروەکوو دروشمەکە کە لە کوردستان پەرەی گرت، بەڕاستی دەبێ پلاتفۆرمێکی ئاوامان هەبێ کە لە بەرچاوی بیروڕای گشتیدا لەبەرچاوتر بێ بە نیسبەت ختستنەڕووی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە بە قەولی خۆیان ئیدیعای زۆر شت دەکەن. باس لە خەتی سوور کرا، چۆن خەتی سوورمان نییە ئێمە. ڕەنگە بەربەستمان نەبێ بۆ دانیشتن لەگەڵ هەر لایەنێک بۆ ئەوەی لێم تێبگا و لێی تێبگەم. بۆ ئەوەی بە ڕوانگەکانی یەکتر بزانین و یەکتری هەڵسەنگێنین. بەڵام کە دێتە سەر بابەتی هاوکاری و هاوپەیمانی، بەڵێ لەوێدا هێڵە سوورەکان دەردەکەون.

### پرسی کورد و سەڵتەنەتخوازەکان

سەڵتەنەت بەشێوەیەکی مێژووی لەنێو ئێراندا یانی دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵات لە ناوەند، لە ناوەندیش یانی لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەستی یەک کەسدا. ئەو یەک نەفەرش بۆ مادامولعومرە، مادامالعومر زیاتر و وەرەسەکەشی دێتە سەری. ئەگەر تۆزێک بە وردبینییەوە بڕوانین بەڕاستی ئەو ئیدیعای دێموکراسییە کە ئەو دەیکا، لەو قەڵافەتە دەوەشێتەوە؟ نا، وا نییە. بێجگە لەوە هەموومان دەزانین و هەمووتان شارەزان، بەرنامەی سیاسیی هێزەکانی کوردی بە تایبەتی ناوەندی هاوکاری، داواکارییەکانی هەموو لە چوارچێوی ئێراندایە. کەوابوو ئێمە حاشامان لەوە نییە کە بەرنامە و داواکانمان لە چوارچێوەی ئێراندایە، بەڵام ئەگەر بوو بە گۆپاڵ لە سەرت چی؟ دە ڕێکخراوی غەیری کورد لەگەڵ یەکتر دانیشتن باسی تەواویەتی ئەرزی ناکەن، بەڵام کە بڵێین کورد دەیانەوێ بێنە ئەو مەیدانە مەرجی یەکەمیان تەواویەتیی ئەرزییە. باشە ئەو مەرج دادەنێ، منیش مەرج دادەنێم مەرجی من ئەوەیە ئەویش فاشیست نەبێ. کەوابوو ئێمە مەرج قبووڵ ناکەین، بەڵام ئەگەر مەرج هاتە پێش، ئێمەش مەرج دادەنێین. باسمان کرد بەرنامەی ئێمە لە چوارچێوەی ئێراندایە، بەڵام مادام ئەو قەڵسەت لێ دەگێڕێ و لە سەرتی دەکاتە گۆپاڵ و لێت دەکاتە مەرج، ئەویش نەک بۆ ئیقرار بە مافەکەت بەڵکوو بۆ ئەوەی ئیجازەت پێ بدا وەدوای کەوی تا ئەوەی دەگا بە سەڵتەنەت؛ ئەدی ئەگەر ئەوکات بوو بە هێزی موتڵەق بڵێی چ مەرجێکت بۆ دابنێ. بۆیە ئێمە بە نیسبەت سەڵتەنەت نەک  هەر حیزبی دێموکرات، بەڵکوو ناوەندی هاوکارییش باوەڕمان بە کۆمارییە.

بابەتێکی تر، ئەوجار ئەوان دێن باسی تەجزییەی ئێران دەکەن. بەکورتی عەرزتان دەکەم، ئەو ئێرانییانەی بەردی تەواویەتیی ئەرزی لە سینگیان دەدەن، هیچیان دڵیان ئەوەندە بۆ تەواویەتیی ئەرزی ناسووتێ. بۆ؟ ئێوە بیر بکەنەوە لە مێژوودا، هەرکەس هێرشی کردە سەر ئێران بەشێکی برد. لە ڕۆژئاوا عوسمانی بردی، لەولا ڕووس بردی، لەولای ئەفغان بردی و... هتد. ئەوانە هەموو لە سەردەمی پاشایەتیدا بووە و کەسیش نەیگوتووە بۆ وڵاتیان بە تەجزییەبوون دا، ئەگەر نەڵێم تەجزییەیان کرد. ڕەنگە بڵێن ئەوە کۆن بووە و، ڕۆیشتووە و پێوەندی بە مێژووەوە هەیە، بەڵام خۆ لە سەردەمی محەممەدڕەزاشادا، بەحرین پارێزگای چواردەیەمی ئێران جیا نەبووە و لە تاران لە خۆشییان چەپڵەیان لێ دەدا؟ کام حیزبی ئێرانی بەیاننامەیەکی لە مەحکوومکردنی ئەو جیابوونەوەیە دا. ئەوان لە یەک شتی دیکە دەترسن، نەک تەجزییەی خاک بەڵکوو لە "تەجزییەی دەسەڵات" زراویان چووە. شتێکیش کە ئێمە دەمانەوێ ڕاست ئەوەیە، تەجزییە دەسەڵات و بەشداری لە ئیدارەی ئێراندا.

بەکورتی و لە کۆتاییدا پێ لەسەر پێویستیی یەکگرتوویی کورد و بوونی پلاتفۆڕمێک، بۆ قسەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانییەکان دادەگرمەوە و لە عەینی حاڵدا، بەرنامەکە دەبێ ئەوە بێ کە بە نیسبەت ئەوانی دیکە لەسەرتر بێ. کۆتا قسەش منیش پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکەم کە شوێنێکمان هەبێ جا ناوی لێ دەنێین ستاد، هەیئەت یان هەر شتێکی دی لە شارەزایانی کورد بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات، بۆ دیالۆگ و دەرکەوتن لە هەر مێدیایەک بۆ بەرگری کردن لە ستاتوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کورد لە هەمبەر ئەو چەواشەکاری و تەبلیغاتە ژاوارییانەی لە دژی کورد و خەباتەکەی دەکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی مارچی ٢٠٢٣

---

## خالید عەزیزی: باس لە تەمامییەتی ئەرزی دژایەتیی جەوهەریی لەگەڵ ڕوحی شۆڕشی ژینا هەیە



**ئاماژە: بەرنامەی "کندوکاو"ی بەشی مێدیایی شورای مودیرییەتی گوزار بۆ باس و تاوتوێی دوورەدیمەنەکانی هاوپەیمانیی سیاسی بۆ داهاتووی ئێران وتووێژێکی لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حوسێن شەریعەتمەداری، دەبیری شورای مودیرییەتی گوزار پێک هێنا. لەو وتووێژدا وتەبێژی حیزبی دێموکرات خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی لە بارەی پرسە سیاسییەکانی ڕۆژەڤی ئێران شی کردەوە. "کوردستان" پوختەی چەند بەشێک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی لەو دیمانەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

ئەو دۆخەی کە ئێستا لە ئێران لەئارا دایە، بەرپرسایەتییەکی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەموو تاکەکان. ئەمن ئارەزووم دەکرد لەنێو دڵی ئەو جووڵانەوە بەرینەی خەڵک لە نێوخۆدا و بە هاوکاریی هەمەلایەنەی هەموو لایەنەکان ڕێبەرییەک دروست ببا، بەڵام بەداخەوە نیزامی سەرەڕۆ و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بە پێی سروشتی ئەو دەسەڵاتە هیچ ڕۆچنەیەکی بۆ ئەو ئامانج و مەبەستە ژیانەکییە نەهێشتۆتەوە. بۆیە بەپرسایەتیی دروستکردنی ئەو ئاڵترناتیڤە کە چۆن بێت و چی بکات وەک ئەرکێک لەسەر شانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئۆپۆزیسیۆنە.

ئەمن پێم‌وایە ساغبوونەوە لەسەر جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی کردەنییە، هۆکاری سەرەکییش ئەوەیە زۆرینەی زۆری خەڵکی ئێران ئەو ڕێژیمەیان ناوێت. بەڵام لە هەمان کاتدا پرسە سەرەکییەکە ئەوەیە کە لەبری ئەو ڕێژیمە چ جۆرە نیزامێکی سیاسی بێتە سەر کار؟ بزووتنەوەی ئێستاش هەڵگری کۆمەڵێک پەیامە بە بنەڕەتێکی گشتییەوە کە ئیستبداد و ناوەندگەرێتی دەبێ نەمێنێ و دێموکراسی جێی بگرێتەوە. بۆچی ئیستبداد نەمێنێ؟ چونکی دێموکراسیی نەهیشتووە. بۆچی ناوەندگەرێتی نەمێنێ؟ چونکی هەتا ئێستا مافی هاوبەشی و بەشداریی لە ئەوانیدی زەوت کردووە. بۆچی دێموکراسی پێویستە، چونکی خەڵکی ئێران لەسۆنگەی چەند سەدە دەسەڵاتی پاشایەتی و دەیان ساڵ نیزامی سیاسیی دینییەوە لە مافە مەدەنی و دێموکراتیکەکانی بێبەش کراوە.

پەیامێکی دیکەی شۆڕشی ژینا ئەوەیە وڵات دەبێ بەپێی بنەماکانی ڕێککەوتنێکی زۆر دێموکراتیک و هەمەلایەنەی نێوان حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی فرەنەتەوە دابڕێژرێتەوە. پەیامێکی دیکەی ئەوەیە کە خەڵک نایانەوێ چیدی کۆماری ئیسلامی لەلایەک بەبارمتەیان بگرێت و وەک کارتێک بۆ پرۆژە ئەتومی و مووشەکییەکانی بەکاریان بێنێت و، لەلایەکی دی چی سەرووەت و سامانی خەڵکە لە دەستێوەردانە بیانییەکانی ڕێژیم و خەرجکردن بۆ میلیشاکانی بەفیڕۆ بدرێت. بەمجۆرە پەیامەکە بەڕوونی پێمان دەڵێ نیزامی سیاسیی دواتر (حکوومەتی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی) دەبێ لە کلاوڕۆژنەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە بڕوانێتە پێوەندییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان.

پەیامێکی دیکەی شۆڕش ڕوو بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە کە پرسەکانی ئێران تەنیا لە پرۆژە ئەتومییەکانی ڕێژیمدا قەتیس مەکەن، هەروەها ئەوە کە هەتا ئەو ڕێژیمە بەهێزتر بێت، لاسارتر و سەرەڕۆتر دەبێ و بۆ متمانەپێکردن نابێت. پەیامێکی دیکەش ئەوەیە خەڵک لە نێوخۆی وڵات پێچەوانەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە خۆیان سەرقاڵی چەمکەکان و بابەتە ئیدئۆلۆژیکییەکانیان کردووە، یەکگر و هاوئامانجن. ئاکامگیری لە هەموو ئەو فاکتەرانەش پێمان دەڵێن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوات.

ئێستا کە بەخۆشییەوە کوڕاییەکی ڕێژەیی لەسەر تێپەڕین لە کۆماری دروست بووە، ئەوە ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کەسایەتییە دەروەستەکانە بە سەرنجدان بەو بنەڕەت و پەیامانەی باس کران، قۆڵ لە دروستکردنی ئاڵترناتیڤ هەڵماڵن. لە ڕوانگەی ئێمە ئەو ئاڵترناتیڤە دەبێ لەخۆگری هەموو ئەو پەیام و دروشم و خواستانە بێت کە لە دڵی بزووتنەوەکەوە هەڵقوڵیون و بە گوێی ئێمەیان دادەدەن. وەرگرتنی ئەو پەیامانە زۆر گرینگە. لە نێوخۆی وڵات و لە خۆپێشاندانەکاندا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

باسێک لە تەمامییەتی ئەرزی و جیاییخوازی نەبووە و نییە و ئەو باسانە هەر لەجێیدا هەڵەن و دژایەتییان لەگەڵ جەوهەری خەباتی خەڵکانی ئێران هەیە.

دروستکردنی ئەم ئاڵترناتیڤە وەک گوتم کردەنییە. چونکی بێتوو ئیرادەی ئەو کارەمان هەبێت، خاڵی هاوبەشمان زۆر زیاتر لەو خاڵانەیە کە لێکمان دادەبڕن. ئەم کارە دەستپێشخەرییەکی پێویستە. بەخۆشییەوە کەم نین ئەو ڕەوت و لایەنانەی باوەڕیان بە دێموکراسی، دابەشکردنی دەسەڵات، جیایی دین لە حکوومەت و مافە مەدەنییەکانی جیهانداگر بۆ هەمووان هەیە و ناشیانەوێ نە کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بمێنێ و نە نیزامی پاشایەتی بۆ وڵات بگەڕێتەوە. بۆیە بەپێی ئەو چاوەڕوانییەی لە نێوخۆوە لەسەرمانە، ڕاستە وەدرەنگ کەوتووین، بەڵام ئەو باس و خواستانە یارمەتیدەرمانن بۆ تێگەیشتنێکی هاوبەش و سەقامگرتوو. ئەوەندەش کە بۆ حیزبی دێموکرات و پرسی کورد دەگەڕێتەوە، ئێمە لەسەر ئەو بەها و بایەخانەی باسیان کرا هەین و دەیان ساڵیشە خەباتیان لەپێناودا دەکەین و خوێنیان بۆ دەدەین. ئامادەین بە ئیعتباری بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ئەو متمانەیەی خەڵکی کوردستان بە ئێمەیان بەخشیوە، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بکەوینە دانوستان و ڕێککەوتن.

بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بە داهاتووی ئێرانی فرەنەتەوە و فرەباوەڕی ئایینی و جۆراوجۆرییەکان ئەوەیە خەڵک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، سینفی و مەدەنییەکاندا ڕێک بخرێن. چالاکیی هەموو کەسایەتییە مونفەرید و سێلێبریتییەکان کە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن جێی ڕێزە. ئێمە بە خەبات و ڕۆڵی هەموو هونەرمەند، دەرهێنەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووسان و... کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت ٥-٦ مانگی شۆڕشی ژینادا تێکۆشاون دەزانین؛ بەڵام لە پرۆسەی ئاڵترناتیڤسازیدا خەڵکی ئێران دەبێ فێر ببن کە بەڕێکخراو بن و ڕێکخراوتەور بن و بۆ ئەوەش ئێمە دەبێ یارمەتیدەر بین. کۆمەڵگە ناکرێ هەتاهەتایە تاکتەوەر و سێلێبریتیتەور بێت، ئەوە حیزبە سیاسی و ڕێکخراوەکانن کە ئەرکوەخۆگرن و پتر شان وەبەر بەرپرسایەتی دەدەن و دێموکراسیی داهاتووی کۆمەڵگەی ئێران دەبێ ڕێکخراوتەوەر بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شۆڕشی ژینا، مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژاوا




**د. محەممەد حوسێنزادە**

مافەکانی مرۆڤ بریتین لە کۆمەڵە مافێکی سرووشتی کە پێویستە مرۆڤەکان بەهۆی پێگە و کەرامەتی مرۆیی و بە حوکمی مرۆڤبوونیان و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگە و پلەوپایە و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر لێیان بەهرەمەند بن. مافی ژیان، مافی ئاسایشی تاکەکەسی، مافی خاوەنداریێتی، یەکسانی بەرانبەر بە یاسا و دەستپێڕاگەیشتن بە دادگا و دادوەریی دادپەروەرانە، مافی دەستپێڕاگەیشتنی یەکسان بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە و دامەزراندنی ئەنجومەنە ئاشتیخوازانەکان، ئازادی ئایین و ڕێباز و هەموو فاکتەرە پێویستەکان بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لە نموونەی ئەو مافانەن.

ئەگەرچی بە هۆی بنەما فەلسەفییە جیاوازەکان، جیاوازیی ئایین و کولتوور و هەروەها جیاوازی ڕوانگە سیاسییەکانی وڵاتان پێناسەیەکی تاکانە و گشتگیر لە مافەکانی مرۆڤ نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵام لە ئاستی جیهانیدا کۆدەنگییەک هەیە لەمەڕ ئەوەی مرۆڤەکان خاوەن مافن و یاسای نێونەتەوەیی دانی بەو مافانەدا ناوە و زۆرێک لە وڵاتانیش ئەو مافانەیان لە یاسای بنەڕەتیی خۆیاندا چەسپاندووە و خۆیان دەروەست بە جێبەجێکردنیان دەزانن. بە کردەوەش لە ماوەی نزیک بە حەفتا و پێنج ساڵی ڕابردوودا، واتە لە سەرەتای ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە کە جاڕنامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و جاڕنامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان پەسەند کران و بەتایبەتی تر دوای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆتایی‌هاتنی شەڕی سارد و خێراتربوونەوەی ڕەوتی بەجیهانیبوون پرسی مافی مرۆڤ پەرەی سەند. بە جۆرێک کە لە ئێستادا هەموو دەوڵەتەکان وا دەنوێنن کە ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرن. بەڵام لە ڕاستیدا پەرەسەندن، بەجیهانیبوون و بەنێونەتەوەیی‌بوونی مافەکانی مرۆڤ نەبووەتە هۆی ئەوەی ئەو مافانە ببنە ئەولەوییەتێک بۆ دەوڵەتەکان بە جۆرێک کە سیاسەتی خۆیان لەسەر بنەمای پەرەپێدان بەو مافانە دابڕێژن. ڕیالیستەکان کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا ڕوانگەیان بەسەر خوێندنەوەی سیاسەت و پەیوەندییە نیونەتەوەییەکاندا زاڵ بووە، پێیان وایە سیاسەتی نێونەتەوەیی گۆڕەپانی کردە و کاردانەوەی وڵاتان و بەتایبەت وڵاتانی زلهێزە. هەر یەک لە دەوڵەتان و بەتایبەت زلهێزەکان هەوڵ دەدەن لەو گۆڕەپانەدا بە کەمترین تێچوو زیاترین دەستکەوت و بەرژەوەندی بۆ خۆیان تۆمار بکەن. هەر لەو ڕوانگەیەوە وڵاتانی زلهێز زۆر جار گرنگی بە پرسە ستراتیژییەکان دەدەن نەک پرسگەلێکی وەک مافی مرۆڤ. ئەمە ڕوانگەیەکی زاڵە و پێشوازییەکی زۆری لێ کراوە، هۆکاری زاڵبوونەکەشی ئەوەیە کە لە لایەکەوە لەگەڵ تێگەیشتنی زۆرینەی خەڵک لە سیاسەتی نێونەتەوەیی تەبایە و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ ڕەفتاری ڕاستەقینەی وڵاتانی دێتەوە.

ڕیالیستەکان بە بەڵگەهێنانەوە و ئاماژەدان بە ڕەفتاری وڵاتان دەڵێن، ئەو وڵاتانە زیاتر گرنگی بە پرسە ستراتیژییەکان دەدەن و زیاتر وەک ئامرازێک بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان کەڵک لە مافی مرۆڤ وەردەگرن. ئەوان دەڵێن، ڕاستە دەوڵەتەکان بەڵێنیان داوە ڕێز لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ بگرن، بەڵام بەکردەوە زیاتر گرنگی بە سەروەری وڵاتان و خۆبواردن لە دەستێوەردان لە کاروباری باقی وڵاتان وەک دوو بنەمای سەرەکیی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدەن. دەوڵەتەکان بە گەڕانەوە بۆ ئەو دوو بنەمایە پرسی مافی مرۆڤ دەخەنە پەراوێزەوە. واتە ئەگەرچی هەندێ لە یاسا و ڕێسا نیونەتەوەییەکان ئەو مافەیان بە وڵاتانی زلهێز داوە کە هەندێ جار لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە مەبەستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ تەنانەت دەستێوەردانی سەربازیش بکەن، بەڵام بە گشتی و وەک ڕەوتێکی زاڵی سیاسەتی نێونەتەوەیی، پاساوی ڕێزگرتن لە سەروەری وڵاتان و خۆبواردن لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی تر ڕێگر بووە لەوەی گوشار بخرێتە سەر وڵاتانی پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ و ناچار بە جێبەجێکردنی ئەو مافانە بکرێن. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە دیکتاتۆرێکی وەک هۆگۆ چاوز بیری لەوە دەکردەوە لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا بە تۆمەتی دەستێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری نێوخۆیی و هەوڵدان بۆ کودەتا سکاڵا تۆمار بکات یاخود ڕێژیمێکی دیکتاتۆری وەک ئێران بەردەوام مافی مرۆڤ لەژێر رووکەشی مافی سەروەریدا پێشیل بکات.

ڕیالیستەکان دەڵێن ئەزموونە مێژووییەکان سەلماندویانە وڵاتان بەپێی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان سیاسەتی دەرەکی دادەڕێژن نەک بە پێی پەرەپێدان یان پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. واتە بەرژەوندییەکانی وڵاتان لە چوارچێوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مافەکانی مرۆڤدا پێناسە ناکرێن، بەڵکوو ئەوە مافەکانی مرۆڤن کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا پێناسە دەکرێن. بۆیە ئامانجی سەرەکیی دەوڵەتەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی تر بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ نییە، بەڵکو دابینکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانە. گرنگترین بەرژەوەندییەکانیش لە سیستەمی نێونەتەوەییدا بریتین لە زیادکردنی ڕێژەی هێز بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی نیشتمانی و بەرزکردنەوەی پێگەی خۆیان لەو سیستەمەدا. کەوابوو، مافەکانی مرۆڤ تا کاتێ گرنگییان پێ دەدرێ کە لە خزمەتی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا بن.

پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دیکتاتۆرەکان و دژایەتی لەگەڵ هەندێ لە دێموکراسیخوازان و بزووتنەوە دێموکراتییەکان لە ساڵانی شەڕی سارددا بە بیانووی ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لە ناوچە جیاوازەکاندا، پشتگوێخستنی توندوتیژی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڤلادیمیر پۆتینەوە لە چیچەن، دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا و ڕێکخراوی سەربازیی ناتۆ لە یۆگۆسلاوی بە بیانووی ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی زیاتری مافی مرۆڤ لە دەیەی ١٩٩٠دا و هاوکات بێدەنگی و بێهەڵوێستی ئەو وڵاتانە بەرامبەر ئەو ژینۆسایدەی لە هەمان کاتدا لە ڕوواندای ئافریقادا لە ئارادا بوو، لەو نموونە بەرجەستانەن کە ڕیالیستەکان ئاماژەیان پێ دەکەن سەبارەت بەوەی وڵاتان بەردەوام گرنگییان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان داوە و مافی مرۆڤیان پەراوێز خستووە. لەو ڕوانگەوە تەنانەت وڵاتان کاتێک باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییاندا بێت. بۆ نموونە، وڵاتانی ڕۆژاوا کاتێک کێشەکانیان لەگەڵ وڵاتی چین پەرە دەستێنن، زیاتر پەرە بە ڕەخنەکانیان سەبارەت بە پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا دەدەن و دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان هەمدیسان پرسی مافی مرۆڤ دەخەنە پەراوێزەوە.

تا پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرامبەر پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و پێشیلکردنی ئەو مافانە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە تەواوەتی لەگەڵ گریمانەکانی ڕیالیستەکان دەهاتەوە. لە هەموو ئەو ساڵانەدا و بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا کە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران ئاشکرا بوون دەمانبینی کە وڵاتانی ڕۆژاوا بە بەراورد لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ زیاتر گرنگییان بە پرسی ئەتۆمی و مووشەکیی ئێران دەدا. هەر لەو ئاراستەیەدا دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکانی "سەعدئاباد" و "پاریس" لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و دواتر واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ناسراو بە "بەرجام" لەگەڵ ئۆباما پرسی مافی مرۆڤیان خستە پەراوێزەوە. وەبیر بهێنینەوە کە باراک ئوباما لە سەروبەندی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز و خۆپیشاندانەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨ هیچ هەڵوێستێکی بەرانبەر سەرکوتی خەڵک لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە نەنواند بۆ ئەوەی گرفتێک بۆ دانوستانە ئەتۆمییەکان درووست نەکات و دواتریش لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا هیچ ئاماژەیەک بە مافی مرۆڤ نەکرا. بەپێی خوێندنەوەی ڕیالیستی هۆکاری سەرەکی ئەو جۆرە سیاسەتە ئەوەیە کە بەئەتۆمیبوونی ئێران زیاتر لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەخاتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مەترسییەوە.

ئەگەرچی هێشتا گریمانە سەرەکییەکانی ڕیالیزم گونجاوترین گریمانەکانن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرامبەر پرسی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و هەڵوێستی ئەو وڵاتانە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە تایبەتی، بەڵام ناکرێت بە ئاسانی گۆڕانکارییەکانی دوای شۆڕشی ژینا پشتگوێ بخەین. شۆڕشی ژینا هەر وەک چۆن لە زۆر ڕووەوە کاریگەری لە ناوخۆی ئێران دانا، تا ڕادەیەکیش بووە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژێمی تارانەوە. ئەم گۆڕانکارییانە لانیکەم بۆ ئەو کەسانەی لەژێر کاریگەریی ڕوانگەی ڕیالیستیدان سەرنجڕاکێش و تا ڕادەیەک چاوەڕواننەکراو بوون.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێ لە وڵاتانی ئورووپا و لەوانە ئاڵمان و فەڕانسە وەک دوو زلهێزی نێو یەکیەتیی ئورووپا بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو هەڵوێستی توندیان بەرانبەر بەکارهێنانی توندوتیژی دژی خۆپیشاندەران و هاووڵاتییان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە نواند. سەرەڕای ئەوەی جۆ بایدن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا بەردەوام هەوڵی دابوو بە مەبەستی زیندووکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییە کە لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە هەڵوەشابووەوە، کەمتر گوشار بخاتە سەر ئێران و تەنانەت لەو پێناوەدا پرسی مافی مرۆڤیش پەراوێز بخات، بەڵام شۆڕشی ژینا و ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و خۆپیشاندانی باقی هاووڵاتییانی ئێران و پێداگرییان لەسەر داخوازییەکانیان سەرەڕای سەرکوتی دڕندانە هێزە ئەمنی و چەکدارەکانی ڕێژیم، بەرپرسانی باڵای ئەمریکای ناچار کرد کاردانەوە نیشان بدەن و بەکردەوەش تا ڕادەیەک لەبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ئەو وڵاتە سزا بدەن. ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپاش کە زۆر جار بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن تارانەوە بێدەنگ و بێهەڵوێست بوون ئەمجارە هەڵوێستی توندیان نواند.

بەگشتی دەتوانین پشتیوانی ئاشکرای بەرپرسانی باڵای وڵاتان لە خۆپیشاندەران (بۆ نموونە ئاڵمان و فەڕانسە)، بانگهێشتکردنی باڵوێزەکانی ئێران بەمەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی لە سەرکوتی دڕندانەی خۆپیشاندەران، دەرکردنی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی ژنانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانگهێشتنەکردنی ئێران بۆ کۆنفرانسی ئەمنیەتیی مۆنیخ وەک گرنگترین کۆنفرانسی تایبەت بە ئاسایسی جیهان و بە پێچەوانەوە بانگهێشتکردنی دوو کەس لە چالاکانی دژبەری ئەو ڕژیمە و هەروەها هەوڵی هەندێ لە وڵاتان بۆ ناساندنی سوپای پاسداران وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەک نموونەی ئەو گۆڕانکارییانە ناو ببەین. ئەم گۆڕانکارییانە بەڕاستی جدین، چونکە بۆ نموونە تا پێش دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا نزیک لە هەمووی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا دژی بڕیاری ئەمریکا سەبارەت بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەتیرۆریستناساندنی سوپای پاسداران بوون بەو پاساوەی کە ئەو بڕیارە دەبێتە هۆی داخرانی هەموو کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و شکستهێنانی هەوڵەکان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی. بەڵام لە ئێستادا نەک ئەو کۆدەنگییە نەماوە بگرە بەشێکی بەرچاو لەو وڵاتانە لەگەڵ بە ناساندنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستین. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو پرسە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەندە گرنگ بوو کە پێش شۆڕشی ژینا ڕایگەیاندبوو کە یەکێک لە پێشمەرجەکانی گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەوەیە کە ئەمریکا سوپا لە لیستی تیرۆریستی دەربهێنێت.

هەڵبەت حاشاهەڵنەگرە خۆبواردنی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدان بە گفتوگۆ ئەتۆمییەکان و ناردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە بەمەبەستی بەکارهێنانیان لەدژی ئوکراین لە هۆکارە بەرچاوەکانی ئەو گوشارانەی وڵاتانی ڕۆژاوا لەسەر کۆماری ئیسلامین. بەڵام ئەوانە فاکتەرگەلێک بوون کە پێشتریش لە ئارادا بوون. فاکتەری نوێ کە بووە هۆی هاندانی ئەو وڵاتە بۆ گۆڕینی بەرچاوی سیاسەتیان بەرامبەر کۆماری ئیسلامی شۆڕشی ژینا و ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکان و خەڵکی ئێران لە ناوخۆ و هاوکات لەگەڵ ئەوەش خۆپیشاندان و چالاکی دیاسپۆرای کورد لە ئاستی جیهان و کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی ئێران لە بەردەم ناوەندەکانی بڕیاردانی وڵاتانی ڕۆژاوا و ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتیی جیهان لە ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران بوو. لەبیرمان نەچێت لە میانەی خۆپیشاندانەکاندا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان ڕایگەیاند، لە ئێستادا تەرکیزمان لەسەر دانوستانی ئەتۆمی نییە، بەڵکوو چاومان لە خۆپیشاندانەکانە و هەوڵ دەدەین گوشار بخەینە سەر تاران بەمەبەستی کوتاییهێنان بە ستەم و سەرکوتی خەڵک. تەنانەت ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دانی بەوەدا نا کە ئیدارەکەی پێشتر هەڵەی کردووە کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی سەوز و خۆپیشاندانەکان نەکردووە و پێشنیاری کرد ئیدارەی بایدن پشتیوانی لە خۆپیشاندەران بکات.

هەرچەندە دژوارە گریمانە سەرەکییەکانی ڕیالیستەکان سەبارەت بە ڕوانگەی وڵاتان بۆ پرسگەلێک وەک مافی مرۆڤ بە ئاسانی ڕەت بکرێنەوە، بەڵام لەوانەیە کاریگەرییەکانی شۆڕشی ژینا لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تا ئەم ساتە، لە داهاتوودا وەک نموونەیەکی جیاواز سەیر بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## شۆڕشی ژینا و هاوتەریب بوونی لەگەڵ ٨ی مارس



**دیبەیت: ئاسۆ مینبەری**

**ئاماژە:** زیاتر لە ٥ مانگ بەسەر شۆڕشی ژینادا تێدەپەڕێت، شۆڕشێک کە بە کوژرانی کچێکی کورد لەلایەن گەشتی ئیرشادەوە لە تاران دەستی پێ کرد. لە بەخاکسپاردنی تەرمی ژینا ئەمینیدا، ژنان لە کردەوەیەکی بوێرانەدا بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان و وتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لاپەڕەیەکی نوێ لە خەبات دژ بە داگیرکەرانی دژەژنی ڕێژیمی ئیسلامییان هەڵدایەوە.

لە ماوەی زیاتر لە ٥ مانگی ڕابردوودا، کۆمەڵگەی کوردستان بووە گۆڕەپانی بەهێزی شەڕ لەگەڵ بیری دواکەوتوو و چەقبەستووی دەسەڵاتداران و لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین هەم ڕێژەی ڕادیکاڵبوونی شۆڕشەکە لە کوردستان زۆرتر بوو هەم تێچوو و نرخێک کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە درا زیاتر بوو.

خەباتی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و بێگومان لە شۆڕشی ژیناشدا بەشێکی سەرەکی لە ساختار و پێکهاتەی شۆڕشەکە بوون.

بەو پێیە کە خەباتی ژنان لە کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان تەنیا خەباتێکی ڕەگەزی نەبووە و بەردەوام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێکەڵاو بە پرسی سیاسییەوە بوو، بێگومان ڕێکخراوەکانی تایبەت ژنان کە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا توانیویانە ڕۆڵی گرینگ لەم شۆڕشەدا بگێڕن. ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو ناوەندێکی پێکهاتوو لەم ڕێکخراوانە لە بەرەبەری ٨ی مارسدا بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک وێڕای ئاوڕدانەوە لە دۆخی ژنان لە چەند مانگی ڕابردوودا، پشتیوانیی خۆیان لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەک بەدژی ڕێژیمی ئیسلامی لەم ڕۆژەدا ڕاگەیاندووە.

**لەم دیبەیتەدا ئەوین کەوسەر فەتاحی و شیلان محەممەدی، لە ئەندامانی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وڵامی چەند پرسیارێک دەدەنەوە.**

**کوردستان میدیا: هاوڕێیانی بەڕێز سپاس بۆ بەشداریتان، ئاوا بچینە سەر باسەکە کە لێکدانەوەتان بۆ شۆڕشی ژینا چییە و ئەم شۆڕشە چۆن دەبینن؟**

**شیلان محەممەدی**: شۆڕشی ژینا، شۆڕشی ژن ژیان ئازادییە. ئەو دروشمە پێناسەیەکی تەواو تۆکمە و پڕ بە پێستی ئەو شۆڕشە مەزنەی ئێستایە کە لە کوردستان و ئێران ماوەی زیاتر لە شەش مانگە بەردەوامی هەیە. ئەم شۆڕشە دەرئەنجامی تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی و دەرئەنجامی ئازایەتی و بەچۆکدانەهاتنی ژنانی ستەمدیتوو و زوڵملێکراوە. ئەم شۆڕشە هەڵقوڵاو لە ناخی سیستەمێکی دژی بەها مرۆییەکان و دژی مافەکانی ژنە کە ساڵانێکە چاوەڕوانی تەقینەوەی قینی چەندین ساڵە بوو و ئەو تەقینەوەیە پاش کوشتنی ژینا ئەمینی ڕووی دا و بوو بە هەوێنی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمیدا نموونەی نەبووە.

**کەوسەر فەتاحی**: شۆڕشی ژینا تەنیا شۆڕشێکی سیاسی نییە بەڵکوو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، کولتوورییە کە تەنیا مەبەستی گۆڕینی هێزی سیاسی نەبوو بەڵکوو ئەو شۆڕشە بۆ گۆڕینی سونەتە کۆنەکان هاوکات مانیفێستی خۆی دارشت هەر ئەو جۆرەی دروشمە سەرەکییەکەی بە وردی نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە. ئەو شۆڕشە لە لێکنزیک بوونەوەی بزوتنەوەکانی نێو کۆمەڵگا بەرهەم هات. شۆڕشێکی فرەڕەنگ و فرەڕەهەند، سێکۆلار و دێمۆکراتیک کە مزگێنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەدوور لە هەڵاواردن دەدا. ئەم شۆڕشە و کاریگەرییەکانی تەنیا لە نێو سنووری ئێران قەتیس نامێنێتەوە بەڵکوو هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان دەگرێتەوە. ئەم شۆڕشە کۆمەڵێک نۆرم و پێناسەی لەگەڵ خۆی گۆڕی، پێگەی ژنانی لە قوربانییەوە بۆ بکەران و لیدرانی مەیدانی گواستەوە. گوتاری فێمینیستی و بەرابەریخوازانە دژ بە گوتاری پیاوسالاری و دواکەوتووانە هێزی گرت و ئەو نۆرمانەی یا بە تەواوی گۆڕی یا بە زۆری پاشەکشەی پێ کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**کوردستان میدیا:** بەو پێیە کە گرێدراویی خەباتی یەکسانیخوازیی ژنان لە کوردستان و چییەتیی دەسەڵاتی دژەژنی حاکم وای کردووە کە ژنان لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا بەدواداچوون بۆ مافەکانیان بکەن، ئەکرێ شۆڕشی ژینا وەکوو هێمایەک لەو بەرەنگاربوونەوەیە پێناسەی بۆ بکرێت؟

**شیلان محەممەدی:** شۆڕشی ژینا بووە بە هێما و ڕەمزی ئازایەتی و بوێریی ژنان. لەم شۆڕشەدا ژنان جیاوازتر هاتنە مەیدان و بۆ داکۆکی لە مافەکانیان و بەرەنگاربوونەوەی یاسا دژە ژنەکانی ڕێژیمی ئاخوندی تا دوایین سات خەبات ئەکەن و بوێرانەتر لەبەرانبەر گوللە و ساچمە و گرتن و زینداندانیکردن و دەستدرێژییەکانی جەللادانی ئاخوندی و... خۆڕاگری دەکەن. لەم شۆڕشەدا بە سەدان ژن گیران و خرانە زیندانەوە و لەناو زیندانەکاندا دەستدرێژیان کرایەسەر، بە سەدان ژن شەهید کران، بەدەیان ژن بەهۆی بەرکەوتنی ساچمەوە ئەندامێکی جەستەیان لەدەست داوە و لەکاتی نارەزایەتییەکاندا سووکایەتیان پێ کرا. ئازایەتیی ژنان ئاخوندەکانی سەرلێشێواو کردووە و ترس و دڵەڕاوکێی لە ناخیاندا پەرە پێداوە کە بە بەردەوامی و بۆ سەرکوتی زیاتری ئازادیخوازان، پەنا دەباتە بەر هەر جۆرە جینایەتێک و لەدوا نموونەشدا ژەهراویکردنی کچانی خوێندکاری مەدرەسەکانی خستۆتە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

**کەوسەر فەتاحی:** ئەو شتە سەرەکییەی کە ئەم شۆڕشە دەستی بۆ بردووە، بنچینەی کۆماری ئیسلامییە کە سیاسەتی خۆی لەسەر دارشتووە، ئەویش کۆنترۆڵی ژن و جەستەی ژنانە بۆ کۆنترۆڵ و دەسبەسەرداگرتن بە سەر ژناندا. ژینا خۆی کۆکراوەی کۆمەڵێک هەڵاواردنی جیاجیا بوو، ژن بوو، کورد بوو، بەشێک نەبوو لە ئایینی ڕەسمیی ئەو وڵاتە و لە حاشیە بوو، بۆیە بناوانی بزووتنەوەکە هەر لە مەراسمی بەخاکسپاردنی ژینا و بە فڕێدانی لەچکە بە نیشانەی نارەزایەتی بە بناوانی ئەو سیستمە دەستی پێکرد، ئەوان دەستیان برد بۆ ئەو بەشە نەک وەک ئەوەی کە پرسی حیجاب گرینگترین پرس بێ بەلای ژنانەوە بەتایبەت ژنانی کوردستان چونکە دەزانین کە شۆڕشی ٥٧ هەرگیز نەگەیشتە کوردستان و ئەو سیستەمە و یاسایانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژنان دەرکرابوو، هەرگیز پێگەی پەیدا نەکرد لەنێو کوردستاندا. شۆڕشەکە ژنان بە فڕێدانی لەچکەکانیان و بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەستیان پێ کرد؛ ئەم دروشمە لە ڕووی بەکگراوندێکی تاریخییەوە لەوێ سەری هەڵدا. کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگایەکە کە حیزبی پێشکەوتوو و مودێرنی تێدایە کە مەیدانی خۆش کردووە بۆ بوونی ژنان لە مەیدانە سیاسییەکان و ژنان بەشێک بوون لە بەرەنگاری نەتەوەیی و هاوکات بەشێک بوون لە بەرەنگاری لە پرسی ژندا.

**کوردستان میدیا:** لە شۆڕشی ژینادا، زۆرکەس لەسەر باوەڕن کە شۆڕشەکە ژنانەیە و ئەوە ژنانن کە پێشەنگایەتیی شۆڕشەکە دەکەن، تا چەند لەگەڵ ئەم بیرکرنەوە هاوڕان؟ ئایا ئەمە جۆرێک لە هەڵاواردن و بەرتەسککردنەوەی شۆڕشەکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نییە؟

**شیلان محەممەدی**: بێگومان ئەو جۆرە بیرکردنەوانە نیشانەن بۆ بیرتەسکی و ڕادیکاڵ بوون و بەرتەسککردنەوەی ئەو شۆڕشە مەزنە و قازانج بە ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوونی شۆڕشەکە ناگەیەنێ. حاشاهەڵنەگرە کە ژنان پێشەنگ و دەستپێکەری شۆڕشەکە بوون، بەڵام ئەوە ناعەداڵەتییە کە بوترێ ئەم شۆڕشە بەتەنیا موڵکی ژنانە، دیمەنەکانی شۆڕشی ژینا دەریدەخەن کە پیاوانی یەکسانیخوازیش لەم شۆڕشەدا شانبەشانی ژنان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە و لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشەکەدا بوون و تەنانەت دەتوانین بڵێین پشتیوانی و لەسەر وەجواب هاتنی پیاوان نەبوایە، ڕەنگە ڕاپەڕینەکە ئەو شکڵ و قەوارەیەی ئێستای بەخۆوە نەگرتبا کە بوو بە شۆڕشێکی بەرینی جەماوەری کە لە سەرانسەری جیهان دانیان پێدا نا.

شەهیدبوونی بەدەیان کەس لە پیاوان لەو شۆڕشەدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. ئەوەی ئێستا ئەیبینین جۆرێک لە کرانەوە و فەرهەنگسازییە، جیاواز لە پێشوو پیاوان پاڵپشت و داکۆکیکاری مافەکانی ژنانن، ئەمەش یەکێکی ترە لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان کە لە شۆڕشی ژینادا گەیشتۆتە لووتکە.

**کەوسەر فەتاحی**: ئەم شۆڕشە لەلایەن زۆر نووسەر و ڕووناکبیر و لێکۆڵەری سیاسیی ئورووپاییشەوە وەکوو شۆڕشێکی ژنانە پێناسە کراوە، بەڵام ئەم پێناسەکردنە بەو مانایە نییە کە خواستەکانی لە چوارچێوەی خواستە سێنفییەکانی ژناندا قەتیس بوویێتەوە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ژنان پێشەنگ و دەسپێشخەری سەرەکی بوون و ئەم مەیدانداری و بوونە بە هاواهەنگی و هاوپشتی و پشتیوانیی پیاوان و باقی بزووتنەوەکانی دیکە دەستی پێ کرد؛ یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ئەو شۆڕشە دروستبوونی تێکەڵاوی و لێکگرێدراوی لە نێوان هەموو بزووتنەوەکاندا بوو و هەموویان هاتنە نێو یەک ڕێبازەوە و ئەو شۆڕشەی ژینای لێ کەوتەوە، بۆیە بە یەک پێوەر ئەتوانین بڵێین ژنانەیە چونکە تا ئێستا زیاترین ڕێژەی بەشداران لەم بزووتنەوەیە ژنانن، بەڵام شۆڕشێکی ژنانە کە خواستەکانی تەنیا تایبەت بە ژنان و مافەکانیان نییە بەڵکوو تێکەڵاوێکە لە هەموو ویست و خواستەکان بەڵام لە ڕێگەی بزووتنەوەی ژنانەوە، بزووتنەوەی ژنان دەرکەی بۆ ئەوانی تریش کردووە.

**کوردستان میدیا**: وەکوو ناوەندی ژنان چەندە هەوڵتان داوە لەم شۆڕشەدا ڕۆڵ بگێڕن؟

**شیلان محەممەدی**: ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بۆنە جیهانییەکاندا بە یەکگرتوویی هەڵوێستی نواندووە، لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هیچ ڕووداوێکی پێوەندیدار بە ژناندا بێدەنگ نەبووە و بەپێی دەرفەت هەڵوێستی گرتووە. لە شۆڕشی ژیناشدا بێگومان کارەکتەری کوردبوونی ژینا بەرپرسیارەتی زیاتری خستۆتە سەر ئێمە و پێویستە زیاتر خۆمان ماندوو بکەین و خاوەندارەتی لە ژنانی ڕاپەڕیو و ئازادیخواز بکەین ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەتوانێ بە سەربەرزانەوە ئیددیعای ئەوە بکات کە جێدەستی دیارە لە هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکی ژنانی ئازا و بوێر و ڕۆشنبیر لە ئێستای کوردستاندا ئەم شۆڕشەش وەک هەمیشە هەڵوێستی بوێرانە و پێشکەوتنخوازانەی هەبووە و بەچەندین شێوە پشتیوانی لەم شۆڕشە کردووە.

**کەوسەر فەتاحی**: وەکوو ناوەند هەوڵدان بۆ بەهێزکردنەوەی ئەم شۆڕشە و هێزی ژنان بە ئەرکی سەرەکیی خۆمان دەزانین، هەوڵەکانی ئێمە زۆرتر بریتی بوو لە دروستکردنی وتاری پێکەوە کارکردن، یەکتر قەبووڵکردن کە ماهییەت و خواستی سەرەکیی خودی شۆڕشەکە بوو کە شۆڕشێکی فرەچەشن و فرەڕەهەند بوو، ئێمەش هەوڵمان ئەوەیە کە وەک ناوەندی ژنان ئەم یەکگرتوویە ڕێکخراوەییە لە کوردستان پەرە پێ بدەین و خۆمان بۆ هەر ئەگەرێکی سیاسی ئامادە بکەین، بەتایبەتی زۆر لەو بوارەدا کارمان کردووە کە پرسی ژنان تەنیا بە گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتداری لە ئێران چارەسەر نابێ، ژنان دەبێ ڕۆڵی کاریگەریان هەبێ لە قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو بە هەنگاوی بزووتنەوەکە و شۆڕشەکە و هەموو قۆناغی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و باقی قۆناغەکانی دیکە بۆیە هەوڵمان ئەوە بووە لەو ڕاستایەدا ژنانی زیاتر لە دەوری خۆمان کۆ بکەینەوە و خۆمان بۆ ئەم حاڵەتە ئامادە بکەین.

**کوردستان میدیا**: لە ڕاگەیەندراوەکەی خۆتاندا باستان لەوە کردووە کە پشتیوانی لە هەموو جۆرە ڕێکخستنێکی ٨ی مارس بە دژی کۆماری ئیسلامی دەکەن، پێتان وایە ٨ی مارسی ئەمساڵ تا چەند ئەتوانێ لەگەڵ خواستەکانی چەند مانگی ڕابردووی ژنان لە شۆڕشی ژینادا هاوتەریب بێ؟

**شیلان محەممەدی**: خەبات و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و مافخوازانەی ژنان لە ئێران و کوردستان، چۆتە قۆناغێکی تری خەباتەوە، ویست و داواکانی ژنان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ژنان زیاتر لە هەر کاتێک ڕۆشنبیرتر و ئاشناترن بە مافەکانیان، مانا و مەفهومی دروشمەکانیان گەورەترە لە دروشمەکانی پێشووتریان. هەموو ئەمانە دەسکەوتگەلێکن بۆ ژنان کە وادەکات ٨ی مارسی ئەمساڵ ببێتە دەرفەتێک بۆ باسکردن و هێنانەئارای زیاتری خواستەکانی ژنان و بەتایبەتی گرێدانی بە شۆڕشی ژینا.

شۆڕشی ژینا بۆ ژنانی ئێران و کوردستان ٨ی مارسێکی ترە بەپێناسەیەکی ترەوە، هەشتی مارس دەسکەوتی قوربانیدان و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئـازایەتیی ژنـانی کـارگەی ڕستن و چنینـی ئامریکـا بـوو بە پێشـەنگایەتی کلارا زتکین، بـۆ ڕزگـاربوون لەدەست زوڵـم و ناعەدالەتی و بەرهەمی ئەو شۆڕشە بـووە دەسکەوتێکی مێژووی بۆ ژنـانی جیهـان. بێگومان شۆڕشـی ژینـاش هاوشێوەی ئەو شۆڕشە بەرهەمی دەبێت و دەبێتە هەوێنی بەچۆکداهێنانی ڕژێمی خوێنڕێژ و کۆنەپەرستی ئێران.

**کەوسـەر فەتـاحی**: ٨ی مـارس ڕۆژێـکە بـۆ ڕێزگـرتن لە خەبـاتی ژنـان و ئەمە ڕێـک هـاوتەریبە لەگەڵ شۆڕشـی ژینـا و خواستەکانی و مانیفێستەکەی بۆیە هەموو ڕێکخستنێکی ٨ی مارس بە هەند وەردەگرین و پێمـان پیـرۆزە و پێمان وایە دەبێ پشتیوانی بکەین. پێمان وایە ٨ی مارسی ئەمساڵ ئەگەرچی جیاوازی هەیە و دەریخست کە ژنـانی ئێـران و بەتـایبەت ژنـانی کوردسـتان زۆر ئەزمـوون و وانەیـان هەیە بـۆ بـاقی بزووتنەوەکـانی تـر، ؛ ئەو ٨ی مارسـە لەگەڵ بـوونی شۆڕشـی ژینـا و ئەزموونی شۆڕشەکە نیشانیان دا باشترین دەرفەت و کاتە بۆ نیشاندانی ئەو هـاوتەریبییە و درێـژەی ئەم چالاکییەی کە تـا ئێستا و لە سەرەتاوە ژنان وردە وردە گرتوویانەتە بەر. شۆڕشی ژنان تەنیا لە دوای مەسەلەی ژینـا نەهـاتە ئـاراوە بەڵکوو ئەم شۆڕشە ساڵانێکی زۆرە بە شێوەی نەرم و ئـارام لە گـۆڕینی کۆلتوورەکـان لە بنەمـاڵە کە بچووکترین نەهـادی کۆمەڵگـایە دەسـتی پـێ کـردووە. بەهەرحـاڵ هەر کـار و کـردەوەیەک درێـژەی شۆڕشـی ژینـایە و ئێسـتا کە لە نێـو جەرگەی خـودی خەباتەکەداین زۆر موناسبەتی هەیە لەگەڵ ٨ی مارس بوونی و ڕێزگرتن لەم ڕۆژە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ژن، ژیان، ئازادی" بووەتە دارتەرمی مێژوویەک



**دارسمه**

ئەم دروشمەی "ژن، ژیان، ئازادی" خەوی هەموو لایەکی زڕاند. بێچووەپاشا و کوڕە هەژار و فەرخە ئاخوند و تەنانەت منی نووسەر و ئەگەر نووسەر بم و تۆی خوێنەریش ئەگەر خوێنەر بی، ئەم دروشمەی "ژن، ژیان، ئازادی"یە بە توندی هەڵیبەزاندووینەوە.

بەر لە هەمووان کوڕەگەورەکەی حەمەڕەزای خۆمان، پاش چل و چەند ساڵ خواردن و ڕیتنەوەی بێحیساب و کیتاب، دوای ڕاپەڕینی جەماوەریی شۆڕشی ژینا و بەرزبوونەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، هەوای پاشایاتی لە کەللەی دا و لە شۆکی چل و چەند ساڵە هاتە دەر و بەباشی زانی وەک سوارچاکی لێهاتوو هەوساری سەرهەڵدانەکە بگرێتە دەست و خۆی باوێتە سەر پشتی و ئەسپی خەیاڵی بەرەو کۆشکی پاشایەتی لینگ بدات. پادشای خەیاڵاویی داهاتوومان بە ژێر سێبەری ئاپۆرای خەڵکی ڕاپەڕیودا دەڕوات و "خەیاڵاوی دەیڕوانێت". واهەست دەکات بە جادەی چۆڵ و سێبەردا دەڕوات. جادەیەک دوای ڕاکردنی باوکی و دامەزرانی جێگرەوە ئاخوندەکانی، نە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی تێدا تیرۆر کراوە و نە هەزاران پێشمرگەی شۆڕشگێڕ و ژن و پیاو و منداڵی کوردی تێدا شەهید کراون و نە بە هەزاران کەس لە زیندانانەدا بەرەو گۆڕی بەکۆمەڵ گوزراونتەوە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی وەک " ئەسپەک" لەسەری شای خەیاڵاویی داوە و گێژی کردووە. ئەو لێی تێکچووە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نێرینەیە و وادەزانێت کچەگەورەی باوکیەتی و حەمەی باوکی بە زیندوویی سەری خۆی تـاجی پاشـایەتیی نـاوەتە سـەر. هەر لەبەر ئەئەمەشە خەریکە دروشمەکە بۆ "ژن، ژیـان، شاهەنشا" بگۆڕێت.

ئەم کابرایە ڕەنگە لێی شێوابێت و دروشمەکەی بە "پیـاو، ژیـان، ئـازادی" تێگەیشتبێت، ئەگینـا لە گشتمان خاستر دەزانیت خانەوادەی موحتەڕەمی پەهلەوی لەنێو خێزانی خۆشیاندا "شلەی بۆگەن"یشیان بە کڵاوی کچ و خوشکانیان نەپێواوە.

ئەم میرزا ڕەزایەی خەیاڵی پاشایەتی هەڵیگرتووە، لایەنگرانیشی لە خۆی گەوجترن. دوای ئەوەی مـاڵپەڕی بی.بی.سی لە تویتێکدا بەشێک لە لێدوانی لێپرسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانـی سـەبارەت بە شـەرمەزارکردنی نزیکبـوونەوەی خەباتگێڕان لە کوڕی شای کۆنی بڵاو کردەوە، بەنـدە یـانی "دارسمە"ی نووسـەری ئەم دێـڕانە هەمـوو تێچێن و کۆمێنتەکـانی لایەنگرانی پاشام لەژێر توویتەکەی "بی.بی.سی" دا خوێندنەوە. لە کۆی سەدان تێچین، نـزیکەی ٩٠ لەسـەدیان نووسـەرانیان زمان شڕیان کردبوو و باسی ئەسپابەکەی نێوگەڵی خۆیان کردبوو. لە ئەنجامی لێکدانەوەی بەندەی موخلیسـتاندا وا دەرکەوت لایەنگرانی کوڕی شای ماوەبەسەرچوو باڵەخانەی سەروویان بەکرێ داوە و بەشێوەیەکی کاتی یان بۆ هەمیشە بـارگە و بنەی ئەندێشە و تێگەیشتنیان بەرەو نێوگەڵیان گواستووەتەوە.

بەداخێکی گرانەوە ئاخوندان پێچەوانەی شازادە لە پەڕی قوودا نەخەوتوون و وەک کەروێشکی خەواڵـوو بـازرەی دەشت و دەر و چیـاوچۆڵی سیاسـەت و میاسـەت نەبـوون و باڵەخـانەی سـەروویان بەکـرێ نەداوە و مڵۆزمی خۆیـانی تێـدا بەخێـو دەکەن. ئەوان دوای زیاتر لە چل ساڵ ئەزموونی دەستەڵات، لە وەشـاندنی جـووتە و شـەقۆن بەردەوام بـوون و فکرێکی دیکەیـان لە حاڵی خۆیان کردەوە.

دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دوای بەردەوامیی نزیکەی ساڵێک خەباتی خەڵکی ئێران بە ڕێبەرایەتیی ژنـان، وای لە ئـاخوندان کرد هەست بکەن ئێستا تا ڕادەیەک توانیویانە قەیرانەکە ڕابگرن، بەڵام لەترسی داهاتووی زۆر نزیک و دووریش دونیایـان لـێ بـوو بە چەرمی چۆلەکە. دروشمی ژن، ژیـان ئـازادی هەروا بەردەوام و ژنـان بە پیـر و لاویـانەوە دەسـتیان خستووەتە بینەقاقای کۆنەپەرستی و ها ئەمڕۆ و سبەی بیخنکێنن.

ئاخوندان لە هەنگاوێکی نوێدا دژی ڕەگ و ڕیشەی ژن و ژیان وەستاونەتەوە و خەریکی شیمیاییباران کردنی قوتابخـانەی کچـانن. ئەوان ژاری شیمیایی دەدەنە کچانی بچووک و پێیـان وایە ئەم گورزەیـان ئەمڕۆ و داهـاتووش دەگـرێتەوە. کـاروانی شیمیاییبـاران کردنی کچانی بچووک ئێستا ڕۆژێک لە قوم و ڕۆژێک لە تـاران و ڕۆژێکی دیکە لە خوڕڕەمئـاوا و خووزستـانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئامانجی کورتخایەنیان ئەمەیە خەڵک دروشمی لێدە لە بەیتی ڕەهبەری بۆ دروشمی "کۆتایی‌هێنان بە ژاراویکردنی کچان" بگۆڕن و بۆ داهاتووش بە وازهێنانی کچان لە قوتابخانە و خوێندن ژنانی داهاتوو بە نەخوێندەواری بمێننەوە.

لە بەرانبەردا ئازادیخواز و خەباتگێرانیش تابووتێکیان لە کەرەستەی پتەوی "ژن، ژیان، ئازادی" هەڵبەستووە و لاشەی دوو دیکتاتۆری پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیان خستووەتە سەر و بەرەو لێواری دۆزخ شانیان داوەتە بەر، بەڵام جارێ پەلەقاژەی هەردوو مەیتەکە لە نێو "ژن، ژیان، ئازادی"دا بەردەوامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## "پیلانێکی دیکەی دەسەڵات"



**ئاسۆ مینا**

لە درێژەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمی ئێران دژ بە شۆڕشی ژینا، ئەم جارە شیمیاییکردنی قوتابییانی نێو قوتابخانەکان و دەرمانداوکردنیان پیلانێکی دیکەی ڕێژیمە بۆ زەبروەشاندنی زیاتر لە یەکێک لە بناغەکانی ئەو شۆڕشە کە قوتابییانن. سەرەڕای ئەوەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران خۆیان بێئاگا لە پێکهاتنی ئەو حاڵەتە نیشان دەدەن بەڵام خاوەن ڕایان، پێیان وایە کە ناکرێ پرۆسەیەکی دژەئینسانی لەو شێوەیە بەڕێوە بچێت بەڵام ڕێژیم و بەتایبەت سرویسە ئیتلاعاتییەکانی لێی ئاگادار نەبن. "عەلی خامنەیی" ڕێبەری ڕێژیم دوای سێ مانگ لە بەڕێوەچوونی ئەو پرۆژەیە، هێشتا قسە لە سەلماندنی ئەو کێشەیە دەکات و دەڵێ پێویستە عامیلانی ئەو کارە سزا بدرێن کە ئەوەش تەنیا قسەیەکە دەیکات و ئەوە پرۆژەیەکە هەر بەدەستی خۆیان بەڕێوە دەچێت. لە ڕاستیدا پێکهێنانی ترس و وەحشەت لەنێو کچە قوتابییەکان و تاراندنیان لە قوتابخانە دەتواندرێ وەکوو تاکتیکێکی ئەمنییەتیی ڕێژیم و گەڕاندنەوەی کچ و ژن بۆ کونجی ئاشپەزخانە و بەکارهێنانیان وەکوو دەزگای بەرهەمهێنانی منداڵ و دوورخستنەوەیان لە هەرێمی قوتابخانەکان و بێئاگاهێشتنەوە و ڕێگری لە پێشکەوتنیان لە هەموو بارێکەوە، لە ئامانجە کۆن و نوێیەکانی ڕێژیم چاویان لێ بکرێت.

بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسەیە کە ڕاستەوڕاست هێرشە بۆ سەر کۆمەڵگا و لە کاردانەوە بە نەخش و ڕۆڵی چالاکانە و دیاری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کچان و قوتابییانی قوتابخانەکان لە خۆپیشاندان و شۆڕشی ئەمجارەدا بەڕێوە دەچێت ئامانج لێی، لێدان لە جێگە و پێگەی شۆڕشی ژینا و دەربڕینی ڕق و تووڕەیی دەسەڵاتە دژ بە ژنان، دەتواندرێ وەکوو پرۆژەیەکی ئامانجدار چاوی لێ بکرێ و لەسەر ئەو پرسە کە وەکوو جینایەت دژی ئینسانییەت دەتواندرێ ناوی بهێندرێ لە دادگا نێونەتەوەییەکان سکاڵا تۆمار بکرێت بەڵام دنیای دەرەوە کە هێشتا بە گشتی پشتی ڕێژیمی ئێرانی بەرنەداوە و لێی بێهیوا نەبووە، هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر بەو جینایەتە نیشان نەداوە.

ئەوەی وەکوو هۆکاری پێکهاتنی ئەو حاڵەتە تا ئێستا دەرکەوتووە و شارەزایانی بواری تەندروستی باسیان لێوە کردووە بۆ شیمیاییکردن و تێکدانی باری تەندروستیی قوتابییان لە چەندین جۆری گاز لەوانە ئۆرگانا فۆسفۆر و گازی تێکەڵاوی گۆگردی بۆ ئەو پرۆژەیە کەڵک وەرگیراوە.

بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژەیە تەنیا بە باڵای ڕێژیمی کۆنەپەرەست و دژە ئینسانیی ئێران نەبڕاوە بەڵکوو لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی سیستمی دژەژن و کۆنەپەرەست حوکم دەکەن، لەو حاڵەتانە دیتراون. هێرشی حکوومەتی چێچێن بۆ سەر قوتابییانی کچ لە ساڵی ٢٠٠٥ و درمانداوکردنیان و هەروەها بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی هاوشێوە لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠١٠ لەسەر دەستی تاڵەبان هەموویان دەچنە یەک خانەوە.

ئەوە دەتواندرێ وەک پەتایەکی گشتگیر چاوی لێ بکرێ. هەر چەند سەرەتا لە شاری قومەوە دەستی پێکرد بەڵام لە ئێستادا زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتووەتەوە و ئەوجارە تەنیا بە کچان کۆتایی نایەت و کوڕانیشی گرتووەتەوە و سەراسەری ناوچەکانی ئێران و کوردستانیشی خستووەتە ژێر ڕکێفەوە. تا ئێستا زیاتر لە ١٨ پارێزگای ئێران لەو پرۆژە دژەئینسانییە وەرداون و زیاتر لە ٩٠ بۆ ١٠٠ قوتابخانە هێرشی شیمیاییان کراوەتە سەر و ئەو ڕێژەیە هەتا دێت زیاتر دەبێت.

بڵاوبوونەوەی چەندین جۆر گاز لە قوتابخانە و ئاسایشگای خوێندکاران و ژاراویبوونی خوێندکاران و نەخۆش کەوتنیان ئەو بەڵگانەن کە ڕێژیم هێشتا دانی پێدا نەناوە و خۆی لە بوونی ئەو قەیرانە گێل دەکات. سکاڵای بنەماڵەی قوتابییان و خوێندکاران لە پێکهاتنی ئەو بارودۆخە تا ئێستا بە هیچ کوێ نەگەیشتووە و زۆربەی مامۆستایان لەسەر ئەو بابەتە هەڵوێستی تایبەتیان گرتووە و ڕاگەیەندراویان لەبابەت دەربڕینی نارەزایەتی سەبارەت بەو دۆخە دەرکردووە.

وێڕای زۆربەی ناوچەکانی ئێران، کوردستانیش کە ماکەی سەرهەڵدان و دژایەتیی ڕێژیمە لەو پرۆژەیە بێبەری نەبووە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و دوالەرزەی ئەو پرۆژەیە گەیشتووەتە کوردستان و گیانی خوێندکاران و قوتابییانی شارەکانی کوردستانیشی گرتووەتەوە. سەرەڕای بارهێنانی کێشە و گرفتی زۆر، ترس و نیگەرانییەکی زۆر بۆ بنەماڵەی قوتابییان لەسەر ئەو پرسە دروست بووە و ڕێژیم لە جیاتی بەدەمەوە هاتن بەو کێشە و داوای بنەماڵەی قوتابییان، خەریکی توندکردن و ئەمنییەتییکردنی زیاتری دۆخەکەیە.

ترسی ڕێژیم لە سەرهەڵدانی جەماوەریی نوێ کە وەک مەزەندە دەکرێ زۆر لە پێشوو بەگوڕتر و گشتگیرتر دەبێت، وای لێ کردووە کە دەست بۆ هەر شێوە کار و کردەوەیەک بۆ ڕێگریی لە پەرەئەستاندنی ئەو شۆڕشە ببات و هەر ڕۆژە و بە پیلانێک و تاکتیکێکی نوێ بەرەوڕووی ئەو شۆڕشە دەبێتەوە بەڵام لە کۆتاییدا کۆی کێشەکان لە ڕێژیم دەبنە لافاوێک کە هەرچەند زەرەر و زیانێکی زۆری بۆ خەڵک بە دواوە دەبێت بەڵام لە کۆتاییدا گیانی ڕێژیم تێدا دەچێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بیوتیرۆریزم دژی کچان و ژنان



**سۆران شەمسی**

لە قوتابخانەکانی کچان لە کوردستان و ئێران زنجیرەیەک ڕووداوی بەئەنقەست و یەک لە دوای یەک لەم ماوەیەدا ڕوویان داوە و قوتابییانی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانی کوردستان و ئێران بە شێوەیەکی گوماناوی ژەهراوی کراون. ئەم ڕووداوە لە ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی کچان لە شاری قوم دەستی پێ کرد. لەو کاتەوە بە سەدان قوتابی لە قوتابخانەی شاری قوم کە زۆربەیان قوتابخانەی کچان بوون، ژەهراوی بوون و ئەم ڕووداوانە تەنیا لە قومدا قەتیس نەکراوەتەوە و بۆ شارەکانی دیکەی سەرانسەری ئێران درێژ کراوەتەوە. زۆربەی ئەو قوتابییانە کچ بوون و لە چەند حاڵەتێکی کەمدا ژەهراویبوون لە قوتابخانەکانی کوڕانیشدا تۆمار کراوە و گیانلەدەستدانی کچێکی قومی بۆ ئەو هێرشانە گەڕێندراوەتەوە.

تا ئێستا لە ماوەی زیاتر لە سێ مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە قوتابخانەکاندا ژەهراوی بوون. دوو کەسیان مامۆستان و زیاتر لە ٦٥٠ قوتابییان کچن و بەشێکیشیان خوێندکاری پیاون، لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە جۆری ژەهراویبوونەکە بێ ئەنجام بووە.

لە ناڕەزایەتیدەربڕین بەرانبەر بەم هێرشانە لە شارەکانی وەک تاران، ئیسفەهان، کرماشان و ئەردەبیڵ ناڕەزایەتی بەڕێوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چووە. هێزەکانی حکوومەت لە تاران و کرمان هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و گرووپێکیان دەسبەسەر کرد.

کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە ڕێبازێکی ژنکوژی هەبووە. هەر لە سەرەتاوە ئەم دەسەڵاتە حیجابی کردە زۆرەملێ، هاوسەرگیریی منداڵ و کچی بە شەریعەت و یاسا ڕاگەیاند، دەستدرێژی بۆ سەر کچان لە زیندان بەشێک لە شەریعەت بوو، دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر زیندانییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی دانپێدانانی زۆرەملێ بە سزای یاسایی دادەنرا.

لە سەردەمی "شۆڕشی ژینا"دا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئاستی تاوانە سیستماتیکەکانی دژی کچان و ژنان بەرز کردەوە. لە پشت ئەم هێرشە بەرفراوانەوە کە بە تەواوی هەماهەنگ و سیستەماتیکن. ئامادەبوونی نارەزایی کچان لە قوتابخانە و زانکۆکان و پاشان لەسەر شەقام هەموو سیستەمی کۆماری ئیسلامیی تووشی سەرسووڕمان کرد و لەوەش خراپتر، بە شێوەیەکی شەرمەزارانە شکستی هێنا لە بەرنامەکانی پەروەردەیی و نزیکبوونەوەی ئەو سیستەمە، بەتایبەت ڕاهێنانی کچان کە تەنیا ئەرکی وەچەخستنەوەی بۆ پێناسە کردوون.

ژەهراویکردنی زنجیرەیی کچانی قوتابخانە ڕۆژ بە ڕۆژ بەربڵاوتر دەبێتەوە، قوتابخانە بە قوتابخانە و شار بە شار. ئەم تاوانە بەئەنقەست و قێزەون و سەدەی ناوەڕاستییە کچانی بێتاوانی کردووەتە ئامانج بەبێ ئەوەی بەربەستێک لەبەردەمیاندا ببینێت.

بە گرنگیدان بە هەواڵەکان ئەوەندە قورس نییە کە بزانین ئەم تاوانە بەمەبەستی ترساندن و پاسیڤکردن و تۆڵەسەندنەوە لە گەنجان لە ئێران داڕێژراوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕاپەڕینی نەتەوەیی لاپەڕەیەکی لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەڵگێڕاوە. قوتابییان، وەک ڕۆشنبیران و هێزی بزوێنەری ئەم ڕاپەڕینە، چیتر گوێڕایەڵی ملهوڕیی ئەم حکوومەتە نابن و لەم دۆخەدا بیرتەسکیی نیزام ڕوو لە ڕێکخستنەکانی تر دەکات.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پێنج مانگ بەسەر نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکان کە بە شەهیدبوونی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد، خەڵک ڕێگەی بە هیچ کەسێک نەداوە ئەم بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە بشێوێنێت یان دەستی بەسەردا بگرێت. ڕێژیم، لەگەڵ شوێنکەوتووانی، هەوڵی داوە خەڵک ناچار بکات بێدەنگ بێت و لە ماڵەوە بمێنێتەوە بە هەر شێوەیەک بێت، لەوانە خۆپیشاندانی شەقام، زیندان، ڕفاندن، لێدان، تۆقاندن و هتد خوێندکارەکەی) لێی داوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەکانی ئێران دەبێ بە بەرپرسیاریتییەوە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە بکەن و هەمووان وەک ئەم هەموو کاتە، بەهەستیارییەوە بەدواداچوون بۆ بابەتەکە بکەن و بە گەیشتن بە ئەنجامێک ولامێکی گونجاو بە ئەم تێرۆرە دەوڵەتییە بدەنەوە. کۆماری ئیسلامی کە گەیشتووەتە چەقبەستوویی قبوڵکردن و شەرعییەت، وەک دیکتاتۆرەکانی مێژوو هەوڵ دەدات پێش بە نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی داهاتوو بگرێت. بەئامانجگرتنی قوتابخانەکانی کچان کارێکی کینەییانەیە لە دژی دروشمی پێشکەوتنخوازانەی ژن، ژیان، ئازادی. ئاشکرایە کە بەرپرسیاریەتیی هەموو ڕووداوەکان لە ئەستۆی سەرکردە و دامەزراوە ئەمنییەکان و سپای پاسدارانە. هەوڵە وەهمییەکانی تاوانبارانی حکوومەت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە تەنها دڵنیامان دەکاتەوە کە حکوومەت هیچ پلانێکی بۆ هەموو بوارەکان بە ئابووری و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە و ئاسایش و... نییە.

لەگەڵ پێشکەوتنی شۆڕشەکەمان، لەگەڵ زیادبوونی دەسەڵاتی شۆڕشەکەمان، لەگەڵ بەردەوامبوونی شۆڕش بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا، لەگەڵ کۆتاییهاتنی پێشکەوتنەکانمان بە سەرکەوتنی شەقام، کۆماری ئیسلامی دڕندەتر دەبێت و هێزەکانی ژێر فەرماندەیی زیاتر هارتر دەبن و زیاتر لەوەی هەمیشە ڕوخساری دژەمرۆیی و تیرۆریستیی خۆیان ئاشکرا دەکەن بۆ ئەوەی سیستەمی پیسەکەیان بپارێزن.

بە پێی هەندێک بەڵگە، ئەنجامدەرانی هێرشی بێشومار و بەربڵاو بۆ سەر قوتابخانەکانی ناوچە جیاجیاکانی وڵات کە زۆرینەی ڕەهای لە قوتابخانەکانی کچان و نووستنی کچان ڕوویان داوە، هێزێکی ڕاهێنراون کە پێشتر بەشێوەی دڕندانە ئازیزان و هەڤاڵانمان لە شەقامدا سەرکوت کردووە، قوتابخانە و زانکۆکان.. تێوەگلاون لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

کۆماری ئیسلامی لە ترسی سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنمان، تاوانێکی دیکەی ئەنجام داوە کە بە دڵنیاییەوە لێکەوتەی قەرەبوونەکراوی دەبێت. ئەم کردەوەیە لە کۆماری ئیسلامی کە تا ئێستاش بە ئامانجی سڕینەوەی ڕوخساری ئەو پرسە لەلایەن بەرپرسە باڵاکانییەوەیە و هێشتا نەیوێراوە ڕاستەوخۆ پشتیوانی لێ بکات، بە دڵنیاییەوە بۆ حکوومەت گران دەبێت. ئەرکی کۆمەڵگە ڕوونە، وەک وەڵامی ئێمە نارەزایەتیی گشتی و "ژن بۆ ژیانی ئازاد" و "مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی"، لە وەڵامی ئەم حکوومەتە و لایەنگرانی کە وەک بنەماڵەی خوێندکاران لە نارەزایەتییەکانیان بە دروشمی مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی بە دروستی قسەیان لەسەر ئەم تاوانانە کرد، لەم ڕووەوە مانگرتنی نەتەوەیی مامۆستایان و خوێندکاران لە زانکۆکان و پێشکەوتنی شۆڕشەکەمان، پێویستە نارەزایەتیی خۆمان بەرامبەر بەو تاوانبارانە نیشان بدەین و بە کۆی دەنگ ڕابگەیەنین: کۆماری ئیسلامی هۆکاری کوشتار و نائەمنی لە کۆمەڵگا و زانکۆ و قوتابخانە و ژینگەی کارە و ئەم هەلومەرجانەش ناتوانن بەردەوام بن و دەبێت بە ئیرادەی ئەندامانی کۆمەڵگا کۆتایی بەو مەرجانە بێنن و ئەم حکوومەتە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و میکانیزمەکان دەبێت ئیفلیج بکرێن و لەناو ببرێن.

کۆمەڵگایەکی سەلامەت، شوێنێکی سەلامەت بۆ ژیان، شوێنێکی سەلامەت بۆ خوێندن و کارکردن یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکان بۆ خوێندکار و هەموو هاووڵاتی و مرۆڤێک. ئەم داواکارییە لە ڕێگەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی سەرتاسەری و گشتیی بەهێزترەوە بەدەست دەهێنین و کۆماری ئیسلامی زیاتر پاڵ دەنێین بۆ دواوەی دۆڵی ڕووخان. لەم ڕووەوە پێشبینی دەکەین مامۆستایانی ئازادیخواز چالاکانە لەگەڵ خوێندکارەکانیان و خانەوادەکانیان بن.

ڕێژیم دەزانێت کە توانای وەڵامدانەوەی لانیکەمی داخوازییەکانی خەڵکی نییە و تەنیا لە ڕێگەی تیرۆر و ئیعدام و دەستدرێژییەوە دەتوانێت ناڕازییان ناچار بکات بێدەنگ بن و تا ڕادەیەک و بە شێوەیەکی کاتی سەرکوتیان بکات. هەروەها دامەزراوە ئەمنییەکانی سیستەمەکە پێیان وایە کە ناوەندی ناڕەزایەتییەکانی داهاتوو، بە پشتبەستن بە ئەزموونی شۆڕشی ژینا، قوتابخانە و زانکۆکان دەبن و خوێندکاری کچیش ئەکتەری سەرەکیی ئەو ناڕەزایەتییانە دەبن.

ئەزموونی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییە دەریخست کە کچانی هەرزەکار و گەنجی وڵات هەم توانای سەرکردایەتیکردنی ناڕەزایەتی و هەم هێزی کۆکردنەوەی کۆمەڵایەتییان هەیە. جگە لەوەش، ئامادەبوونی کچان و ژنان لە هێڵی پێشەوەی ناڕەزایەتییەکان کاردانەوەی جیهانی بێ وێنەی لێکەوتەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار کرد هەڵوێستی توند لە دژی ئامادەبوونی کچان و سەرکوتکردنی دڕندانەیان بگرێتەبەر و تێچووی قورس بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بسەپێنێت.

کۆماری ئیسلامی سیستەمێکی ئاسایی نییە کە لەسەر بنەمای لۆژیک و ڕێبازە تەقلیدییەکانی حوکمڕانی کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵکو دەسەڵاتێکە کە لە ڕێگەی دروستکردنی قەیرانەکانەوە بەردەوام بووە. لەم ڕوانگەیەوە و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک ڕووبەڕووی تەحەدای گەورە دەبێتەوە و ئەگەری دەستپێکردنەوەی ناڕەزایەتیيە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان لە وڵاتدا دەبێت.

هەرچەندە دروستکردنی قەیران لە هەر ڕەهەند و ئاستێکدا لە ئێراندا پێشەکییەکە بۆ بڕیاردانی تەحەدای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ئایندەیەکی نزیکدا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش کیمیابارانکردنی قوتابخانەکانی کچان بە هەنگاوێک دادەنرێت بۆ بێلایەنکردنی یەکێک لە گرنگترین فۆکۆسەکانی ناڕەزایەتییەکانی داهاتوو. لە زۆرێک لە قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە بەستنەوەی دۆسییەکان بە "دوژمنی دەرەکی" و "دزەکار و سیخوڕ" هەوڵیان داوە خۆیان لە چارەسەرکردنی کێشەکە و دادگاییکردنی تاوانبارانی سەرەکی بەدوور بگرن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ئیدیعایانەی کە بە هیچ بەڵگە و بەڵگەنامەیەک بۆ سەلماندنی نەخراوەتەڕوو و پێ دەچێت تەنیا بۆ چەپڵەلێدان و کوێرانە بەرگریکردن لە کۆماری ئیسلامی دەرببڕدرێن.

پێویستە زیاد بکرێت بۆ ژمارەی ئەو بەرپرس و کەسایەتییانەی نێو سیستەمی ئیسلامیی ئێران کە لە قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە جیاتی پێشکەشکردنی ڕێگاچارە یان ڕەخنە لە هۆکارەکانی قەیرانەکان، هەوڵی بەرگریکردن لە سیستمە خۆشەویستەکەیان دەدەن و قازانجی شەخسی بەدەست دەهێنن.

ئەم هێرشانە کاتێک ڕوویان داوە کە حکوومەت بە سەرۆکایەتیی تاکێک یان دیکتاتۆرێک لە قەیرانێکی گەورەدا بێت. کاتێک دیکتاتۆر هەڵمی تەواو دەبێت و ترسی ئەوەی هەیە بازنەی نەیارەکانی تەسکتر بێتەوە و حکوومەت لەدەست بچێت، هەوڵ دەدات بە بەکارهێنانی تیرۆری کیمیایی ڕۆژانی دەسەڵاتی خۆی درێژ بکاتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری بەکۆمەڵی نەیاران و حاڵەتی هاوشێوەی مامەڵەی توندوتیژی لەگەڵ ژنان و تێوەگلان لە کیمیابارانەدا، ئەگەری ئەوە زیاتر دەبێت کە کۆماری ئیسلامی بە هەمان شێوە هەستی بە پێویستی ترسی گشتی و تیرۆری کیمیایی کرد بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆی.

بیوتیرۆریزم یەکێکە لەو شێوازە مشتومڕاویانەی کە بەزۆری لە شەڕەکاندا بەکاردەهێنرێت. بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە زۆربەی دیکتاتۆرە ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مێژوویەکیان هەیە لە بەکارهێنانی کیمیاباران دژی نەیارانی ناوخۆیی خۆیان.

کۆماری ئیسلامی دواگەڵای وانەکانی سەرکوت و کوشتن و تیرۆر کە لە دیکتاتۆرەکانی جیهان فێر بووە، یەک بە یەک تاقی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕەنگە ڕاپەڕینی سەرتاسەریی "ژن، ژیان، ئازادی" دواجار نەبێت بە هەنگاو بۆ کۆتاییهاتنی کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خەزانی دیکتاتۆر




**ڕەزا دانشجوو**

خەزانی باوکسالار یان خەزانی خۆسەپێن (El otono del patriarka) ناوی بەرهەمێکی "گابریل گارسیا مارکێز"، یەکێک لە گەورەترین نووسەرانی مێژوویە. کتێبێک کە لە ڕوانگەی زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی بەرهەمێکی ناوازەیە و یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخ.

"مارکێز" لەم کتێبەدا دوور لە تایبەتمەندییەکانی کات و شوێن کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە دەناسێنێت، ئەم کارەکتەرانەی بە یارمەتیی قەڵەمە بەهێزەکەی مارکێز زۆر ڕاست و باوەڕپێکراو دێنە بەرچاو. مارکێز لە وەسفکردنی کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەدا پارادۆکسێکی ناوازە دەخاتە ڕوو: ستەمکاری و تۆتالیتاریزمی ژەنەڕاڵێکی پیر کە هەندێکجار وەک کەسێکی خاوەن دەسەڵاتی بێسنوور و بە دوور لە توانایی مرۆڤ خۆی نیشان دەدا، بەڵام لە ژیانی کەسی و سۆزداریی خۆیدا وەک مرۆڤێکی تەواو لاواز و بێتوانا دەردەکەوێت. هەرچەند وەک باس کرا چیرۆکەکە کات و شوێنێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام ئەوەی مارکێز وێنای دەکات زۆر نزیکە لەو واقعییانەی کە لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی ژەنەڕاڵ "فرانکۆ" لە ئیسپانیا و "ڕافایل ترۆخیلۆ" لە کۆماری دۆمینیکەن ڕوویان داوە. باوکسالار نوێنەرایەتیی تەواوی پاوانخوازان و دیکتاتۆرەکانی جیهان دەکات، ئەو نموونەی گەندەڵیی دەسەڵاتی ڕەهایە. تایبەتمەندی سەرەکی باوکسالار ئەم تەنیاییە هەستپێکراوە کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ترسی هەمیشەیی ئەو لە شۆڕش. نیگای کۆمێدی، وردبین و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەندێکجار گاڵتەجاڕانەی مارکێز جوانییەکی تایبەت بە گێڕانەوەکانی دەبەخشێت، بۆ نموونە کاتێک منداڵی باوکسالار لەدایک دەبێت، پلەی ژەنەراڵی پێ دەدرێت و لەو کاتەوە ئەم منداڵە لەنێو گالیسکەوە سەرۆکایەتیی کۆبوونەوە فەرمییەکان دەکات! یان لە شوێنێکی تر دەخوێنینەوە کە بەپێچەوانەی هەموو ئەو دروشمانەی کە دەیخاتە ڕوو، باوکسالار بەتەواوی بەرانبەر بە ئیمپریالیزم بێدەسەڵاتە. بۆ نموونە ژمارەیەک باڵیۆزی ئەمریکا داوای دەریای" کارائیب" دەکەن وەک بەڵێنێک بەرانبەر بەو سوودە زەبەلاحەی کە حکوومەت ناچارە بۆ قەرزە دەرەکییەکەی بیدات!

ئەوەی زۆر وشیارانە لە "خەزانی باوکسالار" پەیڕەو دەکرێت، خۆسەری و خۆسپاندنی دیکتاتۆرێکە کە بە هۆی شێوازی هەڵسوکەوتی لە سەردەمی حوکمڕانییەکەیدا، ئێستا هیچ دۆستێکی نییە و لە هەموو کاتێک تەنیاترە. لە یەکێک لە گێڕانەوە گرنگەکانی ئەم کتێبەدا، ژەنەڕاڵی پیر گومان لە وەزیری جەنگ، ژەنەڕاڵ "ڕۆدریگۆ ئەگویلار" دەکات کە یەکێکە لە هاوڕێ کۆنەکانی.

لە گەرمەی شۆڕشی خەڵک کە هەڕەشە لە حکوومەتەکەی دەکات، هەموو بەرپرسە باڵاکانی وڵات و سوپا بانگهێشتی خوانێک دەکات. شەو گەیشتووەتە نیوەی و وەزیری شەڕ، ژەنەڕاڵ "ئەگویلار" کە کردە و تاوانەکانی هۆکاری سەرەکیی شۆڕشی خەڵکە بەڵام لە هەمان کاتدا بە نهێنی هاوکاریی سەرکردەکانی شۆڕش دەکات، هێشتا بەشداریی لە ئاهەنگەکەدا نەکردووە. گێڕەرەوە کە وادیارە یەکێکە لە ئامادەبووانی ئەو ئاهەنگە، دیمەنەکە بەم شێوەیە وەسف دەکات: نیوەشەو بوو و هێشتا هیچ هەواڵێکی ژەنەڕاڵ "ئەگویلار" نەبوو، کەسێک ئیزنی خواست تا بڕوا وگوتی: بە مۆڵەتی ئێوە! ژەنراڵی پیر بە نیگایەکی کوشندە کە دەیگوت کەس نەجووڵێت، کەس هەناسە نەکێشێت، کەس بەبێ مۆڵەتی من نابێ بژی, وای کرد ئەم کەسە بێ قسەکردنی زیاتر زوو بگەڕێتەوە شوێنی خۆی! کەمێک دواتر ژەنەڕاڵی بەناوبانگ و وەزیری شەڕ "ڕۆدریگۆ ئەگویلار" کە لەسەر کەشەفێکی زیوین درێژ کراوە، دەردەکەوێت، لە کاتێکدا بە گوڵەکەلەم و سەوزی و ... وەک خواردن ڕازاوەتەوە وسوورکراوەتەوە! جلی گرانبەها لەبەر و پێنج بادامی زێڕین لەسەر شان، نیشانی ئازایەتی لەسەر قۆڵە کۆکراوە دەستە براوەکەی و حەوت کیلۆ مەدالیا لەسەر سینگ و دەستەیەک سەوزیی جەعفەری لە دەمدا، ئامادە بۆ پارچەپارچە کردن و خواردن! بە بەرچاوی ئێمە، میوانانی ئەم جەژنە دۆستانەیە، کە هەمووان لە ترسان چاوبەمۆڵەق ڕاوەستابوون و تووشی هەناسەبڕکێ ببوون، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی خۆشیبڕین و دابەشکردندا کرد. پاشان کە پارچەیەک لە وەزیری شەڕ بە سەوزی و ناوەکی سنەوبەر لەسەر دەوری هەر کەسێک دانرا، باوکسالار فەرمانی دا کە دەست پێ بکەین: نۆشی گیان...

شۆڕشی ژینا وەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز تانوپۆی دیکتاتۆرییەتی عەلی خامنەیی هەژاند و بەرهەڵستی هەموو ئەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەهایانە بوویەوە کە ساڵیانی ساڵ بوو ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ بە سەر خەڵکی داسەپاندبوو، لە ڕاستیدا هەموو ئەو شتانەی کە کۆماری درۆ و خۆنمایشی ئیسلامی ساڵانێک بە تێچوویەکی زۆرەوە وەک ڕێساگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بونیادی نابووە و بیری دەکردەوە ئێستا دەتوانێت لە سێبەری ئەواندا دابنیشێت و حوکم بکات، لە بوومەلەرزەیەکی بەهێز و لەناکاودا هەژا و بە سەریەکدا ڕما. هەرچەندە دیکتاتۆری وەهمی وەک ژەنەراڵە پیرەکەی چیرۆکی مارکێز هەوڵی دا خۆی بەهێز نیشان بدات و باسی لە دارێکی پتەوی خەیاڵی کرد کە کەس ناتوانێ لە ڕیشەی دەربێنێت، بەڵام ڕووخساری زەرد و ماندوی باوکسالار زیاتر لە هەر کاتێکی تر باسی تەنیایی دیکتاتۆری پیر دەکات. ئەو دیکتاتۆرەی کە ساڵانێک لەمەوبەر بۆ چاوترساندنی نۆکەرانی، هاوڕێ پەنجا ساڵانەکەی لەنێو حەوزدا خنکاند، ئێستا بە گۆڕینی سەرۆکی دەزگای سەرکووتکردن و هەندێک فەرماندەی سەربازیی دیکە هەوڵی دا لە هەمان کاتدا کە شکستی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەدا دەخاتە سەر شانی فەرماندە نیزامییەکان؛ جارێکی دیکە نیشانی نۆکەرانی بدات کە دڕندەیی و توندوتیژیی باوکسالار بێکۆتاییە.

لە کاتێکدا کەشوهەوای شەقامەکان بە هۆی ناتەبایی هەندێک ڕەوتی تۆتالیتاری ئۆپۆزسیۆنەوە کەمێک هێور بووەتەوە و ژەنەراڵی پیر پێیوابوو دەتوانێت هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵمژێت، دەسپێکردنەوەی مانگرتنی کرێکاران و خانەنشینان لە زۆر شوێنی جیاوازدا لە سەروبەندی ساڵی نوێدا دیسان بووە هۆی پەرۆشی و سەرلێشێواویی باوکسالار. بەڵام ئەوە تەنیابەشی ئەوە چیرۆکە تازەیە نییە. بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و بێتوانایی تەواوی حکوومەتی بوکەڵەیی "ئیبراهیم ڕەئیسی" ئابووریی نەخۆشی کۆماری ئیسلامیی خستۆتە لێواری داڕمانەوە. دۆخێک کە دەنگی ناڕەزایەتی و پەرۆشی زۆرێک لە شارەزایانی ئابووری لێ کەوتووەتەوە، بەڵام دیکتاتۆری پیر وەک هەمیشە بەکاردانەوەیەکی هیستریک بە شێوەی هەموو دیکتاتۆرەکان ڕەخنەی لەو ورياکردنەوانە گرت و بە بێبنەمای زانین.

دیکتاتۆری تەنیا و گۆشەگیری چیرۆکەکەمان، لە لێکچوونێکی ناوازە لەگەڵ باوکسالاری چیرۆکی مارکێز، ئێستا بێهیوا لە خەڵک، دوور لە دروشمی بێ بنەما و فریودەری" مەرگ بۆ ئیمپریالیزم"، بەدوای دەرکەیەک دەگەڕێت بۆ دەسپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ "شەیتانی گەورە". هاوشێوەی باوکسالار، دیکتاتۆر بۆ ڕازیکردنی زلهێزەکان ناچار بوو کەنداوی فارس و دەریای عومانی ڕادەستی چینییەکان و دەریای خەزەری تەحویلی ڕووسەکان بدا و ئێستا دەستی بۆ لای ئەمریکا درێژ کردووە بۆ مانەوەی لە دەسەڵات. ئێستا بۆ دیکتاتۆری تەنیا و گۆشەگیر تەنیا شتێک گرنگە، ڕاگرتنی تاج و تەخت.

بەڵام دۆخەکە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی دیکتاتۆردا نییە، داڕمانی ئابووری، ترس لە گەڕانەوەی خەڵک بۆ سەر شەقام، کابوسی بەردەوامی چوارشەممە سووری و نەورۆز و هتد، هەموو داتاکان ئاماژەن بۆ ڕووداوی زۆر پێشبینینەکراو،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕووداوگەلێک کە دەتوانن داری کۆن و ڕزیوی دیکتاتۆر لە ڕیشە دەربێنن و نەمامێکی نوێ لە شوێنی بچێنن.

بەهار وەرزی گەشەکردنە، وەرزی بەئاگابوونەوە و وشیارییە، بەڵام بۆ باوکسالار پاییزێکی سارد و خەمگینە، وەرزی کەوتنی لقەکان، کاتی گەڵاڕێزانی یارمەتیدەران و بەکرێگیراوانی باوکسالار، وەرزی کۆتایی دیکتاتۆرییەت لە وڵاتی نەورۆز و بەهاردا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی مارچی ٢٠٢٣

---

## گەڵاڵەیەک بۆ داهاتوو




**ئاگری ئیسماعیلنژاد**

ئەم ڕۆژانەی ئێستا ڕەنگە گرینگترین چرکەکانی مێژووی کوردستانی ڕۆژهەڵات بن چون بێگومان هەر هەنگاوێکی کە لە ئێستادا هەڵدەهێندرێتەوە کارتێکەری لەسەر داهاتووی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات دەبێت. پرسیاری سەرەکیی ئەو وتارە ئەوەیە ئێستا دەتوانین چ جۆر سیاسەتێک بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرچاو بگرین؟

ئەگەر بمانەوە بۆ بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک ستراتیژی دیاری بکەین دەتوانین بڵێن: ستراتیژیی بزووتنەوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژهەڵات دابینکردنی مافی نەتەوەی کورد و لادانی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. ئەو بزوتنەوەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی خۆی بەربەستێکی لەسەر ڕێگایە، بەربەستەکە کۆماری ئیسلامییە. کە وایە ئێمەی کورد بۆ گەیشتن بە ستراتژی خۆمان ناچارین لە پێشدا کۆماری ئیسلامی بڕوخێنین.

لێرەدا ڕوون دەبێتە کە ستراتیژی ئێمە چییە و گەورەترین بەربەستمان چییە؟ کۆمەڵگەی ئێران لە ئێستادا زیاتر لە هەمیشە لە دەوری شوناسی ئێتنیکیدا کۆ بۆتەوە و بەکورتی دەتوانن بڵێین کۆمەڵگەی ئێران ئێستا بەسەر شوناسی ئێتنیکیدا دابەش بووە؛ واتە تەنیا ژێرخانێک کە دەتوانێ خەڵکانێک لە ئێران لە دەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە شوناسی ئێتنیکییە. بەو پێیە دەتوانین بڵێین ئەو شوناسانە لە ئێراندا هەن و دەتوانین ڕێکخراوەی سیاسی بە دەسەڵات دامەزرێنن:

شوناسێکی ناوەندتەوەر کە شوناسی فارس_شێعەیە، کۆمەڵە شوناسێکی پەڕاوێزخستووە کە بریتین لە تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ و تورکەمەن.

لە نێو شوناسە پەراوێزخراوەکان شوناسی تورک لە ڕاستییدا شوناسێکی لێهاتووتەوەرە و لێهاتووانی تورکیش بەشێک لە خاکی کوردستان بە خاکی ئازەربایجان دەزانن و ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی شوناسی تورک لە زۆر بواردا خۆی لە بەرانبەر شوناسی کوردستانی بووندا پێناسە بکات، کە وایە ئەگەر بمانەوێت واقعبینانە سەیری کۆمەڵگەی ئێران بکەین، هەم شوناسی فارس - شێعە و هەم شوناسی تورک بە جۆرێک خۆیان لە بەرانبەر شوناسی کوردستانی بوون پێناسە دەکەن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە دەبێت درگای دیالۆگ و دانوستان لەو دوو شوناسە دابخەین.

پاش ئەو پێناسە گشتییە دەتوانین بڵێن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چەند تایبەتمەندییان هەیە کە دەبێت لەبەر چاویان بگرین:

**یەکەم**: لە قۆناغی ئێستادا ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتیی شوناسی فارس دەکەن بەدەر لەوەی کۆماریخوازن یان شاخواز، خوازیاری ئەوەن بە لەبەرچاو گرتنی هێندێ ڕێوشوێن پێکهاتەی فارستەوەری یان فارس سەرووەری بهێڵنەوە.

**دووهەم**: زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و خەڵکی ئێران گەیشتوونە ئەو باوەڕەی کە کۆماری ئیسلامی وەکوو سیستمێک دەبێت لادرێ.

**سێهەم**: بۆ لادانی کۆماری ئیسلامی پێویستە هاودەنگییەک لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوکات لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانە ئۆپۆزیسیون، ئێمە وەکوو کورد دەبێت لە چوونە نێو هەر چەشنە هاوپەیمانییەک کە ستراتیژی سەرەکیی بزوتنەوەی کوردستان لەبەر چاو نەبێت، خۆبپارێزین؛ ڕوونە کە مەبەست لە ستراتژی ئەو ستراتیژییە کە لە سەرەوەدا باسی لێکرا.

**کەوایە ئێمە لە دۆخێکی وا ئاوادایین:**

بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی فارس دەیەوێت پێکهاتەی فارس سەروەری کە لە ڕاستییدا بنەمایی هەڵاواردنەکانی کورد و نەتەوەکانیترە پاش گۆرانی ڕیژیم ڕابگرێت، هاوکات ئێمە بەتەنیا یان تەنانەت بە هاوپەیمانی لەگەڵ بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیش ناتوانین هێزێک پێکبێنین کە کۆماری ئیسلامی بڕوخێنێ.

لێرەدا دەبێت بڵێین لە دۆخێکدایین کە ئەگەر هاوپەیمانییەکی بەرین لەگەڵ ئۆپۆزیسیون فارس سازبکەین، ئەو هاوپەیمانییە دەتوانێ لە داهاتوودا ببێتە هۆکارێک بۆ مانەوەی پێکهاتەی فارس‌سەروەری کە ژێرخانی هەڵاواردنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هاوکات سازنەکردنی هاوپەیمانی دەتوانێ دوو مەترسیی پێوە بێت:

**یەکەم**: شانسی مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەباتە سەرێ.
**دووهەم**: ئەگەری ئەوە هەیە بەرەیەک ساز بێت و ئەو بەرەیە وەکوو هەمیشە هەوڵی ئەوە بدات بزووتنەوەی کوردستان پەراوێز بخات.

ئەگەر کۆی قەیرانەکانی پێش دەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ستراتیژیی ئەو بزووتنەوەیە لەبەر چاو بگرین، دەتوانین بۆ ئەوەی مەترسییەکان کەم بکەینەوە و ئەگەری گەیشتن بە ئامانج زیاتر بکەین، گەڵاڵەیەکی پێشنیارکراوی خوارەوە وەکوو بنەمای کاری سیاسی بزوتنەوەی کوردستان دیاری بکەین.

لە کوردستان ناوەندی هاوکاری بەرین بکرێتەوە، لە ئاستی ئێراندا لەسەر دوو بنەمایی هەوڵ بۆ ڕووخانی ڕێژیم و هەوڵ بۆ دەستبەرکردنی مافی نەتەوەی کورد هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێناسە بکرێت و بەو پێیە سێ ئاست بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەدەر لە ئێتنیک داندرێ، ئاستەکان بریتی بن لە:

١- هاوپەیمان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیون دەبێت دوو تایبەتمەندیی هەبێت:

یەکەم: باوەری بە رووخانی کۆماری ئیسلامی بێت.

دووهەم: ستراتیژی سیاسیی ئەوە نەبێت کە پێکهاتەی فارسسەروەر بپارێزێ.

٢- دۆست

لایەنێکە کە لەسەر رووخانی کۆماری ئیسلامی یەکلا بۆتەوە، بەڵام لێی دڵنیا نین کە ستراتیژی فارسسەروەری نییە؛ ئۆپۆزیسیۆنی تورکیش کە گێچەڵی خاک بە کوردستان دەکات لەو بەشەدا دەگونجێ.

٣- هاوکار

لایەنێکە دڵنیاین لە رووخانی کۆماری ئیسلامی یەکلابۆتەوە، بەڵام ئەگەری ئەوەی بیەوێت سیستمی فارسسەروەر بپارێزێ، ئەگەرێکی زۆرە.

بە پێی ئەو دابەشکارییە دەتوانین رایەڵەیەک سازبکەین کە ناوەندی هاوکاری کوردستان لە ناوەندی ئەو رایەڵەیەدا بێت. هاوکات هێندێ هاوپەیمانی وەکوو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرال، شورای دێمۆکراسیخوازان و هاوپەیمانی بۆ ئازادی و بەرانبەری لە ئێراندا بکرێت بەشێک لە گرێکانی ناو ئەو رایەڵەیە، و باقی لایەنەکانیتر کە لە توێی دۆست و هاوکار دادەبن لە رایەڵەکەدا رۆلیان هەیە، بەڵام تەنیا لە پرۆژەی تایبەت و لە قۆناغی تایبەتدا ئەو رۆڵەیان دەدرێتێ واتە بۆ وێنە بۆ خۆپیشاندانێک هاوکارییان دەکرێت یان داوای هاوکارییان لێدەکرێت، یان بۆ رێکخستنی ئەکسیۆنێکی تایبەت لە نێوخۆی ئێران هاوکارییان لەگەڵ دەکرێت.

لە ئاستی سیاسەتی گشتییشدا سیاسەتی ناوەندەکانی نێو ئەو رایەڵەیە دەبێت، ئەوە بێت کە بانگەشە بۆ فکری خۆیان بکەن، نەک دژکردەوە لە بەرانبەر فکری بەرانبەرەکەیان نیشان بدەن.

قازانجی ئەو رایەڵەیە ئەوەیە کە دەتوانین بە شێوەی کاتی لەسەر پرۆژەی رووخانی رێژیم هاوکاری چەند لایەنە بکەین، بەڵام هاوکات جیاوازی ئەو رایەڵەیە لەگەڵ پرۆژەی هاوپەیمانی بە شێوەی کلاسیک ئەوەیە کە لە گەڵاڵەی رایەڵەییدا دەتوانین پێش بەوە بگرین کە لە ناوەندی ئێران هێزێک ببێتە هێزی سەرەکی. ئەوەی لە ناوەندی ئێران هێزێک نەبێتە هێزی سەرەکی ئەگەری پێشگرتن بە پاراستنی سیستمی فارسسەرووەری دەباتە سەرێ و هاوکات پێش بەوە دەگرێت کە لە داهاتوودا هێزێکی سیاسی ژێرخانی نیزامی ئێران بۆ ئامانجی خۆی بەکار بێنێ.

کورتی بابەتەکە ئەوەیە کە گەڵاڵەی رایەڵەی هاوکات دەتوانێ کۆهێزییەک لە دژی کۆماری ئیسلامی کۆ بکاتەوە بەبێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی لایەنێک بتوانێ لەو گەلاڵەیدا ببێتە هێزی سەرەکیی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، ئەوەی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا هێزێکی سەرەکی ساز نەبێت بەستێنی دامەزرانی دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک دەخولقێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی مارچی ٢٠٢٣

---

## سیاسەتی گەلی و نیشتمانتەوەر



**ئەلبورز ڕۆئین تەن**

هەر ڕێکخراوێکی دیاریکراو سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەماکانی جیاواز دیاری دەکات، ئەو بنەمایانە دەکرێ بنەمای ئایدۆلۆژییەکی باو یا بەرژەوەندییەکانی تاک و تاقم یا بەگوێرەی بەرژەوەندی گشتی لەوانە گەل و نیشتمان بێت.

هەڵسەنگاندنی ئەو سیاسەتە و لێکەوتەکانی ئەوەمان بۆ دەر دەخەن کە ئەو سیاسەتە تا چەند توانیویەتی خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات. چونکە هەموو لایەک پێی وایە لەو ڕاستایەدا واتە خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان کار دەکات، بەڵام لێکەوتەکانی سیاسەتن دەری دەخەن کە ئەو بانگەشەیە ڕاستە یا نا. بێگومان لە کۆتاییشدا هەر ئەو هێز و ڕێکخراوانە دەتوانن پێگەی جەماوەریی خۆیان و سەرکەوتنیان بە بەردەوامی مسۆگەر بکەن کە سیاسەتەکانیان لە پێناو گەل و نیشتمان بووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەم ڕێکخراوی مودێرنی کوردی و مێژوویەکی درێژ لە خەباتی سیاسی و ئەزموونێکی زۆر لە بەڕێوەبەری شایەنی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەی هەڵسانگاندنێک بکرێت کە تا چەند سیاسەتەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتی گەل و نیشتمانتەوەریدا جێ دەگرێ، بێگومان لێرەدا ئامانج نەدیتینی کەموکوڕییەکان یا گشتاندنی سیاسەتە ئەرێنییەکان بە سەر هەموو قوناغەکاندا نییە. هەروەها هەڵسەنگاندنی هەموو مێژووی حیزب لە توانای ئەو کورتەنووسینەدا نییە، بەڵام ئەوەی لەو بابەتەدا ئاماژەی دەدرێتێ پەیوەندیدارە بە سێ قوناغی دامەزران، ئاشکرابوونی خەباتی حیزب دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەالنی ئێران و هەروەها هەڵوێستە فەرمییەکانی حیزب لە ئێستادا لە پێناو پێکهینانی ئالتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی.

لە قوناغی دامەزراندنی حیزب کە دامەزراندنی کۆماری کوردستانی لێ کەوتەوە لە هەموو قوناغەکاندا سیاسەتی حیزب لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گەل و نیشتمانتەوەرییە. بۆ نموونە پێشەوا قازی محەممەد ویست و داوای باقرۆف، سەرۆککۆماری ئازەربایجان ڕەت دەکاتەوە کە کۆماری کوردستان بەشێک بێت لە ئازەربایجان. یان دەبینین کە هەموو هەوڵەکان و بڕیارەکانی ئەوکاتی کۆماری کوردستان لە پێناو بوژانەوەی کۆمەڵگەی کوردی و ئازادی کوردستان تا گیانبەختکردنی سەرۆک کۆماری کوردستان لە پێناو پاراستنی خەڵک، لە هەر هەموویاندا سیاسەتی حیزب لەسەر بنەمای پاراستنی گەل و خاکە. هەر ئەوەش وای کردوە کۆماری کوردستان و پێشەوای نەمر لە مێژووی کورددا شوێنێکی وا دەستەبەر بکەن کە نەک فەراموشکردنی ئاسان نەبێت، بگرە تەنانەت هەروا ئیلهامبەخش بمێنێتەوە.

قوناغی دووەم پەیوەندی بە ئاشکراکردنی خەباتی حیزب دوای ماوەیەکی زۆر لە دوای کۆماری کوردستان کە توانیبووی بەردەوامی بە چاالکیی خۆی بدات، هەیە. لە هەلومەرجێکدا لە دونیای گەرمی سیاسەتی ئەوکات بەئاشکرا و نهینی کاراکتەرەکانی سیاسەت سەر بەم جەمسەر و ئەو جەمسەر یا سەر بەم ئایدۆلۆژیایە و ئایدۆلۆژیایەکی دژ بوون، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە دیدارێکی مێژوویی سەدان هەزار کەسیی خەڵک کە لە هەموو کوردستانەوە هاتبوونە مەهاباد، بەئاشکرا گوت کورد بۆ خۆی چارەنووسی خۆیا دیاری دەکات و موسکۆ، واشینگتۆن، تاران یا بەغدا بڕیار لە چارەنووسی کورد نادەن. ئەو وێژمانە بۆ چەپەکان تابو بوو کە باسی مۆسکو بکرێ، هەروەها بۆ ئەوانەی خۆیان بە ناوەند دەبەستەوە، بەڵام بۆ هێزێکی گەورەی خەڵکی وەک حیزبی دێموکرات زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە پێویستە سیاسەت لەپێناو ئەوەی کورد بۆ خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات بکرێ.

لە قوناغی ئێستاشدا کە دەبینین دوای شۆڕشی ژن ژیان ئازادی کە کورد بۆ هەڵگیرسان و پەرەسەندنەکەی تێچوویەکی یەکجار زۆری داوە و، هەندێ هێز و لایەن بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ بەر لە هەر بابەتێک بە بیانووی جیاواز کورد و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ویستە ڕەواکانی پەراوێز بخەن؛ ڕێک لەو کاتەدا بەرپرسی یەکەمی حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا

هاوپەیمانی لەگەڵ الیەنێک کە پڕوپاگەندەی زۆری بۆ دەکرێ بە هۆی ڕەچاونەکردنی مافەکانی کورد ڕەت دەکاتەوە. ئەو بڕیارەش پێش هەمووان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە و دواتر لە لایەن هەر ئازادیخوازێک بەگەرمی پێشوازیی لێ دەکرێت. بەوەش جارێکی دیکە و نزیکەی هەشت دەیە دوای دامەزران و چوار دەیە پاش ئەوەی خەباتی خۆی بەئاشکرا ڕاگەیاندوە، هەر بەدوای ئەوەدا دەڕوات کە تەسلیمی پڕوپاگەندە نەبێت، بەڵکوو لە پێناو ویستەکانی گەلدا سیاست بکات و ئامانجی سەرەکی هەر نیشتمان بێت.

سیاسەتی گەلی و نیشتمانتەوەر دەتوانێ پێگەی تاک و ڕێکخراو بەهێز و بەهێزتر بکات و هیوای گەیشتن بە ئازادی نەتەوە و خاک مسۆگەر بکات، سیاسەتی گەل و نیشتمانتەوەر دەخوازێ کە کورد لەسەر مافەکانی ویستە ڕەواکانی پێداگر بێت، لە ڕوانگەیەکی واقیعگەرایانە بڕوانەتە بابەتەکان بە دوای بەرژەوەندیی کورتماوە نەبێت و لە هەمووشی گرینگتر بۆ کورد بە لە بەرچاو گرتنی مێژووە خوێناوییەکەی و نیشتمانە بندەستەکەی فریو نەخوات و ئازایانە بەرگری لە گەل و نیشتمان لە هەموو ئاستەکان و دەرفەتەکاندا بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەو جۆرەی گەل دەیهەوێ




تاهیر قاسمی

بەدەر لەوە کە لە ئێران ڕۆژانە چەندە خەڵک لەسەر شەقامن، چ دروشمێک دەڵێنەوە یان تا چەند دەکەونە بەر هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگەی ئێران لە حاڵی شۆڕش و گۆڕانکاریی قووڵ و بنەڕەتی‌دایە. ئەوە بابەتێکە زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لەسەری کۆکن. لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا خەڵکی ئێران بە هەموو لایەکیان پێشان دا کە ئەم ڕێژیمە چیدی لەنێو خەڵکی ئێراندا جێگای نەماوە.

ڕوون نییە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە چەندە دەکێشێ و چ قۆناغگەلێک تێپەڕ دەکا. ڕێژیمێک کە وەک ئۆختاپووس پەلی بۆ زۆر شوێن هاویشتووە و چل ساڵە خۆی بۆ نەڕووخان تەیار دەکا، سروشتییە بەئاسانی دەست لە دەسەڵات بەرنادا. لەم چل و چەند ساڵەدا ڕێژیم بە کەلکوەرگرتن لە هەستی ئایینی و بەو پووڵە زۆرەی ساڵانە لە فرۆشی نەوتی ئێران دەستی دەکەوێ، هەم لەباری چەکوچۆڵ و ئامرازەکانی سەرکوت خۆی یەکجار بەهێز کردووە و هەم پەلی بۆ زۆر شوێنیان هاویشتووە و لە زۆر وڵاتان چنگی گیر کردووە. بەڵام بە هەموو ئەو هەڵسووکەوتانەی بەرامبەر بە خەڵک و لە شێوەی ئیدارەکردنی وڵاتدا دەردەکەوێ، ڕوونە کە ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە لە هەمووان زیاتر دەزانن کە ئیدی جێگایان لەنێو خەڵکدا نەماوە. جا ئەوە کە چەند مانگ یان چەند ساڵی دیکە دەتوانن خۆ ڕابگرن و بمێننەوە، لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ڕۆیشتن و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕووخانی مسۆگەرە.

لەم نێوەدا ئەوەی کەڵکەڵەی خەڵک بە تایبەت نەتەوە و ڕەگەز و ئایینە هەرە ستەملێکراوەکانە، ئەوەیە کە بە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە کێ جێی دەگرێتەوە و داهاتووی مافەکانی ئەوان لە ڕێژیمی داهاتوودا چۆن دەبێ؟ لەم نێوەشدا بە پێی ماوەی خەبات و ڕادەی قوربانیدان، خەم و نیگەرانییەکانی گەلی کورد لە سەرەوەی نیگەرانییەکانی زۆربەی گەلان و ستەملێکراوەکانی دیکەیە. نەتەوەیەک کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، لەسەر ماف و ئازادییەکانی خۆی درێژەی بەو خەباتە دا کە تا ئەوەدەم زیاتر لە نیو سەدە بوو دژ بە ڕێژیمی تازەڕووخاو لەئارادا بوو. لەسەر بنەمای ئەم پێشینەی خەباتە، کورد لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، زیاترین حزووری لەسەر شەقامەکان هەبووە، زیاترین مانگرتنی گشتی بەڕێوە بردووە و زیاترین تێچووی گیانی و دارایی پێشکەش بەو سەرهەڵدانە کردووە. لە دەرەوەی وڵاتیش کوردان بە شێوەی بەردەوام لە زۆربەی پێتەخت و شارە گرینگەکانی جیهان بە دەیان جار خۆپێشاندان و کۆبوونەوەیان دژ بە ڕێژیم و بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی نێوخۆ ڕێک خستووە و لەهەر خۆپێشاندان و گردبوونەوەیەکی ئێرانییەکاندا بە بەرچاوترین شێوە و زیاترین ڕێژە ئاڵا و هێما نەتەوەییەکانیان شەکاندووەتەوە.

لەگەڵ درێژەکێشانی شۆڕش و چالاکیی گەل لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و لەگەڵ ئەو هەموو فیداکاری و گیانبازییە، ئەوەی کە دەبێ بەرهەمی ئەو ڕەنج و قوربانیدانە بە دروستترین و باشترین شێوە، بە قازانجی پێشخستنی چارەسەری پرسی ئەم نەتەوەیە بچنێتەوە، حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن. بەشی زۆری ئەو چالاکی و فیداکارییانەی خەڵک لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا کردیان، لەسەر بانگەواز و بە پێی ڕێنماییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بوو. ئەوان لەسەر بانگەوازی ناوەند، هاتنەسەر شەقام، دووکان و بازاڕیان داخست، بریندار بوون، بێڕێزییان پێ کرا و خوێنیان دا.

ڕەنگە زۆریان هەر بۆیان گرینگ نەبێ کە ناوەند هەموو حیزبەکانی کوردستانی دەخۆ نەگرتووە. ئەوەی بۆ ئەوان گرینگ بووە و گرینگە یەکگرتوویی نێوماڵی کوردە. هەمان یەکگرتوویی کە ئەوان لەسەر شەقام و بازاڕ و لە چلەی شەهیدەکاندا نواندیان، ئێستا چاوەڕوانن حیزبەکانی ناوەند و دەرەوەی ناوەندیش بە هەمان یەکگرتووییەوە دەست بە چنینەوەی بەرهەمی خەبات بکەن. چاوەڕوانن ئەگەر بەرەیەکی ئێرانی دێتە ئاراوە، حیزبەکان بە یەکەوە بڕیار لەسەر پەیوەست بوون و نەبوون بدەن. نایانهەوێ کەسێک یان لایەنێک خۆی لە ناوەند و لە حیزبەکانی دیکە و سەرەنجام لە نەتەوەکەی و خواستەکانی هەڵبڕێ و لەگەڵ ئەملایەن و ئەولایەن سات و سەودا بە خوێن و قوربانیدانی ئەوانەوە بکا. بە تایبەت ڕێککەوتن لەسەر نێوەرۆکێکی لاواز لەگەڵ هێزێک کە هیچ باوەڕی بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نییە و لەم بارەوە مێژوویەکی ڕەشی لەخۆی تۆمار کردووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"کورد تا دەوڵەتی نەبێ بەشی هەر کوشتن ئەبێ" دروشمێک نەبوو کە بەشدارانی ناشتنی ژینا تەنیا لە ڕۆژی ۲۶ی خەرمانانیاندا بە زەینیاندا هاتبێ و پێشتر بیریان لێ نەکردبێتەوە. ئەمە کەمترین خواستێکە کە گەل هەیەتی. ئەوە کە کوردی ڕۆژهەڵاتیش خاوەن دەوڵەت و ئیدارەی خۆی بێ و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆیەوە بێ.

پرسێکی دیکە کە گرینگیی زۆری هەیە، پێشگرتن لە کۆبوونەوەی دووبارەی دەسەڵات لە ناوەند و دوورکەوتنەوەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ژیاندنەوە و بەهێزکردنی ئەو ڕەوت و لایەنانەیە کە گەرەکیانە درێژە بە سووڕانەوەی دەوری بەتاڵی شا بە شێخ و شێخ بە شا بدەن. ئەوە بە تایبەت ڕووی لە سەڵتەنەت تەڵەبەکانە کە ڕەوتی هەرە سەرەکیی ناوەندگەرایی و سەمبولی شۆڤێنیزمی ئێرانین و کارنامەیەکی ڕەشیان لە سەرکوتی کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا هەیە. هەر جۆرە نیزیکبوونەوە و ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەو ڕەوتە، مەشرووعییەتدان بە گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرە کە لە شۆڕشی ۱۳۵۷ی هەتاویدا لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە لە گۆڕەپانی سیاسی دەرکرا و لە ڕاستیدا ژیاندنەوەی دیکتاتۆرێکی مردوویە بۆ جێگای دیکتاتۆرێک کە لەسەرەمەرگدایە. هەمان هەڵە کە شێرکۆ بێکەسی نەمر دوو دەیە لەوەپێش بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستانی گوت؛

من خۆم بووم خۆم
سێدارە هەڵوەشاوەکەم
سەر لە نوێ دروست کردەوە و
بە شانی خۆم هێنامەوە
بەر دەم بەغدا
من، خۆم بووم خۆم
ماری سڕبووی ئەم عێراقەم
سەر لە نوێ گەرم کردەوە
تا پێوەم با

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ۲۰ی ڕەشەمەی ۱۴۰۱ی هەتاوی = ۱۱ی مارچی ۲۰۲۳



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لێ دەدا و هاواریش دەکات




**عەلی بداغی**

پـڕۆژەی دەرمانـداوکردنی قوتابییـانی کـچ لە خوێنـدنگەکانی ئێـران وەک تـاوان و جینـایەتی دژی مرۆڤـایەتی قۆنـاغی حاشـاکردنی تێپەڕانـدووە و ئێسـتا دەبـێ چـاوەڕوان بـین بـزانین ناوەنـدە ئەمنییەتییەکـان لە تەنیشـت ڕاکـردن لە بەرپرسایەتیی جینایەتەکانیان دەستی چەوری خۆیان بە کێ دەسڕن و بڕیارە کێ ببێتە قوربانیی سیناریۆی نویی ڕێژیم بۆ کپکردنی شۆڕش و لەباربردنی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک.

دوای ئەوەی لە مـاوەی پتـر لە سێ مانگـدا زیـاتر لە ٥ هەزار قوتـابیی زیـاتر لە ٢٣٠ قوتابخـانەی ٢٥ پاریزگـای وڵاتـدا ژەهرخواردوو کران، و پاش ئەوەی بەردەوامیی هێرشەکان و سیاسەتی دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەو بـابەتە لەلایەن بەرپرسـانی حکـوومەتییەوە قەیرانێکـی ئەمنییەتیـی دیـکەی بـۆ خەڵـک دروست کـرد و، لەسۆنگەی ئەوە کە بیـروڕای گشـتی بە زۆر هـۆ بەرپرسایەتیی ئەو جینایەتانەیان خستە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی؛ دواجـار خـامنەییش وەدەنـگ هـات. ڕێبـەری ڕێـژیم ڕۆژی ١٥ی ڕەشەممە وێڕای دانـان بەوە کە بابەتی ژارخواردووکردنەکان لە ئێستادا بـابەتێکی ڕۆژەڤی هەستیاری کۆمەڵگەیە، ئەو کارەی بە "جینایەت"ێکی گەورە نـاو بـرد و گـوتی کە نـابێ لە "بکەران"ی خۆش ببن. بەڵام حەوتـوویەکیش دوای دژکـردەوەی خامنەیی هێشتا ناوەندە ئەمنییەتی و پۆلیس و دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی ڕوونیان نەکردۆتەوە کە کێ لە پشتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جینایەتی گۆرینە و بکەران و بڕیادەرانیشی کێن؟

لە تازەترین کاردانەوەکاندا ٣٢٦ کەس لە مامۆستایانی زانکۆکانی وڵات هێرشە شیمیاییەکانیان بە کارەسات شوبهاندووە و لە پەیامێکدا ڕوو بە کاربەدەستانی حکوومەت و بەرپرسانی ناوەندە ئەمنییەتییەکان گوتوویانە جێی شەرمە بۆ حکوومەتێک کە ئیدیعاکانی لەمەڕ پاراستنی ئەمنییەتی خەڵک لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکانی وڵات گوێی دنیای کەڕ کردووە، ئاوا لەهەمبەر ئەو قەیرانەدا دەستەوەستان ماوەتەوە؛ هاوکات پووشبەسەرکردنی ئەو جینایەتانەش هیچ مانایەکی دیکە جگە لە هاودەستی و هاوڕایی لەگەڵ ئەو جینایەتانە بەدەستەوە نادات.

هەروەها کۆمەڵێک لە پزیشک و پیراپزشیک و چالاکانی بەشی دەرمانیی وڵاتیش لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی نیزام پزیشکی لەگەڵ دانە بەر ڕەخنەی پرسی ئەمنییەتی گیانیی منداڵان بەتایبەت قوتابییانی کچ، ئەو پرسیارە بەرجەستە دەکا بۆ مەگەر ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتیی نیزام پزیشکی، بێهداشت و دەرمان و پزیشکی دادی وڵات نییە هەتا هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو هێرشانە بدۆزنەوە؟ لە بەشێکی دیکە ئەو نامەیەدا ئەو پرسیارەش کراوە کە ئاخۆ ناوەندە بەرپرسیارە پزیشکی و دەرمانییەکانی وڵات پێیان وانییە ئەو هێرشە ژەهراوییانە بۆ سەر خوێندنگەکان، سبەی و لە دواڕۆژی نیزیک بە شێوازی نوێتر و ئاڵۆزتر بکرێتە سەر بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەش؟

ئاکامگیریی چاودێرانی سیاسیش ئەوەیە ئەگەر سەرەتا وا وێدەچوو ئەو هێرشانە لەلایەن گرووپە توندئاژۆیە ئایینییەکانەوە کە دژی خوێندن و چالاکیی کچان و ژنان لە کۆمەڵگەدان ڕێک خراون، بەڵام دوای بێدەنگی و دەست لەسەر دەستدانانی مەجلیس و دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئیدی روون و ئاشکرایە کە ئاستێکی بەرفراوانتری دەسەڵات بە بڕیاری کەسانی هەرە سەرووی ڕێژیم و بە پشتیوانیی زۆربەی ئۆرگانە حکوومەتییەکان لە پشتی ئەو ڕووداوگەلەن. ئەگینا چۆن دەکرێ کەسانێک بێ هیچ ڕێگرییەک دەستیان بە کەرەستە خاوەکانی ئەو جۆرە ژارانە کە دوورە لە دەستی کەس و لایەنە ئاساییەکان ڕابگا و لە زیاتر لە ٢٠ پارێزگادا بتوانن هێرش بکەنە سەر قوتابخانەکان و منداڵان ژارخواردوو بکەن و پاش سێ مانگیش هێشتا هیچ ناوەندێکی حکوومەتی کارێکی بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و دەسبەسەرکردنی بکەرانی ئەو جینایەتانە نەکردبێ؟ یان چۆنە لەسۆنگەی دروشمدان و لەچکفڕێدانی چەند کچە قوتابییەک ناوەندە ئەمنییەتی و سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم مەغولئاسا دەڕژێنە نێو خوێندنگەکان، بەڵام لە کاتی ئاوادا هەموو قڕوقەپ لە دوورەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن؟

لەو بارودۆخەدا بابەتێکی دی مێدیاکانی ئێران لەسەری دەڕۆن، دانانی کۆمیتەیەکی بەدواداچوونی ڕاستییەکانە. بەڵام کاتێک لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە ناوەندە ڕەسمییەکان قەت لەگەڵ خەڵک ڕاست نەبوون و درۆ و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەواشەکاریی سیستماتیک تانوپۆی تەواوەتیی ڕێژیمی تەنیوە و کۆمەڵگەی مەدەنییش بۆ بەدواداچوونی ڕاستییەکانی لەو چەشنە کەمترین دەرەتانی بزواوتنیان نییە؛ هەمووان دەزانن نە نهێنیی ڕاستەقینەی لەو جۆرە ئاشکرا دەبن و نە خەڵک متمانە بە ڕاپۆرتی هەر کۆمیسیۆن و ناوەندێکی بەدواداچوون دەکەن کە لەلایەن حکوومەتەوە دەستنیشان کرابێت. مەگەر ئەوەی گرووپێک لە کارناسان و پزیشکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، نوێنەرانی ئەنجوومەنی دایکان و باوکان بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەک خاچی سوور و یونیسێف بیانەوێ کاری لەسەر بکەن کە بەپێی ناسینێک کە هەمووان لە کۆماری ئیسلامیمان هەیە؛ وەها قەرارێک شتێکی مەحاڵە.

هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە ئامانجی یەکەم و قوربانییانی سەرەکیی ئەو هێرشانە یەک لە کۆڵەکەکانی شۆڕشی سەرانسەری ئێستای ئێرانن، کەمتەرخەمی، بیانووهێنانەوە و قسە دژبەیەکەکانی کاربەدەستان هەر زۆر زوو بیروڕای گشتیی ئێرانی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە ڕێژیم خۆی هۆکاری ئەو دۆخە و بکەری ئەو جینایەتانەیە کە لە ئێستای ئێراندا ڕوو دەدەن. ئەوەش واتای پەڵەیەکی دی لە تیرۆریزمی دەوڵەتی بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوەیە. ئەوەش دەخوازێ کە کۆمەڵگەی جیهانی بەپێی "کۆنڤانسیۆنی پێشگرتن بە کوشتار" لەهەمبەر پاراستنی گیانی ئەو خەڵکەی لەلایەن حکوومەتێکەوە مەترسیی گیانییان لەسەرە؛ هەنگاوی بەکردەوە هەڵێنن. چونکی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان سەروەریی دەوڵەتەکان تەنیا بۆ بەگژداچوونەوەی هێرشە دەرەکییەکان نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەمنییەت و ژیانی خەڵکەکەی خۆیانە. بۆیە هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاتێک نەیهەوێ یان نەتوانێ لەپێناو پاراستنی ژیان و ئەمنییەتی خەڵکەکەی خۆیدا تێبکۆشێ یان تەنانەت بۆخۆی دەرحەق بە خەڵکی وڵاتەکەی جینایەت دەکات، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە تەواوەتیی خۆیدا ئەرکی سەرشانیەتی کە خەڵکی ئەو وڵاتە بپارێزێت.

لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی هەموو بەڵگەکان دەتوانین بڵێین ئەوەی کۆماری ئیسلامیی لەو پیلانەدا دەرحەق بە بەشێک لە خەڵکی وڵاتی دەکات جینایەت دژی مرۆڤایەتییە، کە بەپێی مادەی حەوتی ئەساسنامەی ڕۆم بریتییە لە هەر هێرشێک کە لە ئاستێکی بەربڵاو و سیستماتیکدا سێرەی لە کەسانی مەدەنییان گرتبێ و بکەرانی کوشتارەکە بزانن کە خەڵکی سڤیلیان بەئامانج گرتووە. ڕێک وەک ئەو هێرشانەی لەو ماوەیەدا لە تەنیشت کوێرکردنی خەڵکی ناڕازی و کوشتنی کەوکوژیی خۆپێشاندەران و لە ئێستادا دەرمانداوکردنی کچان لەلایەن ڕێژیمەوە دەکرێتە سەر خەڵکی وڵات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ١١ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شلێر باپیری: دیدارەکە مەبەستی بوو کە بتوانێ لایەنە جیاوازە سیاسییەکان لەگەڵ ئێلیتەکان کۆبکاتەوە و شرۆڤەی جیاواز لە شۆرشی ژینا بهێنێتە بەرباس




**قەندیل‌پرێس**

**قەندیل‌پرێس**: سڵاو و رێز بەرێز شلێر، سپاستان دەکەین ئەم وتووێژەتان لەگەڵ قەندیل‌پرێس قەبووڵ فەرموو، وەکوو پرسیاری یەکەم، ئامانج لە بەرێوەچوونی دیداری ژینا و ژیانەوە چی بوو؟ ئایا ئەم دیدارە بە ئامانجەکەی گەییشت؟

**شلێر باپیری**: سڵاو لە ئێوە و خوێنەرانتان. ئامانج لە بەرێوەچوونی باسکردن لە شۆرشی ژینا، دەستکەوت و هەروەها خەسارناسیەکان .هاوکات باسە جیاواز و بۆچوونە جیاوازەکانی حیزب و هەروەها ئێلیتی کوردی لە چوارچێوەی دیدارێکدا. ئەوەی کە دیدارەکە مەبەستی بوو کە بتوانێ لایەنە جیاوازە سیاسییەکان لەگەڵ ئێلیتەکان کۆبکاتەوە و شرۆڤەی جیاواز لە شۆرشی ژینا بهێنێتە بەرباس، بەڵێ بە ئەنجام گەیشت.

**قەندیل‌پرێس**: تکایە لەسەر ناوەرۆکی دیداری ژینا و ژیانەوە بە کورتی بۆمان بفرمن؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**شلێر باپیری:** هەروەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا وەڵامم داوەتەوە، نێوەرۆکەکەی ئانالیز، خەسارناسی و هەروەها هێنانە بەرباسی باسی جیاواز لە پێوەند بە ئێستای دۆخی ئێران و بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

**قەندیل پرێس:** یەکێک لە ڕەخنەکان کە لەم دیدارە گیرا، ئەمەیە کە بۆ حیزبەکانی‌تر وەک پژاک، کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران)، پاک، خەبات و... بانگهێشت نەکرابوون، ڕای ئێوە لەم بارەوە چییە؟

**شلێر باپیری:** ڕەنگبێ وەڵامی ئەو پرسیارە لەلای ڕێکخراوی جیهانی کورد بێ کە ئەرکی ئەم دیدارەی وەئەستۆ گرتبوو و بەڕێوەیان برد. هەرلێرەوەش ماندوونەبونی بە هەمویان دەڵێم. بەڵام بەپێی وەلامی بەڕێوەبەرانی دیدارەکە هەموو حیزبەکان بانگهێشت کرابوون و ئەوەی کە بەشدارنەبوبن، دەبێ پرسیارەکە لەوان بکرێت.

**قەندیل پرێس:** وەکوو پرسیاری کۆتایی، بە ڕای ئێوە پەیامی دیداری ژینا و ژیانەوە بۆ ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرای ئێرانی چییە؟

**شلێر باپیری:** مەبەست لە دیدارەکە پەیام بۆ ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرا نەبوو. پەیامی دیدارەکە هێنانەگۆڕی باس و شرۆڤە جیاوازەکان لە چوارچێوەی دیدارێکی کوردی بەبەشداری لایەن و ئەکادیمیسیەکانی کورد بوو.

سەرچاوە دیواری فەیسبووکی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## عومەر ئیلخانیزادە: ئێمە لە کولییەتدا کوتومانە کە ئێرانێکی فیدڕاڵ، سکولار و کۆماریمان دەوێ




**قەندیل پرێس**

عومەر ئیلخانیزادە، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، دەڵێت: "دەبێ ئێمە لە کوردستان یەکگرتوتر، یەکگوتارتر بین لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دەسەڵاتێکی لامەرکەزی کە دەسەڵات تێیدا دابەشکرابێ و هەڵاواردنی نەتەوەیی، فەرهەنگی، جینسی و... تێیدا دووپات نەبێتەوە، لە هەوڵ و دیالۆگ دابین و دونیای دەرەوەش قەناعەت پێبێنین کە پشتیوانمان بن".

**قەندیل پرێس**: سڵاو و رێز کاک عومەر، زۆر سپاستان دەکەین کە ئەم وتووێژەتان لەگەڵ قەندیلپرێس قەبووڵ فەرموو، وەکوو پرسیاری یەکەم، زیاتر لە پێنج مانگە سەرهەڵدانەکان لە ئێران دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەستپێیکردووە، چاودێران ئەم سەرهەڵدانە بە شۆڕش پێناسە دەکەن، بە ڕای جەنابتان ئەم شۆڕشە ئێستا لە چ قۆناغێکە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: سپاس بۆ قەندیل پرێس کە ئەو دەرفەتەی خوڵقاند. ئێستا نزیکەی ٦ مانگ بەسەر ئاخێزی جەماوەرییدا تێپەڕ دەبێ. دەزانین کە ئاخێزگەی ئەو شۆڕشە کوردستان بوو، بەڵێ پێموایە بە شۆڕش پێناسەی بکرێ. شۆڕشێکی بەرینی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فیکرییە کە بناماکانی لە مێژە لە بزوتنەوەی کوردستاندا هەیە و تا هاتووە



https://serchawe.com

گەشەی ئەستاندووە و هەموو ئێرانیشی گرتۆتەوە و لەگەڵ مەیل و ڕەوتی مۆدێرنیتە لە ئێرانیش یەکانگیرە و بوو بە پشتیوان و بزوێنەری ڕەوتی نارەزایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەنگخواردوو لە ئێران. بۆ بە شۆڕش پێناسە دەکرێ؟ دەزانن کە لە ٤٤ ساڵ لەوەپێشەوە کورردستان دەنگی نەدا بە کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان سیستەمی مەزهەبی زاڵ نەبوو، پلۆرالیسمی سیاسی بەڕێوە دەچوو، ئازادی ژن و ئازادی مەزهەب هەبوو. لە ڕاستیدا کوردستان یەکەیەکی سیاسی بوو کە مۆدێرنیسم لە بەرانبەر دەسەلاتی مەزهەبیدا سەریهەڵداو، بە چەشنێک بوو بە ئاڵترناتیوی سیاسی لە بەرابەر کۆماری ئیسلامی و هەر ئەوەش هۆکار بوو بۆ هێرشی نیزامی و فتوای جیهادی خومەینی دژ بە کوردستان. ڕاستە کوردستان بە هێزی نیزامی میلیتاریزە کرا، بەڵام قەت هیچ لایەنێکی ئەو ڕژێمە، بە ئیسلاحخوازانیشەوە نەیانتوانی جەماوەری کورد لە ویستەکانیان پاشگەز بکەنەوە و ئیلیتی کوردستان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. دەتوانم بڵێم کوردستان لە بەربەرەکانێی سوننەت و مۆدێرنیتەدا چۆکی بۆ مەزهەب و نەریتی کۆن و دواکەوتوو دانەدا. لە لایەکی دیکەوە خەڵکی ئێران لە حکومەتی مەزهەبی نەک خێروخۆشییان نەدی، بە پێچەوانە لە ژێر سایەیدا ماڵوێران و بێ دەرەتان و دواکەوتوو مانەوە و ژانن ببوونە کۆیلە و ئابوری ئێران داڕما و لە دونیادا تەریک کەوتەوە، کەلەبەری چینایەتی بە چەند قات گەورەتر بوو، فەسادی ئیداری و ماڵی بە دەست باندە مافیایی و مەزهەبییەکانی ناو دەسەڵاتەوە بێدادی دەکرد و دەیکات. هەموو ئەو ڕاستیانە و گۆڕانی بیروڕای خەڵکی ئێران دژ بە ڕژێم لە لایەک و هەستانەوە و بوژانەوەی کوردستان لە باری سیاسی و یەکگرتوویەک کە تێیدا پێکهاتبوو لە کوشتنی ژینا(مەهسا)وە لە شاری سەقزەوە چەخماخەی لێدا و ئەو بزوتنەوەیە باڵای کرد و سنورەکانی کوردستانی تێپەڕاند و لەگەڵ گۆڕانەکانی دیکەی شوێنەکانی ئێرانیش یەکانگیر و جوت بوو و تەنانەت پشتیوانییەکی بێ وێنەی نێونەتەوەیی وەدەست هێنا. ئەو بزوتنەوە بۆیە بۆتە شۆڕش چونکە خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتییە لە دەسەڵات، فەرهەنگ، کولتور و پێوەندی خەڵکان و گروپەکانی ناو کۆمەڵگا پێکەوە، لە ڕاستیدا هەڵگری ڕێنسانسێکی گەورەیە لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگ و ژیان و شۆڕش لە ڕاستیدا هەر ڕاپەڕین نییە، گۆڕانی بنەما و یاساکانی کۆمەڵگایە، شۆڕشی ژینا دەیهەوێ و ئەرکی ئەوەیە کە مۆدێرنیتە بەسەر سوننەت و نەریتدا زاڵ بکات. بێ ئەولالا دەتوانین بڵێین فەرهەنگی خەڵکی کوردستان و هەموو کۆمەڵگای ئێران لە ناخی تاکەکانیشدا ئاڵوگۆڕی گەورەی بەرەو نوێخوازی و پێشکەوتن تێدا پێکهاتووە. بۆیەشە بەردەوام دەبێ و جیایە لە هەموو نارەزایەتی و ئیعتیرازاتەی پێشوتر.

**قەندیل پرێس:** ماوەیەکە خۆپیشاندانەکان لە شەقامەکان کز بووە، هۆکاری ئەم کز بوونە چی دەزانن و ڕێگای دووبارە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان چییە و چ سیاسەتگەلێک بۆ بەهێزترکردنی ئەم شۆڕشە پێویستە جێبەجێ بکرێت؟

**عومەر ئیلخانیزادە:** لاموایە هێوربوونەوەی ئیعتیرازات و کەم بوونەوەی خۆپیشاندان لە شەقامەکان چەند هۆکاری هەیە:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قۆناغەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەو ٦ مانگەدا خەڵک توانیان ویستی خۆیان بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی بە گوێی جیهان بگەیەنن، یەکگرتویەکی بەرینیان نواند، هەموو خەڵکی ئێران و چالاکوانان لە دەرەوە و ناوەوە یەکدەنگ بوون و هەر ئێستاش چالاکییەکانی دەرەوەی وڵات بەردەوامە، ژنان و جیلی نوێ ڕۆڵی خۆیان تەسبیت کرد. هەموو ئەوانە بەشێکی بەرچاو لە دەسکەوتی ئەو دەورەیەن و بەم جۆرە قۆناغی یەکەم بە سەرکەوتوویی پەیامی خۆی گەیاند و فەرهەنگی دروست کرد.

دیارە لەو قۆناغەدا ڕژیم ئەوپەڕی سەرکوتی بەکار هێنا و تێچوێکی سیاسی و مادی یەکجار زۆری کەوتە سەرشان. لە هەمان کاتدا جەماوەر پێویستی بە ڕێکخستن بۆ قۆناغی دواتر هەیە، ئەوەش بە بێ لانیکەمی یەکگرتوویەک لە نێو ئۆپۆزیسیۆن ناکرێ، هەروەها پێویستە پشتیوانیەکی کردەیی وڵاتانی دەرەوە و خەڵکی جیهان وەدەست بێ کە دەبینین لەو بوارانەدا چالاکی بەرچاو هەیە.

هەروەها با ئەوەش بڵێم ئەو شۆڕشە باری گەورەی لەسەر شانە لە ناوچەکەدا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بەرێوەبەرانی شەڕی مان و نەمان دەکەن و نەریت ئاخر تەقەلاکانی خۆی بۆ مانەوە بە توندی دەکات. بۆیە لەو بڕوایەدام ئەو شۆڕشە بە گوڕوتینی زۆرتر، ڕێکخراوتر، بەرینتر و بە دروشمی گشتگیرتر، ئاڵترناتیوی ڕوونتر و پشتیوانیەکی جیهانی زۆرترەوە دێتەوە مەیدان.

بۆ ئەو مەبەستە هەم دەبێ ئێمە لە کوردستان یەکگرتوتر، یەکگوتارتر بین لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دەسەڵاتێکی لامەرکەزی کە دەسەڵات تێیدا دابەشکرابێ و هەلاواردنی نەتەوەیی، فەرهەنگی، جینسی و... تێیدا دووپات نەبێتەوە، لە هەوڵ و دیالۆگ دابین و دونیای دەرەوەش قەناعەت پێبێنین کە پشتیوانمان بن. کوردستان دەوری گەورەی دەتوانێ هەبێ بۆ پێکهاتنی یەکگرتوویی بەرفراوان لەودیوی سنوری ئیدئۆلۆژیک بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە. هەروەک چۆن لە شکان و پاشەکشەی بەرینی شۆڕشەکەشدا کوردستان زۆرترین سەرکوت و ئازار و زیانی بەر دەکەوێ. کۆماری ئیسلامی کوردستان بە مارک و بزوێنەری شۆڕشەکە دەزانێ.

**قەندیل پرێس: یەکێک لە ڕۆژەڤەکانی ئەمڕۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی پێوەندی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانییە بە تایبەت ناوەندگەراکان وەکوو شەورای مودیریەتی گۆزار و سەڵتەنەت تەڵەبەکان بە تایبەتی ڕەزای پەهلەوی، ئێستا ئەم پێوەندییە لە چ ئاستێکدایە و ئەو خاڵانە کامانەن کە ناوەندی هاوکاری لە دانووستاندنەکاندا بە هێڵی سووری خۆی پێناسەی کردوون؟**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**عومەر ئیلخانیزادە:** لە ڕاستیدا ئێمە هەوڵمان ئەوە بووە کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاستەوخۆ ڕوو لە ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی ئێران جیا لە داخوازییەکانی کورد، بڵێ کە بۆ چ جۆر ئێرانکی داهاتوو کار دەکات. جیا لە پرسی کورد لە ڕەهەندی دێمۆکراسی و دەسەڵاتی داهاتوی ئێران خۆی بە خاوەن بکات. دیارە پێشوتریش ئێمە لە کولییەتدا کوتومانە کە ئێرانێکی فیدراڵ، سکولار و کۆماریمان دەوێ کە تێیدا کۆبوونەوەی هەموو دەسەڵات لە ناوەند نەبێ و دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان گەلان و پێکهاتەکانی ئێران وەدی بێت. لەو دەورەشدا ناوەندی هاوکاری هەر بەو ئەساسە دەڕوانێتە داهاتوی ئێران و بۆ ئێرانێکی دێموکرات و ئاڵترناتیوێکی دێمۆکراتیک و نا ناوەندگەرا، هەوڵ دەدات و لەو بارەشەوە گەلاڵەمان هەیە و لەگەڵ باقی ئێرانییەکان کاری لەسەر دەکەین و دەتوانم بڵێم هاوڕاین لە ناوەندا کە شەڕی بنەماکانی دەسەڵاتێکی ناپاوانخوازو سکولار بکەین کە هیچ پۆست و دەسەڵاتێکی بانتر لە نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵک نەبێ و پارلمان بانترین دەسەڵات بێ کە دەوڵەت و ئۆرگانە ئیجراییەکان هەڵدەبژێرێ و لێپرسینەوەیان لێدەکات. بۆ ئێمە هەرکەس و لایەنێک لەو پرسە نزیک بێ و هەر پلاتفۆرمێک کە مەودا بدات مافی نەتەوەکان و ئێتنیک بسەلمێنێ و دیالۆگی لەسەر بکات، دەکرێ هاوکاری و هاوئاهەنگیمان بێ لەگەڵی بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی. کورد نابێ خۆی تووشی کێشەی ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکات، بەڵکوو لەسەر بنەماکانی دێمۆکراسی و بەرژەوەندی خۆی پێداگر بێ. بۆیە ئێمە قسە و کێشە لەسەر سیستمی دەسەڵات دەکەین نەک فەرد و لایەن. لەو بڕوایەدام ئەوە باشترین و گونجاوترین سیاسەتە بۆ کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. بۆیەشە لەسەر ئەو بنەمایە حازر بە دیالۆگین لەگەڵ هەموان و کاری لەسەر دەکەین و ئەو سیاسەتە ڕێنوێنیمان دەبێ.

**قەندیل پرێس:** کاک مستەفای هیجری لە دوایین چاوپێکەوتنی لەگەڵ بی‌بی‌سی فارسیدا باسی بوونی پێوەندی لەگەڵ پژاک کرد، ئایا ئێوە وەک حیزبی کۆمەڵە لەگەڵ پژاک پێوەندیتان هەیە؟ ئەگەر هەیە لە چ ئاستێکدایەو ئایا دەتوانین چاوەڕوانی پەیوەست بوونی پژاک بە ناوەندی هاوکاری بین؟

**عومەر ئیلخانیزادە:** بەڵێ هەم وەک ناوەند و هەم وەک کۆمەڵە پێوەندیمان لەگەڵ پژاک و دیکەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بووە. کاک مستەفاش مەبەستی ئەوەیە وەک ناوەند دانیشتنمان لەگەڵ پژاک هەبووە. ناوەند بۆ هاوئاهەنگی و دیالۆگ لەگەڵ هەموان ئامادەیە و ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە لە بزاوتی کوردستاندا بۆ لێکتێگەیشتن کار بکات. ئەوەی پژاک بێتە ناو ناوەندی هاوکاری دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری ئەو حیزبە، ئێمە خوازیارین هەموان لە ناوەند یەکبگرین، هەر نەبوو پێکەوە لەسەر پرسە هاوبەشەکان لە دیالۆگ و هاوئاهەنگی و هاوکاریدا بین.

**قەندیل پرێس:** وەکوو پرسیاری کۆتایی، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دیدارێک لە ژێر ناوی ژینا و ژیانەوە لە وڵاتی ئاڵمان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڕێوە چوو، شرۆڤەی بەڕێزتان لەم دیدارە چییە و ئەم دیدارانە چ کاریگەریەکیان لەسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟

**عومەر ئیلخانیزادە**: پێموایە کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتو بوو، یەکەم جارە ناوەند لەگەڵ پسپۆڕان و کەسایەتی سیاسی و ئاکادمیک بێتە ناو دیالۆگ. لەو بڕوایە دام کە پێویستە حیزبە سیاسیەکان لەو جۆرە هەنگاوە زیاتر بنێن و لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و روناکبیری و چالاکوانانی سەربەخۆ دیالۆگی زۆرتریان هەبێ. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمانا تێدەکۆشین ئەو جۆرە سمینار و کۆبوونەوە و دیالۆگانە بەرفراوانتر بێ و نەک هەر ناوەندی هاوکاری، بەڵکوو دیکەی حیزب و ڕوانگە و کەسایەتی و چالاکوانان بگرێتەوە و بۆی ئامادەین.

سەرچاوە دیواری فەیسبووکی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠٢٣

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمەی ٢٧٢٢ی کوردی = مارچی ٢٠٢٣ی زایینی**






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com